WARVIN.ORG



ئێرین هۆلیەن

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر. لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر. تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین. بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

سکرتێری نووسین. ئەرسەلان ڕەحمان arsalan.rahman@yahoo.com

ڕاوێژکاری یاسایی. فەوزیە فەقێ ڕەشید

ڕاوێژکاری دەروونی. د. توانا عەبدولڕەحمان

نامەدار: دیلار سەولەدار قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەغدا: حەلا ناسر دوبەی: سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

ناونیشان:
هەولێر – عەنکاوە/ گەڕەکی حەدیاب

بۆ ڕیکلام پەیوەندی بەم ژمارە یکەن:
mob: 07504624506
Normal: 0662647813
07507460824

warvin.press@yahoo.com

www.netewe.com

فراکسیۆنی کوردستانی بە سەپاندنی "دیکتاتۆریەتی زۆرینە" تۆمەتبار دەکرێت



دڵشاد شەهاب: مومکین نییە ئێمە بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکەین

وارڤین – تایبەت:

دوای هەڵبژاردنی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩، ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات و سێڵایەنی پرۆسەی سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان بوونە ئۆپۆزسیۆن و ئەوانە ئێستا فراکسیۆنی کوردستانی کە لیستی زۆرینەیە بەپەرەوکردنی «دیکتاتۆریەتی زۆرینە» تۆمەتبار دەکەن و لەبەرامبەریشدا پەرلەمانتاریکی زۆرینە دەڵێ «مومکین نییە بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکەین».

ڕۆژی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩ پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. لەئەنجامدا هەریەک لەلایەنەکانی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ وەک ٣لایەنی ئۆپۆزسیۆن ناو پەرلەمان دەرکەوتن. لەماوەی کارکردنیاندا لەپەرلەمان ئەو سێڵایەنە چەندین پرۆژەیاسایان پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە. بەشێکی زۆری ئەو پرۆژەیاسایانە بەپاساوی جیاجیا لەلایەن لیستی زۆرینەوە ڕەتکراونەتەوە وبەشێکیشیان تائێستا خوێندنەوەیان بۆنەکراوە.

عەبدوڵڵا مەلانوری، یەکێکە لەپەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان، لەبارەی پرسی دیموکراسی زۆرینەوە دەڵێ «لەبنەڕەتدا زۆرینەو کەمینە بەشێکە لەدیموکراتی و دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، زۆرینە دیوەخراپەکەی دیموکراسی بەکار دەهێنێ بۆ خۆی و پرۆژە یاساکانی ئۆپۆزسیۆن ڕەتدەکاتەکەوە. کەلەسەداسەد لەبەرژەوەندی خەڵکدان».

ئەوگوتیشی «زۆرینە بەکردار دەیەوێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە پەیڕەوبکات و هەستەکرێت ئیرادەیەک هەیە بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی بەئاقاری تاکحزبیدا بەرێت و هەمان ڕژێمی هاوشێوەی بەعس دروستبکاتەوە کە لەماوەی ٣٠ ساڵی حوکمڕانیدا جگە لەئەنفال، کیمیاباران، کوشتن و تۆقاندن هیچی دیکەی بەرهەمنەهێنا، هەرچەندە هیواخوازین ئەم ڕەوشە نەگاتە ئەو ئاستە».

بەبڕوای پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زۆرینە و جێگری سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە دڵشاد شەهاب، شێوازی کارکردن لەسیستەمی دیموکراتیدا دوو شتە: یەکەم فەراهەمکردنی ئازادی ڕادەربڕین و دووەم ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموان و ئەم دوو بنەمایەش لەپەرلەماندا بەوردی پەرەوپیان لێکراوە.

چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی عەلی کەریم، گەمەی دیموکراتی زۆرینەو کەمینە بەلایەنێکی ئەرێنی پرۆسەی سیاسی دەزانێ «گەمەی دیموکراتی هەندێک ستانداردی هەیە، لەوانە پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەنگ دیاریدەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، زۆرینەی پەرلەمانی بێ یاسایەک دەربکات و ئەو یاسایە لەدەرەوەی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت و بەهەڵە سوود لەپرسی زۆرینەی وەربگیردرێت بۆ تێپەڕاندنی».

ئەو چالاکوانە باسی لەپێناسەی نوێی دیموکراتی کردو گوتی «بەگوێرەی نوێترین پێناسەی دیموکراتی پێویستە هاوسەنگی لەنێوان خواستی زۆرینەو مافی کەمینەدا بپارێزرێت».

ئەو دەڵێ «دیکتاتۆریەتی زۆرینە لەدیموکراتییدا نییە، ئەوەی هەیە گەمەیە، ژمارە ڕۆڵی تێدا دەبینێ و نابێ لەدەرەوەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان زۆرینە بۆ ڕەگوڕپشاڵ داکوتانی دەسەڵاتی حزبێک یان بنەماڵەو لایەنێک بەکاربهێنرێت».

سەرگۆڵ قەرەداغی، وەک پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆن دەڵێ «ئێمە هەستمانکردووە کە پرۆژەکانمان ڕەتدەکرێنەوەو ناخرێنە بەرنامەی کارەوە، لەدیموکراتیدا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت ئایا ئەو پرۆژانەی پێشکەشدەکرێن چەندە



www.netewe.com

لەخزمەتی خەڵکن».

ئەوگوتی «مامەڵەی زۆرینە کە حکوومەتی پێکهێناوە بۆ پەکخستنی ئۆپۆزسیۆنەو مەبەستی زۆرینە لەرەتکردنەوەی پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە ئەو پرۆژانە نەبنە دەستکەوت بۆ ئۆپۆزسیۆن».

لەوەڵامی ئەو وتانەدا دڵشاد شەهاب، لەفراکسیۆنی زۆرینە دەپرسێ «ئەرێ بۆ هەموو ئەو پرۆژانەی کەمینە پێشکەشیدەکەن بڕیاربێت، کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بن، ئەی زۆرینە خۆی لەخۆیدا رەنگدانەوەی خواست و ویست و داواکاری زۆرینەی خەڵک نییە، ئایا زۆرینە بەدەنگی خەڵک نەبووەتە زۆرینە».

ئەو پرسیارەی دڵشاد شەهاب، پرسیاری دیکەی بەدوای خۆیدا هێناو پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری گۆڕانیش پرسیار دەکات و دەڵێ «ئایا زۆرینەی خەڵک دژی تاپۆی خانووە بێتاپۆکانە، ئایا زۆرینە دژی ئەوەیە حزبایەتی لەناو هێزە چەکدارەکان قەدەغە بکرێت؟»، ئەو دەڵێ «بەگومانم».

چالاکوانەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی نموونەی بەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان هێنایەوە کە ئۆپۆزسیۆن بەتوندی دژی وەستانەوە، بەڵام زۆرینە پەسندی کرد، عەلی کەریم، نەیدەگوت یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، بەڵکو ناوی لەیاساکە ناوە «یاسای بەرتەسککردنەوەی ئازادی خۆپیشاندان» و گوتی «تێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی، ناکۆکن لەگەڵ چەمکی ماف و ئازادییەکان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەپاساوی ئەوەی رای زۆرینەیە مەسەلەیەکی مەترسیدارە».

ئەو گوتیشی «زۆرینە مافی رەوای خۆیەتی حوکم بکات، بەڵام دەبێ رەچاوی پاراستنی هاوسەنگی مافی کەمینەش بکات».

دڵشاد شەهاب، بە راشکاوی باس لەوەدەکات فراکسیۆنەکەی راسپێردراوە بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی، لەهەڵبژاردندا بانگەشەی بۆکردووەو بۆ سەرخستنی پرۆژەی کەسی دیکە کار ناکات».

لەماوەی چوار مانگدا، پەرلەمانی کورد ستان تەنیا ٢٥ دانیشتنی ئەنجامداوە، واتە لە ١٢٠ رۆژدا تەنیا لە ٢٥ رۆژدا دانیشتن کراوەو لەو ماوەیەدا لەکۆی ٦١ پرۆژەیاساداتەنیا ١٩ پرۆژە بەرەتکردنەوەودواخستن و پەسندکردن چارەنووسیان یەکلابووەتەوە.

بەگوێرەی گوتەی دڵشاد شەهاب، ئۆپۆزسیۆن بوونی کارو بەرنامەی حکوومەت جیاوازە لەئۆپۆزسیۆن بوونی پەرلەمان. ئەو گوتی «کاتی خۆی ویستمان سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان دابەشبکەین، فراکسیۆنی گۆڕان رەتیانکردەوە سەرۆکایەتی لیژنەکان وەربگرن و ئەمەش وایکرد، واهەستبکرێت لێکتێنەگەیشتنێک هەیە لەنێوان زۆرینەو کەمینەدا».

ئەو گوتیشی «کاتێک ئەوان هۆڵی دانیشتنییان جێهێشتووە خۆم چوومە داواملێکردوون بگەڕێنەوە، یاخود داوام لەسەرۆکایەتی کردووە دانیشتنەکە رابگرێت تا دەگەڕێنەوە. ئایا ئێمە ئەگەر دیکتاتۆریەتی زۆرینەمان سەپاندبا هیچ دەرفەت لەوە خۆشتر هەیە تۆ بەبێ ئامادەبوونی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەکان تێپەڕێنیت».

هەروەها گوتی «فراکسیۆنی زۆرینە بەرگری لەخۆی دەکات و ئۆپۆزسیۆنیش دەیەوێ ئێمە بەرنامەی ئەو جێبەجێبکەین ئەوەش مومکین نییە، با ئەوان بڵێن ئەوە کەموکورتییەکانی زۆرینەیەو ئەگەر ئێمە بووینە زۆرینە ئەوا ئەو کەموکورتییانەمان نابێ و بەوشێوە چارەسەری دەکەین نەک بێن بیانەوێ زۆرینە بخەنەژێر رکێفی خۆیان». بەپێچەوانەی رای پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن، دڵشاد، باسی لەوەکرد، هەبوونی زۆرینەو کەمینە لەپەرلەماندا مانای رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتە.

پەسندکردنی یاسای خۆپیشاندان، یاسای بودجەی ساڵی رابردوو، برگەی جێندەر لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری، یاسای پێشینەی هاوسەرگیری، تەرخانکردنی مووچە بۆ کابانی ماڵ، دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بەپرۆسەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، پرۆژەیاسای رەشنووسی دەستووری هەرێم، ئەو پرۆژەیاسایانە بوون کە زۆرترین ناکۆکییان لەبارەوە دروست بوو.

لەوڵاتانی دیموکراتیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەنگ و رێژە باری پەسندکردن و رەتکردنەوەی پرۆژەیاساکان یەکلادەکاتەوە، بەڵام وەک ئەوەی مامۆستای زانکۆ عەبدولقادر شەریف، شارەزا لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان باسیکرد، لەوێ «دەنگی زۆرینە مانای رەتکردنەوەی دەنگی کەمینە نییە، بەوپەڕی رێزەوە گوێ لەدەنگی کەمینە دەگیردرێ و زۆرجار زۆرینە پرۆژەی کەمینەی پەسندکردووە».

ئەو گوتیشی «کاتێک لایەنێک دەچێتە پەرلەمانەوە ئیدی پێویستە بەهەستی نیشتمانی بیربکاتەوە، نەک بەگوێرەی بەرژەوەندی حزبەکەی خۆی و ئەو پەرلەمانتارانەش پێویستە بەرژەوەندی گشتی بخەنە پێش بەرژەوەندی خۆیان و حزبەکانیان، چونکە ئەوان لەو پێگەیەدا نوێنەرایەتی هەموان دەکەن».

گوتیشی «گرفتەکە ئەوەیە، رەچاوکردنی بەرژەوەندی تەسک و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندی گشتی ململانێیەکە لەشێوە ئەخلاقییەکەیەوە دەباتەدەر، ململانێیەکە دەبێتە رکابەری لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خودیی کەواتە پرۆژە جوانەکانی کەمینە رەتدەکرێنەوەو دەبنە قوربانی ئەو ململانێیە».

دڵشاد شەهاب، رەخنەی لەئۆپۆزسیۆن گرت و گوتی «ئەوان جگە لەو پرۆژانەی ئەرکی ماڵی دەخەنە ئەستۆی حکوومەت هیچی دیکەیان پێشکەشنەکردووە، ئەوەش کارێکی ئاسانە، چونکە دواجار پارەبەخشینەوە بەبێ لێکۆڵینەوەو رەچاوکردنی بودجەی گشتی هەموکەس دەتوانێ پرۆژەی بۆ پێشنیاز بکات، بۆیە پرۆژەکانیان بێتوێژینەوەن و تەنیا داوای پارەن».

گوتیشی «ئاسانە داوا بکەی باموچەی مامۆستایان سەداسەد زیادبکرێت، باموچەی فلان زیادبکرێت، باپارە بۆ فلان توێژ تەرخانبکرێت، ئەگەر وابکرێ هەر خودی ئۆپۆزسیۆن دێ دەڵێ حکوومەت پارە تەخشانوپەخشان دەکات». مامۆستا عەبدولقادر، ئەوەی بیرهێنایەوە، ئەگەر سیاسەت بەرق و کینە بکرێت، پێیناگوترێت سیاسەت و گوتیشی «زۆرینە نابێ تەنیا لەبەرئەوەی زۆرینەیە هەموو شت بەئارەزووی خۆی بکات و رەچاوی مافی کەمینە نەکات، چونکە ئەمە رەوشەکە بەرەو دیکتاتۆریەت دەبات و کارەساتی لێدەکەوێتەوە». گوتیشی «ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لەکۆمەڵگەو سیاسەت بەرق و کینە ناکرێت». ململانێی نێوان ئۆپۆزسیۆن و زۆرینە بەردەوامەو ئەگەری ئەوە هەیە لەپرسە خزمەتگوزارییەکاندا و پرسی ئەو یاسایانەی هەستیاریان زۆرترە ململانێی زۆرینەو کەمینە تووندتر ببنەوە.

ئەرسەلان رەحمان



٣ وەزیری ژن لەکابینەی نوێی عێراق دادەنرێت

لەهەولێرەوە گوشارەکانی ژنان بۆسەر



ئیرین هۆلیەن

وارڤین – هەولێر:
پەرلەمانتارێکی ژن لەمیانەی بەشداریکردنی لەکۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنان لەهەولێر، بۆ وارڤین ئاشکرایکرد، بەهۆی گوشارەکانی ژنان بۆسەر کابینەی نوێی عێراق، وا بڕیارە مالکی ٣ وەزارەت بەژنان بدات. هاوکات بەڕای بەشداربووان، کۆنفرانسەکە دەبێتە گوشارێک تاحکوومەتی عێراق بایەخ بەپرسی ژنان بدات.

لەڕۆژانی (٢٨-٢٧)- ١- ٢٠١١ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەژێر ناونیشانی «ڕۆڵی ئافرەتان لەبنیاتنانی ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لەعێراق» لەهۆڵی سەعد عەبدوڵای شاری هەولێر دەستی بەکارەکانی کرد. ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە تایبەت بوو بەڕۆڵی ئافرەت لەبنیاتنانی ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لەعێراق و ئامانجە سەرەکییەکانی کۆنفرانسەکە دابەشی سەر چوار لێژنە کران: لێژنەیەکییان تایبەت بوو بەبەشداری سیاسی ژن. دووەمییان تایبەت بوو بەیەکسانی لەبەرامبەر یاسا. سێیەمیشیان تایبەت بەئاشتەوایی ولێپرسینەوەو توندوتیژی. چوارەمیان تایبەت بوو بەڕۆڵی ئافرەت لەژیانی گشتی ودەزگاکانداو لەو لێژنانەدا زیاتر لە ١٠٠ پەرلەمانتاری عێراقی و کوردستانی و ئەوروپی و نوێنەرانی کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی ونەتەوە یەکگرتووەکان وجێگری سیناتی ئیتاڵیاو نوێنەران و کەسایەتی عەرەبی وئەفریقی وئەوروپی ورێکخراوە ناحکومییەکان و بەدەیان کەسایەتی دیکەی نێودەوڵەتی لەئاستی جیاجیادا بەشداریان تێدا کرد.

بەشداری ژن لەعێراقی نوێدا

لەدیدی کونسوڵی فەرەنسا لەهەرێمی کوردستان د. فرێدریک تیسۆ بۆ وارڤین، کۆنفرانسەکە بۆ ژنانی هەرێم و عێراق جێگەی بایەخە، کە سوود لەو کەسایەتە دەبینرێت لەوڵاتانی بیانییەوە بەشداریانکردووە «نابێ تەنیا گوتار پێشکەشبکرێت، دەبێ ئەو قسانەی دەکرێ بکرێتە پراکتیکی و وەک ڕەشنوسێک لەلایەنی پەیوەندیدارەوە بەهەند وەربگیردرێت». تیسۆ دەڵێ «هەرچەندە بارودۆخی ژن لەهەرێمی کوردستان و عێراق باش نییە، هۆکارەکەش ئەوەیە پیاو ڕێز لەژن ناگرێت و هەروەها لەلایەن دەسەڵاتیشەوە ژنان لەسەرجەم بوارەکاندا بەشداریان پێنەکراوە، بەڵام ئەگەر ژنان گوشارەکانیان بخەنەسەر حکوومەت و پەرلەمان، ئەوا حکوومەت ناچار بەوەدەبێت، کە بایەخ بەژنان بدات». هاوکات جێگری سەرۆکی ئینستیتۆی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی واشنتن دی سی خاتوو ئیرین هۆلیهەن، کە بەشداربوویەکی کۆنفرانسەکە بوو بۆ وارڤین گوتی «پێشتر سەردانی بەغدام کردووەو ئێستاش یەکەمجارە سەردانی هەرێم دەکەم، لەهەرێم ئومێدی پێشکەوتن بۆژن هەیە، دەبینم ڕێژەیەکی باشی ژن لەپەرلەمان هەن. پێویستە حکوومەتی عێراق پۆستی باڵا بەژنان بدات و ژنانیش لەگوشارەکانیان بۆ سەر حکوومەت بەڕێگەی یاسایی و بنەماکانی دیموکراسییەوە بەردەوامبن». لای خۆیەوە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا بەیان سامی عەبدولرەحمان دەڵێ «بایەخی ئەو کۆنفرانسە لەوەدەبینم کە ڕۆڵی ئافرەت لەهەرێم و بەغدا بەرز دەکاتەوەو کاتەکەشی گونجاوە، چونکە کابینەی عێراق گلەیی لێدەکرێت بەوەی یەک پۆستی وەزاری بۆژن هەیە».

یەکسانی لەبەرامبەر یاسا

پەرلەمانتاری عێراق لەدەوڵەتی یاسا، عەلی شێخ زاری بۆ وارڤین گوتی «بۆ بنیاتنانەوەی عێراق لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، پێویستە ژن بەهاوبەشی لەگەڵ پیاو ئەو ڕۆڵەی پێبدرێت و ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنفرانسەش ئەوەیە، کەدەبێ ژن بەشداربیەکی بەهێزیان لەدامەزراوەکانی عێراقدا پێبکرێت. هەروەها

کابینەی مالکی بەنێو دەوڵەتی کران



د. عەلی شێخ رازی



ئالا تاڵەبانی



بەیان سامی عەبدولڕەحمان

دەوڵەت پارێزگاریکردن لەمافی ژنان لەئەستۆ بگرێت، کەتا ئێستا کەمتەرخەمی بەرامبەر بەژنان هەیەو لە یاسادا جیاوازی بە ژن و پیاو نەکرێت».

ئینستیتۆی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی واشنتن دی سی بەشداریەکی کارای لەو کۆنفرانسە هەبوو. جێگری سەرۆکی ئەو ئینستیتۆیە خاتوو ئێرین هۆلیهەن تایبەت بۆ وارڤین گوتی»پێویستە ناوەڕۆکی ئەو کۆنفرانسە لەلای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بەهەند وەربگیردرێت و لەرووی یاساییەوە کاری لەسەر بکرێت، چونکە کاتی ئەوە هاتووە هەرێم و عێراق بایەخ بەژنان لەحکوومەت و دامەزراوە مەدەنی سیاسی و ئابووریەکانیان بدەن. وەک چۆن ماف بۆ پیاو هەیە بەشداری لەبواڕەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەبێت بۆ ژنیش بەهەمان شێوە هەبێت و بخرێتە چوارچێوەی یاسا تاجیاوازی بەژن و پیاو نەکرێت».

ئاشتەوایی ولێپرسینەوەو تونداوتیژی

شێخ خالید عەتیە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەمیانەی ئەو کۆنفرانسەدا دەڵێ «بەگوێرەی دەستووری هەمیشەی عێراقیش دەبێ بایەخ بەژنان بدرێت تاوەک پیاو بەشداری لەبنیاتنانەوەی عێراقدا هەبێت. ناکرێت تەنیا بەدڕووشم باس لەڕۆڵ و توانای ئافرەت بکرێت «باروودۆخی کۆمەڵایەتی عێراق ڕێگر نییە، لەبەردەم پێشکەوتنی ژن لەعێراقدا، بۆیە دەبێ ئافرەت لەپۆستەکانی حکوومەت و دەوڵەتدا بەشداری پێبکرێت، بێئەوەی ئەو بەشداریە بۆ مەرجعی ئاینی بگەڕێتەوەو ڕێگە لەگرتنەبەری هەر جۆرە تونداوتیژیەک دژی ژنان بگیردرێت». بەیان سامی عەبدولڕەحمان دەڵێ «لەدیدی پەرلەمانتارانی بەریتانیاییەوە ئەوانەی خۆیان بەدۆستی کورد دادەنێن و سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، دەڵێن لەهەرێم بەبەراورد لەگەڵ عێراق دیموکراسیەت هەیەو ژن هێزی هەیە، هاوکات ژنان لەپەرلەمان بوونیان هەیە، بەڵام لێدان لەژن و خەتەنەو کوشتنی ژن بەناوی ناموسیش هەیە، ئەمە دەبێ کاری لەسەر بکرێت. بۆیە ئەو جۆرە کۆنفرانسانە بۆ نەمانی تونداوتیژی و بەهێزکردنی پێگەی ژن لەهەرێم و عێراق بەگرنگ دادەنرێت».

ژن لەژیانی گشتی و دەزگاکاندا

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئالا تاڵەبانی ئامانجی ئەو کۆنفرانسەی بۆ پاڵپشتی چالاککردنی ژنان ڕاگەیاندو گوتی «پێداگرین لەوەی، دەبێ ژن بەشداریەکی چالاکی لەپۆستە باڵاکانی عێراق و دامەزراوەکاندا پێبکرێت». هەورەها گوتی «بەگوێرەی ئەو گوشارەی، ئێمە لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەیخەینە سەر کابینەی مالکی بەو هۆیەوە مالکی بڕیاریداوە، کە ٣ وەزیری ژن لەو کابینەیە هەبێت و وەزارەتەکانیش وەزارەتی دەوڵەتن». پەرلەمانتار لە دەوڵەتی یاسا د.عەلی شێخ زاری دەڵێ پرۆسەی سیاسی لەعێراق بەرامبەر بەژن کەمتەرخەمی هەیەو پێویستە دەوڵەتی عێراق هەنگاو بۆ دانانی ژن لەپۆستە باڵاکان بهاوێژرێت «مالکی بایەخ بەژنان دەدات و پیاو و ژن وەک یەک لەموماڕەسەی سیاسەت دادەنێت، بۆیە ئومێد دەکرێت لەو کابینەیەدا ژنان ڕۆڵی کارا بگێڕن و وەزیری ژن زیاد بکرێت».

جێی ئاماژەیە، ناوەڕۆکی ئەو کۆنفرانسە کرایە چەند ڕاسپاردەیەک و ئاراستەی دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان کران.



سونگوڵ چەبوک لەدیمانەیەکی وارڤیندا

داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکەم جێگرێکی ژنی هەبێت

وارڤین-تایبەت:

سونگوڵ چەبوک راوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق پێشنیازکراوە، لەگفتوگۆیەکی تایبەتی وارڤین داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، جێگرێکی ژنی هەبێت، هەروەها بۆچوونی خۆی لەبارەی چەندین پرسی دیکەی ژن لەعێراق و هەرێمی کوردستان، خستەڕوو.

خاتوو سونگوڵ چەبوک بەنوێنەرایەتی گەلی تورکمان لەعێراق لە ٢٧ مانگی رابردوو، بەشداری لەکۆنفرانسی ژنان لەهەولێر کرد، لەمیانەی گفتوگۆیەکی وارڤیندا ئەو کۆنفرانسەی بۆ چالاککردنی رۆڵی ژن لەعێراقدا بەجێگەی بایەخ وەسفکرد.

بەڵام ئەو ژنە پەرلەمانتارە نیگەرانی خۆی لەکابینەی نوێی حکوومەتی عێراق دەربڕی بەهۆی ئەوەی ژن تێیدا فەرامۆشکراوەو گوتی «دوای تێپەڕبوونی ٦ ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی پێشووی بەعس لەپێکهێنانی کابینەی نوێی عێراقدا یەک وەزارەت بۆ ژن دانراوە، ئەویش وەزارەتێکی دەوڵەتە بەبێ رەچاوکردنی تایبەتمەندی بۆ ژن، ئەمەش ستەمە، چونکە ژن لەلوتکەی هەڕەمی سیاسی عێراق بێبەشکراوە».

وەک باسیکرد، ئەو کۆنفرانسەی هەولێر بۆ گرنگیدان بەژن پێویستە، تالێرەوە کۆدەنگیەک هەبێت و بگوترێت ژنیش هاوبەشی لەگەڵ پیاودا هەبێت و رۆڵی لەعێراقی نوێدا پێبدرێت. سونگوڵ لەدەربڕینی نیگەرانییەکانی بەردەوام دەبێ و رووی رەخنەی ئاراستەی حزبەکانی عێراق دەکات و دەڵێ «لەهاوکێشەی حزبەکانی سیاسی عێراقدا ژنێک بۆ جێگری سەرۆک حزبێک دانەنراوە، یان نەبووەتە سەرۆک، بەحزبەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیەحزبەکان بۆ حکوومەت لەبری ژن پیاو پێشنیاز دەکەن و بە سیستەمی حزبایەتی بیر لەژن دەکەنەوە».

لەمیانەی گوتەیەکدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق شێخ خالید عەتییە گوتی «کۆمەڵگەی عێراقی لەبەردەم پێشکەوتنی ژن رێگر نییە». لەوەڵامی ئەو گوتەیەدا سەنگوڵ چەبوک گوتی «ئێمە لەکۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی دەژین و بەدرێژای مێژوو دژایەتی ژن کراوە، بۆیە کۆمەڵگەی عێراقی رێگری زۆری لەبەردەم ژن کردووە».

ئەو پەرلەمانتارە ژنە لەدرێژەی قسەکانیدا بایەخی هەرێمی کوردستانی بەژنان بە»هەنگاوێکی پیرۆز» دەزانێت، بەڵام ئەو بۆ زیاتر پێشکەوتنی ژن لەو هەرێمەدا داوای ئەوە دەکات ژنان پۆستی باڵایان پێ بدرێت و لەو بارەیەوە گوتی «داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکەم ژنێک لەپۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دابنێت، یان جێگری سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی وەزیران بدرێنە ژنان». وەک ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەیدا زیادبوونی رێژەی ژن لەپەرلەمان یان پێدانی وەزارەتێکی خزمەتگوزاری بەژن هەنگاوێکی سەرەتاییە، ئەو لەو بڕوایەدایە «پێویستە ژن لەوەزارەت و پۆستی باڵا دابنرێت». لەبارەی سیستەمی کۆتا، کەئێستا لەناو حزبەکان و پەرلەمان بەمەبەستی پێشخستنی ژنان پەیڕەوی لێدەکرێت، لەلایەن هەندێک لەچالاکوانانی ژنەوە پشتیگیری لێدەکرێت، بەڵام ئەو ژنە راوێژکارە دژی پەیڕەو کردنی سیستەمی کۆتایەو لەو بارەیەوە دەڵێ «لەگەڵ کۆتا نیم و کۆتا رەتدەکەمەوە، چونکە لایەنی لاوازی ژنی پێنیشاندەدرێت، هەروەها زۆری رێژەی ژن گرنگ نییە، گرنگ رۆڵ و جۆری ئەو ژنەیە، کەرۆڵی پێدەدرێت و شایستەی ئەو پۆستەیە، ئەمڕۆ ئەوە بوونی نییە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ژن لەگەڵ پیاو هابەشبکرێت».

لەبارەی جێندەرو چەسپاندنی پڕۆژەیاسایەکی لەو جۆرەوە،چەپوک دەڵێت «رەگەزی ژن و پیاو جیاوازە، من لەگەڵم یەکسانی ژن وپیاودام نەوەک ئێمە بڵێن پیاوین». ئەو لەبارەی هێرشی مەلاکان بۆ سنووردا‌کردنی ئازادی ژن و قەدەغەکردنی چالاکی رێکخراوەکانی ژنان لەکۆمەڵگە دەڵێت «لەکۆمەڵگەی عێراقی هەندێ لەمەلاکان، کەحزبی ئیسلامی سیاسین هێرشدەکاتە سەر ژن، بەبێ ئەوەی بزانرێت، کەژن لەروانگەی ئاینیشەوە لەگەڵ پیاو هاوبەش بووە. لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلام ژن شان بەشانی پیاو بەشداری لەجەنگ کردووە، کەواتە ئاین رێگری لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ژن درووست نەکردووە، بەڵام حزبە ئیسلامییەکان بەمەبەستێکی سیاسی دەیانەوێ رێ لە ئازادی ژن بگرن، لەسەدەی ٢١ یشدا دەژین، شورەییە باس لەرێگرتنی ئازادی ژن بکرێت».

لەبارەی دەستخستنە ناو کاروباری عێراق لەلایەن سعودیەو ئێرانەوە بەتایبەت کەهانی مەلاو حزبە ئیسلامییەکان دەدەن تادژی ژن هەنگاو بنێن، سونگوڵ گوتی «هەندێک دەوڵەتی دراوسێ وەک سعودیە لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی بۆ ژن حەرامکردووە، بەهەمان شێوە پێیخۆش نییە، ژن لەعێراقدا شانبەشانی پیاو هەنگاو بنێت و ئازاد بێت. ئێرانیش، کەدەوڵەتێکی ئیسلامییە ئەو پێشکەوتنەی ژنانی عێراقیان پێ ناخۆشەو دژایەتی دەکەن».

نهێنییەکانی ئەو پارتەی کە تێزابی بەدەموچاوی ژنانداد دەڕشت

حزبوڵڵا: بکوژی هەزاران کورد



ئەندامانی حزبوڵڵا سەرەڕای ناڕەزاییەکانی کورد ئازاد کران فۆتۆ: ئەنەفە

وارڤین – تایبەت:

رێکخراوی حزبوڵڵا کە لەژێر بانی دەوڵەتی تورکیا دا دامەزراو بەهەزاران کوردی کوشت، رۆژەڤی یەکەمی میدیاکانی تورکیایە. پێشەنگەکانی حزبوڵڵا کە دەستیان بەخوێنی کوردان سوورە ماوەی ١٠ ساڵە لەگرتووخانەکانی تورکیادا بوون، ئازاد کران. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین ئەو کەسانە ئێستا دیار نین و دەگوترێت رووبان لەئێران کردووە.

وارڤین، لەبارەی رێکخراوی حزبوڵڵا کە لەساڵانی ١٩٩٠ دا بەهەزاران کوردی وڵاتپارێزی کوشت و لەلایەن دەوڵەتی تورکیاشەوە پارێزرا، دۆسیەیەکی ئامادە کردووە کەلە دووبەش پێکدێت. پاش ئەو دۆسیەیە هەموو خوێنەرانی وارڤین لەراستی حزبوڵڵا، رەوشی ژنی کورد لەو سەردەمەدا و رەوشی بزووتنەوەی کورد لەباکوو دەگەن.

حزبوڵڵا، بۆ کوردی باکووری کوردستان واتای کوشتن، خوێن و کردنی ماڵەکانیان بەگۆڕستان دەگەیەنێت. یەکەمینجار ناوی حزبوڵڵا، لەتورکیا لەساڵی ١٩٧٩ دا بیسترا. ئەو رێکخستنە بەسەرۆکایەتی حسێن وەلی ئۆغلۆ، لە باتمان لەدەوروبەری کتێبخانەی «عیلم» دەستی بە تێکۆشانی رێکخستنی خۆی کرد. ئەو رێکخراوە کە خۆی لەسەر بنەمای حەساسیەتە دینییەکانی کورد بەرێکخستن دەکرد، پاش ساڵانی ١٩٨٠ بڕیاری شەڕی چەکداری دا. ئەو کەسانە لەهەمبەر پارتی کرێکارانی کوردستان و لایەنگرەکانیدا دەستیان بەشەڕی چەکداری کرد. حسێن وەلیدئۆغلۆ، لە کەرەجەوسی باتمان و لەبنەماڵەیەکی کورد دا لەدایکبوو، لەهەشتاکاندا کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرەی خوێندبوو. وەلیدئۆغلۆ، ئەندامی»یەکێتی خوێندکارانی تورک» بوو و ئەو رێکخستنە لەدژی کورد و کۆمۆنیستەکان خەباتی دەکرد.

«ئەگەر نەگەڕامەوە گەردنم ئازاد بکەن»

حزبوڵڵا، بەرلە کودەتای سەربازی ١٩٨٠ لە تورکیا دامەزرابوو، ١٠ ساڵ بێدەنگ بوو. لەنەوەدەکاندا کاتێک پەکەکە لەباکووری کوردستان بەهێزبوو و لەفرەیەک لەشارە کوردییەکان «هەرێمی رزگارکراوی» راگەیاندبوو، جارێکی دی گەڕایەوە سەر شانۆ. لەشارەکانیش لەژێرناوی ژیتەم (دەزگای هەواڵگری سەربازی سوپای تورکیا) بەشێوەیەکی بکەر نادیار لایەنگرانی پەکەکەی دەکوشت. لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەت لەدژی پەکەکە ئۆپەراسیۆنی زۆر بەرفراوانی بەڕێوەدەبرد، بەڵام نەیدەتوانی هێزی پەکەکەو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی کورد ببڕێت. بۆیە دەبێ رێگەیەکی دیکەی گرتبایەتەبەر. ئەو رێگەیەش سیاسەتی»سەگ لە سەگ بەردە»بوو. واتە لەبەرامبەر پەکەکەدا دەبێ هێزێکی کورد و مەزهەبی بەکارهێنرابایەت. ئەوەش حزبوڵڵا، بوو. لەنەوەدەکاندا هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ژیتەم هێرشی حزبوڵڵایش دەستی پێکرد. لە ئامەد، ئەلیهە، مێردین، شێرنەخ و ناوچەی فارقینی جزیرە، رۆژانە لەکۆلانەکاندا بەدەیان کورد دەکوژران. حزبوڵڵا لەدژی ژنانی کوردیش دەستی بەهێرش کرد. ئەو ژنانەی کە سەردانەپۆشراوبوون و پانتۆڵ و تەنوورەیان لەبەردەکرد، لەلایەن حزبوڵڵاوە بەرەوڕووی هێرش دەبوونەوە. ئەندامانی حزبوڵڵا، بەبیانووی ئەوەی سەریان دانەپۆشیوە، لوت و گوێی هەندێک ژنیان بڕی. لەهەندێک شوێنانیش تێزابیان بەپێ و دەموچاوی ژناندا دەڕشت و دەیانسووتاندن. وایلێهاتبوو کە ئیتر لەباکووری کوردستان کەس نەیدەتوانی بێتەدەرەوەو ئەوانەیش کە دەهاتنەدەرەوە بەئەگەری ئەوەی کە نەگەڕێنەوە ماڵ داوای «گردنئازادی»بیان لە بنەماڵەیان دەکرد. کاتێک کاتژمێر ٥ ی ئێوارە دەهات، هەموو کۆلانەکانی شار



گۆڤاربەراز.. جۆرێک لە ئەشکەنجەکانی حزبوللا

لەترسدا چۆڵ دەبوون.

گوندەکانیان کردە بارەگا

ئەوکاتانە گوندی سۆسای سەربە ناوچەی فارقینی ئامەد وەک ئەفسانەیەکی پڕلە ترس و خۆفی لێهاتبوو و خەڵکی لەناوهێنانی دەترسان. حزبوڵڵا، لەو گونده بەرێکخستن دەبوو و وەک بارەگا بەکاریدەهێنا. ئەو ئەندامانەی کە لەو گونده پەرەوەردە دەکران، دەبوونە قاتڵ و بەدوای کوشتنی وڵاتپارێزانـدا دەگەڕان. نەتەنیا وڵاتپارێزان بەڵکو، پەرلەمانتار، سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسانی کوردیش ببوونە ئامانجی حزبوڵڵا. لەبەرئەوەش کورد ناوی»حزبی — کۆنترا»یان لێ نا. چونکە پاش هەر کوشتنێک، بکوژ ئازادانە لەشوێنی رووداوەکە دووردەکەوتەوەو دەستگیرنەدەکرا. زۆرێک لەو کوردانـەی کە لەوکاتانەدا دەسـتگیردەکران، دەیانگوت کە لەناو هێزە تایبەتییەکانی پۆلیسـدا حزبوڵڵاییەکانیان بینیوەو لەوێ پەرەوەردەکراون.

دەستگیرکردنی ئۆجەلان و ئۆپەراسیۆنی حزبوڵڵا

پاش ئەوەی رێبەری پەکەکـە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە ١٥ی شـوباتی ١٩٩٩دا لە کینیا دەسـتگیرکراو هێنرایەوە تورکیا، چیتر دەوڵەت پێویستی بەحزبوڵڵا نەما. بۆیە بەپێی قسەی شـارەزایان پاش گرتنی ئۆجەلان ئیتر پەکەکە هەڵدەوەشایەوەو تێکدەچوو. لەبەرئەوەش دەوڵەت بڕیاریدا کە هاوکاری خۆی بۆ حزبوڵڵا رابگرێت. سالّی ٢٠٠٠ لەبەیکۆزای ئەستەنبوڵ لەدژی مالّی رێبەری حزبوڵڵا، حسـێن وەلیدئۆغلۆ، ئۆپەراسیۆنێک ئەنجامدراو لەو ئۆپەراسیۆنەدا حسێن کوژرا. هەموو بەڵگە، ئەرشـیف و دۆکیۆمێنتەکانی حزبوڵڵا، لەمالّی حسێندا دەستی بەسەردا گیرا. لەو دۆکیۆمێنتانەدا ئاسـتی وەحشییەت و کوشتنەکان بەشێوەیەکی روون ئاشکرابوو.

تەرمی مرۆڤ لەناو سەلاجەکاندا دۆزرایەوە

دوو رۆژ بەرلە ئۆپەراسـیۆن لـەدژی وەلیدئۆغلۆ، یەکێک لەسەرۆکەکانی ئەو رێکخراوە ئەدیپ گۆمۆش، دەسـتگیرکرابوو و بەهۆی دانپێدانانەکانی ئەوەوە پۆلیس هەڵیانکوتایەسـەر مالّێک. لەهەر بستێکی ئەو مالّـەدا تەرمی مردوو دەبینرایەوە کە حزبوڵڵا، کوشـتبوونی و لەژێرخاکی شـاردبوونەوە. سەری هەندێک لەکۆژراوەکان بزمارپێژ کرابوو. لاق و دەستی هەندێکیان شکێندرابوو. پاش ئەوەش ئۆپەراسیۆن لەدژی حزبوڵڵا لەئامەد، باتمان، ئەستەنبوڵ، کونیە، ئەنکەرە، مێرسین وگەلەک شوێنی دیکە دەستیپێکرد. لەهەموو مالّەکاندا تەرمی کوژراوی بەژێرخاکەوەکراو و چیمەنتۆکراویان دۆزییەوە. لەئەنجامی هەڵکوتانەسەر مالّێکدا لە ئامەد دەستبەسەر سەلاجەیەکدا گیرا کە کلیلێکی تایبەتی هەبوو. ئاشـکرابوو، حزبوڵڵا بۆ ئێعتیرافوەرگرتن بەکاریهێناوە. ئەو کەسـانەی کە تەرمەکانیان لەو مالّەدا دۆزرایەوە بەئەشکەنجە»گۆگا بەراز» کوژرابوون. لەو جۆرە ئەشکەنجەیەدا چۆکی مرۆڤ دەچەمێننەوەو سـەری دەخە ناو لنگیان و دەسـتوپێیان بەگردنیانەوە گرێـدەدەن و مەخدور بەوشـێوەیە ناتوانێ خۆی بجووڵێنێتەوە. یەکێک لەهۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو شێوازە ئەشکەنجەیە ئەوەیە کە بەوشێوەیە مرۆڤ زۆر بچووک دەبێتەوەو شاردنەوەی تەرمەکەی ئاسانتر دەبێت.

کوشتنی پەرلەمانتاری کورد مێهمەت سینجار

لەدۆسیەی ژنەڕاڵی قەیسەرییە جەمال تەمیسۆز دا کە ئێستا دەستگیر کراوەو لەئامەد دادگایی دەکرێت، لەبارەی پەیوەندییەکانی حزبوڵڵا و دەوڵەتەوە زانیاری گرنگ ئاشکرابوون. شایەتێک لە دادگاکەو لەمیانەی ئیفادەکانی خۆیدا ئاشـکرای کرد، ئەو جەردەڤان و ئەندامانەی ژێتەم کە لایەنگرانی پەکەکەیان دەگرت، بۆ لیپرسـینەوە رادەسـتی حزبوڵڵایان دەکردن. حزبوڵڵایش لەگوندی باسیسک (قوشتەپە)ی جزیرەی شـێرنەخ لێیاندەپرسینەوەو پاشـان بەئەشکەنجە دەیانکوشـتن. لەئیدیعانامەکانـی ٦مـین دادگای سزا قورسـەکانی ئامەد، ئاشکرابوو لەسالّی ١٩٩٣ پەرلەمانتاری پارتی دیموکراسـی (دەپ) مێهمەت سـینجار، لەلایەن حزبوڵڵاوە لەباتمـان کوژراوە. بەپێی ئەو بەڵگەنامانە لەلایەن ئەندامێکی حزبوڵڵاوە بەناوی موسا ئۆزەر، بڕیاری کوشتنی دراوە. بەپێی بەڵگەنامەکان مێهمەت سینجار، لەلایەن کەسانێکەوە بەناوی نهێنی رەفعەت دەمیر و حوسێن کوژراوە.

پارێزگاری باتمان چەکی بۆ حزبوڵڵا کرێوە

سەردەمی سەرۆکوەزیری تانسۆ چیللەر، پارە بەنهێنی بۆ کرینی چەک سەرفکراوەو چەکەکانیش رەوانەی باتمان کـراون. پارێزگاری ئەوکاتی باتمان سـالح شارمان بەتۆمەتی ئەوەی کە چەکی داوەتە حزبوڵڵا بۆ کوشـتنی لایەنگرانی پەکەکە لەسـاڵی ١٩٩٧ دا دەسـتگیر کراوە. شـارمان، رەتیکردەوە، بەڵام هاوکات لەسەرانسـەری تورکیا رۆشنبیران گوتیان کە ئەو چەکـی داوەتەوە حزبوڵڵا. پەیوەندییەکانی نێوان حزبوڵڵاو دەوڵەت لەراپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی کوشتنە بکوژ نادیارەکانی پەرلەمانی تورکیادا شوێنی خۆیان کردەوە. بەپێی راپۆرتەکە هەندێک لەئەندامانی حزبوڵڵا، لەپەکینەو بڕیارگەی سوپای تورکیادا هاتوونەتە پەروەردەکردن و گەلەک کوشـتنی بکوژ نادیار لەو شـوێنانەدا پلانیان بۆ داڕێژراوە.

بکوژانی کورد ئازاد کران

رێبەرانی حزبوڵڵا، جەمال تاتور، ئەدیپ گومۆش و ئەندامی رێکخستن مەهموت قارۆل، عەبدولکەریم کایا، موسـتەفا ئیپەک، مەحموت دەمیر، سینان یاکوت، سەیموس کینای، کەمال گولسەن و فوئاد بالجا کە لەئۆپەراسیۆنەکانی ٢٠٠٠ دا دەستگیرکرابوون، ٢٠ رۆژ لەمەوپێش ئازاد کران. بەپێی زانیارییەکانی وارگین ئەو کەسانە دەبوایە هەموو رۆژێک بۆ کۆنترۆڵی دادوەری بچنە بنکەی سـەربازی و واژۆ بکـەن، بەڵام ئەوان لەرۆژی یەکەمەوە کە ئازادبوون شـوێنیان نادیارەو کەس نازانێ لەکوێن. بەپێی هەندێک سەرچاوە کە بۆ وارگین قسەیان کرد و نەیانویست ناویان ئاشکرا بکرێ»ئەوانە چوونەتە ئێران».

نەجیبە عومەر: حکوومەتی هەرێم چاوپۆشی لە لەشفرۆشی دەکات



نەجیبە عومەر　　فۆتۆ: وارڤین

بەشی یەکەم

وارڤین – تایبەت: ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجوومەنی ژنانی ئازادی نەجیبە عومەر، دەڵێ کۆمپانیاکانی کار، بازرگانی بە ژنانەوە دەکەن.

وارڤین: **بازرگانیکردن بەژنان چییە. وەک چەمکی گشتی؟**

– **نەجیبە:** بازرگانیکردن بەژنانەوە خۆی لەبنەمادا سەرچاوەکەی ئەو عەقڵیەتەیە کە ژنی کردووەتە کاڵا، ئەویش بەرهەمی سیستەمی سەرمایەداری مۆدێرنیتەیە کە بوونی ژن لەتەوقی سەری تابنی پێی دەخاتە بازاڕەوە ئەوەی حیسابی بۆ ناکات عەقڵ و روحی ژنە. ئێستا لەچوارچێوەی سەرمایەداریدا ئەو پرسە بەسیستەم کراوە. لەشێوازەکانیدا ژن بەکاردەهێنێت بۆ ڕێکلامکردن و زیادکردنی سەرمایەی سیستەمەکەی، بۆئەوەی ژن لەهەموو بەهاو تواناکانی دووربخرێتەوەو وەک ئامرازێکی تێرکردنی سێکسی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت و لەهەمانکاتیشدا دەیانەوێ ڕەگەزی بەرامبەری پێبخەن. بەمجۆرە دەیانەوێ لەکەسایەتی ژندا گەورەترین گورز لەبەها مەعنەوی و روحییەکانی کۆمەڵگا بدەن. بێگومان یەکێک لەو شتانەی بەکاردەهێنن لەشفرۆشییە. ئەمڕۆ خۆرئاوا بازرگانی بەژنانەوە دەکات و لەو بازرگانییەدا زۆرترین سەرمایەی دەستدەکەوێت.

وارڤین: **کاریگەری ئەو سیستەمە لەسەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چییە، لەوێ بەرهەمی سەرمایەداری مۆدێرنیتەیە، ئەی لێرە چییە؟**

– **نەجیبە:** بێگومان ویستم بەردەوامی ئەوە بدەم، ئەمڕۆ وەک دەبینین بەشێک لەسیاسەتەکانی ئەو سیستەمە ئەو ئاراستەیە دەدات بەکۆمەڵگا، بەڵام بێگومان لەسیستەمەکانی دیکەشدا بازرگانی بەژنانەوە هەیە، دەتوانین بڵێین لەخێزان و کۆمەڵگادا ئەمە هەیەو ژنان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی و بازرگانی دەبنەوە. بەداخەوە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەو دەستدرێژییانە لەسەر ژنان هەیە کە دەستدرێژی جەستەیی و دەروونین. بەداخەوە تائێستا لێرە یاسایەکی تایبەت بەو دەستدرێژیانە نییە، دەستدرێژیە سێکسییەکەش بەئاشکرا نییە، بەڵام لەوڵاتانی خۆرئاوا بەتێکۆشانی ژنان تائاستێک یاسا دانراوە، تێبینیدەکرێت لەسیستەمی سەرمایەداریدا بازرگانیکردن بەژنانەوە فۆرمێکی یاسایی پێدراوە. ئەوانەی بەشێوەیەکی هەرەمی سەیری کۆمەڵگا دەکەن و کار بۆ نەهێشتنی ئەو پێشێلکارییانە دەکەن لەبەرامبەردا هەڵبژاردەیان ئەو ئازادییەیە کە لەسیستەمە سەرمایەدارییەکەدا هەیەو ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم گوزارەی لێدەکات، بەڵام ئێمە پێمانوایە توندوتیژی لەهەموو سیستەمەکاندا هەیە، بەڵام شێوازەکان جیاوازە، بۆیە ئێمە هەردوو لایەنەکە بەتوندی ڕەتدەکەینەوەو لیبرالیزم ئەوەیە ژن بەکاڵا دەکات و ئەوانی دیکەش ژن بەکۆیلە دەکەن. ئێمە لەبارەی بریتەوە پرسیار لەخەڵک دەکەین، لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەو توندوتیژییانەی لەسەر ژنان هەن، لەسیاسەتدا ڕەنگی ژن نییە، بەڵام ژن و سیاسەت لەخۆرئاوا خۆ عەیب نییە، بەڵام بۆچی لەئاستی جیهاندا ئەو بەشداریە لەسەدا ١٣ تێناپەڕێت، بۆچی؟ چونکە ئەو سیستەمە ئاراستەی ژنانی بەرەو بازرگانیکردن بردووەو بەکاڵای کردوون و ئەرکی بنەڕەتی ژنی لەکۆمەڵگا گۆڕیوەو ئەوەی گرنگە ئەوەیە خەڵکی ئێمە ئەو وڵامانە بزانێت، سیستەمی دەسەڵاتداری خۆرئاوا پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای قۆستووەتەوەو لەدژی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بەکاری دەهێنێت.

وارڤین: **لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا هەندێک یاسا دانراون لەبەرژەوەندی ژناندان، بەڵام ئایا پرسێکی وەک لەشفرۆشی بەیاساییکراوە؟**

– **نەجیبە:** چەواشەکاری لەپێوانەکانی ئازادی و ئاراستەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا هەیە، ئەمەش لەکەسایەتی ژندا بەڕێوەدەبەن،

www.netawe.com

دەیانەوێ بڵێن ئێمە هەندێک یاسامان گۆڕیوەو لەلایەکی دیکەش دەیانەوێ ئەو دیموکراسییە بێناوەڕۆکەی خۆیان وەک دەمامکێک بۆ فریودان بەکاریدەهێنن، لەڕێگەی ژنانەوە سیستەمەکە جوان بکەن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لەرەنج و هەبوونی ناسنامەی ژنان خۆی بنیاتناوە، ئایدۆلۆژیاکە خۆی پیاوسالارانەیەو لەسەرئەو بنەمایە لەپشتەوە خەنجەری لەژناندراوە، تەنانەت بازرگانیکردن بەژنانەوە وەک ئازادییەکی سێکسی چاوی لێدەکرێت، گوایە ئەوە پێویستی ژنانە، بەڵام ئەوە بەلاوەنانی لایەنە مرۆڤایەتییەکانی ژن و پێشخستنی ئارەزووەکانەو زیانی گەورەی لەلایەنە مەعنەوی و ڕووحییەکان داوەو وایکردووە شیرازەی کۆمەڵگا تێکبچێت. بۆیە ئێستا دەبینین لەخۆرئاوا پرسە کۆمەڵایەتی و ڕووحییەکان لاواز بوونە.

وارڤین: کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو دیموکراسییەتە لیبرالییەی لەخۆرئاوا هەیە بەزیان بۆ دۆزی ژنان تەواو بووە؟

– **نەجیبە:** لەبنەڕەتدا بەپێوانەی دیموکراسی کە ئازادی و یەکسانییە. ژن دەتوانێت لەناو وەها سیستەمێکدا بەرەنگ و دەنگی خۆی گوزارشت لەخۆی بکات، بەڵام دیموکراسییەتێک، دیموکراسییە کە ڕەنگی ژنی تێدابێت و ئازادی و یەکسانی هەبێ و بەپێشەنگایەتی ژنان و لاوان بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەو دیموکراسییەی کە هەیە ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگایەو وەک دەمامکێکی بەناو دیموکراسییە. بۆ نموونە: ئەوان لەئاستەکانی دیکەش وادەکەن ئەو پێشکەوتن و تەکنیکە بەکاردێنن بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی و لە دە چرکەدا هەزاران مرۆڤ دەکوژن. کوا مرۆڤایەتی لەو وڵاتانەی خۆیان بەدیموکراتی و لیبرالی دەزانن خۆیان بەدۆستی کورد دەزانن، بەڵام ئەو کیمیاییەی دژی کورد بەکارهێنرا هی ئەوانبوو، خۆ سەدام حوسێن دروستی نەکردبوو. ئەو وڵاتانەی خۆیان بەدیموکراسی دەزانن لەپشت تەواوی ئەو جینۆسایدانەوەبوون کەلەدژی کورد ئەنجامدران، لەپرسی ژنیشدا بەهەمانشێوەیە، چونکە دەیانەوێ ژنانیش بخەڵەتێنن و هەموو جیهان بخەڵەتێنن.

وارڤین: بانگەشەی ئازادی خۆرئاوا بۆ ژنان

لە سیستەمی سەرمایەداریدا بازرگانی کردن بە ژنانەوە وەک ئازادی سێکسی چاوی لێدەکرێت، ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە ژن بنیاتنراوە

ئایا مەبەستی ئازادی ژنە وەک مرۆڤ یان مەبەستی ئەوەیە ئەو ئازادییە تەنیا لەکایەی بازرگانیکردن بەجەستەی ژنان و سێکسدا بخولێتەوە؟

– **نەجیبە:** ئەوان بەهیچ شێوەیەک وەک سیستەم لەگەڵ ئازادی ژندا نین. من وەک سیستەم دەڵێم نەک وەک کۆمەڵگا، بێگومان ئەم دووانە لەیەکتر جیاوازن. ئەو سیستەمە لەدژی ئازادی ژنە، تەواو دوژمنی ژنە.

وارڤین: ژن بە مانا مێینەکەی یان مرۆڤ؟

– **نەجیبە:** نا بەمانای مێینە. بۆیە دەتوانین بڵێین لەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر بەژن دەیکات دوژمنایەتی مرۆڤایەتیش دەکات، ئامانجی لەوە کۆیلەکردنی کۆمەڵگایە. چونکە یەکەمجار بۆ ئەوەی کۆمەڵگا کۆیلە بکرێت ژن کۆیلە دەکرێت، لەو ڕێگەیەوە تەواوی کۆمەڵگا کۆیلە کراوە. ئەو سیستەمە دەیەوێ ئیرادەیەکی ئازادانە دەرنەکەوێت، چونکە ئەوەی نوێنەرایەتی ئیرادەیەکی ئازادانە دەکات لەکۆمەڵگادا ژن و گەنجە. ئەو دەخوازێ بەو شێوەیە ژن و گەنج ئیفلیج بکات و کۆمەڵگا بخاتەژێر رکێفی خۆیەوەو هۆی ئەوەشە کە توانیویەتی تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوەو دروشمی هەموو ئازادیخوازان بەکاردەهێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دژی مرۆڤایەتی دەیخاتەکار لەبەرئەوە ئامانجی بەردەوامکردنی دەسەڵاتەکەیەتی. ئێمە پێمانوایە ئەمە قوڵترین و سەختترین جۆری کۆیلایەتییە، چونکە لێگەڕانی ئەو ژنانەی بەدوای ئازادی کەوتوون دەیانخاتە ناو گێژاوێکەوە. چەواشەکاری بەکاردەهێنێت لەبەرئەوە ئەوە ئامانجیەتی کە یەکەم سەرمایەی خۆی زێدەتربێت و دووەم سیستەمەکەی بەردەوام بێ و کۆمەڵگاکانی دیکەش بەوشێوەیە ئاراستە بکات.

وارڤین: با بگەڕێینەوە بۆ هەڕێم، ئێوە کەمپینێکتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنانەوە ڕاگەیاندووە، ئایا بەڕاست بازرگانیکردن بەژنانەوە بووەتە دیاردە لەهەڕێمی کوردستاندا؟

– **نەجیبە:** لەدوای ٢٠٠٣ وە پێمانوایە بازرگانیکردن بەژنانەوە ڕۆژبەڕۆژلەزیادبووندایەو ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان لەسلێمانی گەیشتینە ئەو بڕیارەی کەمپینەکەمان لەژێر ناوی «نا بۆ بازرگانیکردن بە ژنانەوە»بێت، ئێمە بۆماندەرکەوتووە، ئەو کۆمپانیایانەی بۆ کار دێن ژمارەیەک کەسی لەشفرۆش دێننە هەڕێمی کوردستان و لەڕێگەی کارەوە ژنان بەرەو دیاردەی لەشفرۆشی دەبردرێن بەتایبەتی ئەو کچانەی لە ١٨ ساڵ بچووکترن. زۆرێک لەلێکۆڵینەوەکان دەڵێن ئەو پرسە بەهۆی هەژارییەوە پەرەدەستێنێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە قوڵبوونەوەی کێشەکانلەکۆمەڵگاداو ئەو بۆشاییە مەعنەوی و فیکرییەی بۆ تاک دروستبووەو ئەو ئاراستەیەی پیشانیدەدرێت هۆکارن بۆتەشەنەکردنی ئەو کێشەیە، بۆیە وەک حاڵەت نەماوەتەوەو بووەتە دیاردە. بەتایبەتی ئێمە پار لەکۆنفرانسێکی تایبەت بەڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی بۆماندەرکەوت، باندی لەشفرۆشی لەهەڕێمدا ژمارەیان زۆرەو بێگومان ئەوەی چاوپۆشی لەوانەش دەکات حکوومەتە، چونکە ئەوانە بەبێ چاودێری حکوومەت نایەنەناو هەڕێمی کوردستانەوە، بۆیە ئێمە لەکەمپینەکەماندا داوامان لەحکوومەت کرد، هەموو ئەو لایەنانە سزا بدات کە بازرگانی بەئافرەتانەوە دەکەن و ئامانجێکی دیکەمان ئەوەبوو حکومەت ڕێگری لەو کێشانە بکات و خەڵکیش لەوەدا هۆشیار ببێتەوەو ئەو دیاردەیەی لەکۆی هەستپێکرد زووتر ئاشکرای بکات. ئێستاش ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکەین پڕۆژە یاسایەکیش گەڵاڵە بکەین لەبارەی لەشفرۆشی و بازرگانیکردن بەژنانەوەو پێشکەشی پەرلەمانی بکەین.

وارڤین: حکوومەت لە چ ڕێگەکەوە کارئاسانی بۆ ئەو کێشەیە دەکات. ئێوە بەڵگەتان لەلایە بزاندرێت ئافرەتانی کرێکار بۆ کاری لەشفرۆشی دەهێنرێن؟

– **نەجیبە:** بەڵێ، بە بەڵگەوە هەیەو ژمارەیەک لەو ڕێکخراوانە بەڵگەشیان لایە، ژمارەیەک

لـــەو ژنانە بەبیانووی کارکردنـــەوە هاتوون و لەبنەڕەتـــدا بانـــدی لەشفرۆشـــین و هەندێک کۆمپانیا لەژێرناوی کۆمپانیای کارکردن، بەڵام ئەوانە بەتایبەتی بۆ لەشفرۆشـــی دامەزراون و تایبەتن بەبازرگانیکردن بەژنانەوەو هاتوونەتە هەرێمی کوردســـتانەوەو ئێمە چاوپۆشییەکە لەوەدا دەبینین کە هیچ کۆمپانیایەک لەهەرێمدا بەبێ مۆڵەتی حکوومەت نایەتەناو کۆمەڵگای ئێمە، ئێســـتا خەڵکێک پڕۆژەیەکی کارکردنی هەبێت بەبێ پرسی دەسەڵات ناتوانێ کاربکات، بۆیـــە ئەوانە بەبێ پرســـی حکوومەت نایەن، چاودێرینەکردنی ئەوانە مانای ڕێگەخۆشکردنەو هەمووکـــەس ئەوە دەبینێ و ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت.

وارڤیـــن: **ئایـــا حکوومـــەت وەک سیســـتەم پشتیوانە یان وەک بەرپرسانی ناو سیستەم، چونکە زۆرجـــار دەگوترێت فلان کۆمپانیا می فلان بەرپرسە؟**

– **نەجیبە:** ڕاســـتی لەبنەڕەتـــدا حکوومەتێک هەیە، ئەگەر بەرپرســـیارێک ئەو کارە بکات و حکوومەت چاوپۆشی لێبکات ئەوا حکوومەت بەرپرسیارە.

وارڤیـــن: **زۆرجار دەگوترێـــت ئەوە پیلانێکی وڵاتانی دراوسێیەو پیلانێکە دژی هەرێم؟**

– **نەجیبە:** لەو پرســـەدا دەبێ دەستێوەردانی دەرەکیش هەبێت، زۆرجاریش وابووە، چونکە دەتوانیـــن بڵێیـــن بازرگانیکـــردن بەژنانەوە کەلتووری کۆمەڵگای ئێمە نییە، بەڵکو لەدەرەوە بۆمان هاتووە. ڕەنگە زۆرجاریش ئەو تۆمەتە پەیوەندی بەعەقڵیەتی نەتەوەپەرســـتییەوە هەبێـــت بەوەی کورد، عـــەرەب تاوانبار بکات و عەرەبیش کـــورد و تورکمان تاوانبار بکەن. ئامانجی کەمپینەکەشمان تێکۆشانە لەبەرامبەر



پێویستە لەناو ماڵاندا کێشەی ژنان چارەسەر بکرێت فۆتۆ: وارڤین

ئەو کەلتوورەی کە کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە نییە.

وارڤین: **تاچەند پێشوازیتان لێکراوەو حکەومەت بەدەم ئەو بانگەوازەتانەوە هاتووە؟**

– **نەجیبـــە:** ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی خۆمان و ئەوانەی کاردەکەین هیچ کاتێک هیوای تەواومان بەحکوومـــەت نەبەســـتووەتەوەو ڕێکخـــراوی مەدەنی نابێ چاوەڕوانـــی زۆریان لەحکوومەت هەبـــێ، چونکە ئەگەر وابێ ئیـــدی مانای وایە ڕێکخراوی مەدەنی پێویســـت ناکات. پێمانوایە پێویســـتە بەهێزو توانای خۆمان ئەو کێشانە چارەســـەربکەین و دەمانەوێ ئەو فشـــارەش دروســـتبکەین و لەبواری یاساو جێبەجێکردندا شتێکی بەرچاونەکراوە، ئێستا هەندێک جێگەیان دروستکردووە وەکە شەڵتەرو و ئەو جێگایانەی ژنانێـــک ڕووبـــەڕووی توندوتیـــژی دەبنـــەوە ڕووبانتێدەکەن، بەڵام ئەو جێگایانە جێگەی ژیان نین و هیچ خزمەتگوزارییەکیان تێدانییەو ژنانێک کە دەچنە ئەوێ هەر ڕۆژی یەکەم بڕیاردەدەن بگەڕێنـــەوە بـــۆ ناو ئـــەو خێزانـــەی کە تێدا ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. نەجێگایەکی وا، پاراســـتنی نییـــە، کێشـــەی کۆمەڵـــگای ئێمەش ئەوە نییە تەنیا لەجێگەی دامەزراوەی حکوومەتەوە شتەکان چارەسەر بکرێن، چونکە هەندێک نەریتی کۆمەڵـــگای ئێمە هەن ئەگەر کێشـــە کەوتە نـــاو دادگاو لای حکوومەت ئەوا هێنانەوەلای یەکی ئەو کەسانە ئەستەم دەبێت، بۆ ئەوە ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەوەیە بۆخۆیان بچنە ناو ماڵان، ئێمـــە وەک ڕێکخراوەکـــەی خۆمـــان دەچینە ناو ماڵان و هەوڵدەدەیـــن لەڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوەی کە زۆر دیارە ئەوەیە کە حکوومەت بەراســـتی ئەوانەی ژنکوژن بەلێبوردنی گشتی بەریان دەدەن. بۆیە دەبینیین لەدانانی یاسا لاوازی هەیە.

نەجیبە عومەر ئەحمەد ساڵی ١٩٧١ لەسلێمانی لەدایکبووە. کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدینی لە ١٩٩٥ –١٩٩٦ تەواوکردووە. لە ١٩٩٢کاری ڕێکخراوەیی دەکات. جێگری سەرۆکی پارتی چارەسەرییە. ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی ژنانی ئازادە.

پڕۆژەیاسای نێرەموک پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت



خاوەنی پڕۆژەکە: نێرەموک تاوانی کەس نییەو پێویستە بەیاسا ئەرکومافی دیاری بکرێت

وارڤین – تایبەت: لەهەرێمی کوردستان تائێستا یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و پاراستنی ماف و چارەسەرکردنی گرفتە یاساییەکانی ئەو کەسانەی کە ڕەگەزییان دیاریکراو نییەو لەنێوان نێرو مێدان و لەناو کەلتوورو زمانی کوردیدا بە «نێرەموک» بانگدەکرێن.

لەوبارەیەوە خاوەنی پڕۆژەیاسای تایبەت بە «نێرەموک»، ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) مافپەروەر شوان شوان سابیر مستەفا دەڵێ «چەندمانگێک بەرلەئێستا توێژینەوەیەکم دایە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان و تیایدا باسم لەنێرەموک و پێناسەی زانستی و فیقهی و هەروەها جۆرەکانی و ڕێژەیان و گرفتە یاسایی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئایینیەکانی ئەو توێژەو هەروەها نەبوونی هیچ ڕێکخراوێک کە داکۆکی لەمافەکانیان بکات، پێشکەش بە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان کرد».

لەبارەی بەدەمەوەهاتنی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان گوتی «لیژنەی مافی مرۆڤ بابەتەکەی بەلاوە گرنگ بوو و بەگوێرەی ئەوەی زانیاریم پێگەیشتووە، توێژینەوەکە لەشێوەی پڕۆژەیاسایەکدا بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و یاسایەکی تایبەت لەوبارەیەوە دەربچێت».

ئەو سەبارەت بەبیرۆکەی پڕۆژەکەی گوتی «ڕێکخراوی PAO بۆ دابەشکردنی دۆسیە و ڕێکخستنی کارەکانی، چالاکوانەکانی خۆی ڕاسپارد بۆ ئەوەی هەریەکە سەرپەرشتی دۆسیەیەک بکات و منیش بەو شێوەیە دوو دۆسیەم بەرکەوتووە (بەندیخانەکان و کارکردن لەسەر یاساکان)، ئیدی خەریکی بەدواداچوونەوەی کاروباری بەندیخانەکان بووم لەسەر بابەتی پۆلینکردنی بەندکراوەکان و ئەوەم بەبیردا هات ئەگەر لەسەر بنەمای ڕەگەز بەندی دابەشبکەین، «نێرەموک» لەگەڵ کام لا

پێویستە بە یاسا لەپاڵ نێر و مێدا، ئاماژە بۆ ڕەگەزی سێهەم بکرێت کە «نێرەموک»ە و حکوومەت پابەند بکرێت بەهەوڵدان بۆ ئەوانەیان کە چارەسەرییان بۆ دەکرێت

دادەنرێن، دواتر لەیاسای سزادان زۆرجار ڕەگەز دەبێتە یەکلاکەرەوەی بوونی تاوان یان نەبوونی، ئایا لێرەدا یاسا «نێرەموک» بەنێر حیساب دەکات و سزای دەدات یان بە مێ حیسابی دەکات و بەتاوانبار ناناسێت، ئایا میرات چۆن وەردەگرن؟ لەکاتێکدا میرات بەگوێرەی ڕەگەز دەستنیشانکراوە. ئیدی بیرۆکەکەم کرد بەتوێژینەوەیەک و پڕۆژەیاسایەک و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانم کرد».

مافپەروەر شوان سابیر مستەفا، لەبارەی ناوەڕۆکی پڕۆژەکەیەوە گوتی «پێویستە بە یاسا لەپاڵ نێرو مێدا، ئاماژە بۆ ڕەگەزی سێهەم بکرێت کە «نێرەموک»ە و حکوومەت پابەند بکرێت بەهەوڵدان بۆ ئەوانەیان کە چارەسەرییان بۆ دەکرێت و تێچوونی چارەسەرکردنیان لەئەستۆ بگرێت و ئەوانەشی کە چارەسەریان نییە بارودۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونییان بۆ چاکبکرێت. هەروەها لەناو پڕۆژەکەدا داوامکردووە ئەگەر ئەستەمە یاسایەکی تایبەت بەو توێژە دەربکرێت ئەوا لەناو یاسای باری کەسێتی ئەو مەسەلەیە باس بکرێت».

ئەو مافپەروەرە باسی لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکان

کـــرد و ئامـــاژەی بۆ ئەوە کرد کـــە لەخۆرئاوا رەگەز نەکراوەتە پێوەری دابەشکردنی ئەرک و ماف و گوتی «بۆ نموونە ئەوان گرفتی میرات دابەشکردن و سەفەرکردنی نێرو مێ و وەرگرتنی پۆستی ئیداری و چوونەنێو ریزەکانی سەربازی و خوێندن و نوێژکردنیان نییە، بۆیە یاسا پێویست نییە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش هیچ یاسایەک نییەو نازانم هۆکارەکەی چییـــە؟ ئایا ماقوولّە نێرەموک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییدا نەبێت؟».

گرنگترین ئەو گرفتانە چین کە ئەمڕۆ رووبەڕووی ئەو جۆرە کەسانە دەبنەوە؟

شوان سابیر موستەفا دەڵێ: گەورەترین گرفتی ئەو توێژە لەچوار لاوە سەیر دەکرێت:

یەکەم، گرفتی کۆمەڵایەتی:

تائێستا خێزانی کورد بەشەرمی دەزانێ کە ئەو هەواڵە بڵاوبێتەوە کە ئەندامێکی خێزانەکەیان نێرەموکە، نازانم بۆچی؟ بەڵام زۆر ئاســاییە، باس لەبوونی ئەندامێکی ئۆتیزم یان مەنغوڵی یـــان نادروســت لـــەرووی دەروونییـــەوە یان کورتەبـــاڵا بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە، نە من کە نێرم ئازایەتی خۆمەو نە تۆش کە مێی ئازایەتی خۆتـــەو نەئەوەی نێرەموکە یـــان ئۆتیزمە یان مەنغولییـــە، یان کورتەباڵایە گوناهی خۆیەتی، ئیدی بۆ پێمان شەرمبێت.

دووهەم، گرفتی یاسایی:

تـــا ئێستا خێزانی کـــورد بـــە شەرمی دادەنـــێ کـــە خەڵک بـــزانـــێ ئەندامێکی خـــێـــزانـــەکـــەیـــان نێرەموکە

زۆربـــەی هـــەرەزۆری ئـــەو نێرەموکانـــە لەناســـنامەکانیان بەرەگـــەزی نێـــر یـــان مێ نووسراون. ئەمەش دەکرێت بەتاوانی بەخشینی زانیـــاری هەڵە بەفەرمانبـــەری فەرمی هەژمار بکرێـــت و ســـزای یاســـایی لەســـەرە. ئەوانە لەســـەردەمی حکوومەتی بەعس تەنیا کاتێک بۆ سەربازی بانگهێشت دەکران ئاشکرادەبوون، چونکە لەعێراق ســـەربازی تەنیا لەســـەر پیاو ئەرک بوو.

سێهەم، گرفتی شەرعی:

ئەو توێژە تێگەیشـــتن و ئیجتیهادی جیاجیاو هەندێجاریش ســـەیر و ســـەمەرە لەســـەریان هەیە، بـــۆ نموونـــە: ناتوانن لەگـــەڵ پیاوان نوێـــژ بکەن و هەنـــدێ لەزانایانی ئایین دەڵێن نوێژکـــردن لەدوایانەوە رێگەپێدراو نییەو دەبێ دووبارەبکرێتـــەوەو تەوقەکـــردن لەگەڵیـــان دەستنوێژ دەشـــکێنێ و نابێ بینە پێشنوێژ و نابێ لەگەڵ ژنانیش بەتەنیا بمێننەوەو بۆ پرسی میراتیش رای سەیرو سەمەرە هەیە. هەیە دەڵێ لەپیـــاو کەمترو لەژن زیاتریـــان بدەنێ و هەیە دەڵێ، بەشی ژنی بدەرێ.

چوارەم، گرفتی دەروونی:

ئەو فشارە دەروونییەی کە ئەم توێژە لەگەڵیدا دەژین مەگەر هەر خۆیان بتوانن گوزارشتی لێ بکەن.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەو شێوەیەن لە هەرێمی کوردســـتان چەنـــدە ئایا داتای پێویســـتتان لەبەردەستە؟

شوان سابیر مستەفا دەڵێ: لەبەر هۆی جیاجیا لەهیـــچ وڵاتێکـــدا ئاماری تەواوی ئـــەم توێژە دەســـتناکەوێت. هەندێ وڵات لایان گرنگ نییە بیزانن، بۆیە هەوڵی زانینـــی رێژەیان نادەن و لەهەندێ وڵات بەگرنگی نازانن و هەندێ وڵاتیش لەسەر شێوەی رەفتاری خێزانەکانیان پێیانوایە باسکردنی مایەی شەرمەزاریـــە بۆ خێزانەکانیان بۆیـــە ئاماری تـــەواو نییە، بـــەڵام بەگوێرەی رێژەی ســـەدەی کە زانســـتی کرۆمۆسۆمەکان دەرکەوتـــووە، هاتووە لە ٢٥٠٠٠ کەس ٢ کەس وادەردەچێت و ئەگەر ئەم رێژەیە لەکۆی گشتی دانیشتوانی عێراق دەربهێنین ژمارەیان دەگاتە (٢٤٠٠ تا ٢٥٠٠ کەس)، بەڵام رێژەکە هەرچەند بێت، گرنگ نییە. چونکە ئەگەر یەک کەسیش

نە من کە نێرم ئازایەتی خـــۆمـــەو نـــە تـــۆش کە مێی ئـــازایـــەتـــی خۆتەو نـــەئـــەوەی نێرەموکە یـان ئۆتیزمە یـان مەنغوڵییە، یـان کورتەبـاڵایە گوناهی خۆیەتی، ئیدی بۆ پێمان شەرمبێت

بێت مافی مسۆگەر کردنی ماف و ئازادییەکانی هەیە.

خاوەنی ئەو پرۆژەیە باسی لەوەشکرد کە وێڕای پێشکەشـــکردنی ئەو پرۆژەیە بـــۆ پەرلەمانی کوردســـتان لەرێگەی بەرپرســـی نووسینگەی رێکخـــراوە ناحکوومییەکان داواکارییان ناردووە بۆ نووسینگەی ســـەرۆکی حکوومەتی هەرێم، بەڵام دەڵـــێ «هیـــچ کاردانەوەیەکیان نەبووە بەباش و بەخراپ».

ئەو بیرۆکەی دامەزراندنی رێکخراوێکی هەیە بۆ ئەو توێژە بۆ ئـــەوەی بتوانرێت زیاتر داکۆکی لەمافەکانیان بکرێت لەبارەی بەدەنگەوەهاتنی ئەو کەسانەی لەرەگەزی سێهەمن بۆ دامەزراندنی ئەو رێکخراوە بەنیگەرانییەوە گوتی «تائێستا چەند کەســـێک پەیوەندی پێوەکردووین، بەڵام وەک پێویســـت نییەو دیارە جارێ چێشـــتەکە پێنەگەیشتووە تا خوانی بۆ رابخرێت».



بەهرە سدیق

ئەوقاف تەنیا وەزارەتێکی ئیسلامی نییە



شێخ محەمەد شاکەلی، وەزیری ئەوقاف لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان فۆتۆ: وارڤین

راوێژکارێکی سەرۆکی هەرێم بۆ وارڤین:
نازانم بۆچی بارزانی دەستەواژەی جێندەری بۆ پەرلەمان گەڕاندەوە

وارڤین – تایبەت:

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی یەکێکە لەوەزارەتە «هەستیارەکانی» حکوومەتی هەرێم و لەرێگەی ئەو وەزارەتەوە هەرێمی کوردستان دەبەسترێتەوە بەناوەندە زانستی و ئاینییەکانی سوننە، شیعە، مەسیحی و ئێزدییەوە. لەئێستادا هەندێک لەوبڕوایەدان وەزارەتەکە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەت دەرچووە. لەگفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا شێخ محەمەد شاکەلی، راوێژکاری سەرۆکی هەرێم بۆ کاروباری ئایینی رایدەگەیەنێت «سەرۆکی هەرێم لەهەوڵی پێکهێنانی دەستەیەکی دیکەی ئایینیدایە بەناوی دەستەی فەتوا»، ئەمە لەکاتێکدایە جگە لەوەزارەتی ئەوقاف، یەکێتی زانایان، دەستەی فەتوا لەوەزارەتی ئەوقاف و چەندین ناوەندو پەیمانگەی دیکەی ئیسلامی لەهەرێمدا هەن.

ئەوقاف وەزارەتێکی هەستیارە

بەگوێرەی گوتەی شێخ محەممەد، وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی پڕسامان، فراوان و هەستیارەو لەئێستادا ئەو وەزارەتە نزیکەی ١٤ هەزارء ٥٠٠ کارمەندی هەیە. داهاتء موڵک و ماڵێکی زۆری هەیە، هەر لەدهۆکەوە تا کفری قوتابخانە، تەکیەو خانەقای هەیە. وەک ئەوەی گوتی «تەنیا وەزارەتی مەلاء مزگەوت نییە، وەزارەتی رۆشنبیرییە، وەزارەتی پەیوەندییە».

ئەو وەزارەتە بەگوێرەی یاسایەکی تایبەت بەخۆی، کەلە٢٠٠٧ لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە کاردەکات و لەسەردەمی وەزیرێتی شاکەلیدا کێشەی ئایینی لەهەرێمی کوردستان نەگەیشتبووە رادەی تەقینەوە، وەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت و لەوبارەیەوە شاکەلی پرسی جێبەجێکردنی یاساکەی بەستەوە بەبڕوای کەسەکان و زەمینەسازی و گوتی «پێموانییە تەنیا بەیاسا کۆنترۆڵی هەموو شتەکان بکرێت، ئەگەر پێشەکی زەمینەیەکی بۆ خۆشنەکرێت، دەبێ ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەیاساکەوە هەیە، قەناعەتیان هەبێ بۆ جێبەجێکردن، هەرکاتێک یاسایەک دەرچوو دەبێ زەمینەی بۆ سازبکرێت، کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو یاسایە بەئاسانی جێبەجێبکرێت. لەوانەیە ئەو یاسایەی جەنابتان باسی دەکەن کاتی خۆی زەمینەی بۆ خولقابێت، ئێستا ئەو زەمینە وەک پێویست نەبێت».

شاکەلی، نەیویست وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایە نەرمونیانی وەزیری ئێستایە یان نەو گوتی «ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە».

سەبارەت بەهەستیاری وەزارەتی ئەوقاف گوتی «من لەئیدارەی سلێمانی دووساڵ وەزیری ئەوقاف، ساڵێ وەزیری شارەوانی، دووساڵیش وەزیری رۆشنبیری بووم، چوار ساڵیش وەزیری

ئەوقاف بووم، شـــارەزاییم لەئیـــدارەی دەوڵەتدا زۆرە، وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی هەرەگرنگی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، زۆر هەستیارە، ئەگەر بەوریایی ء وردەکارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێـــت، لەوانەیـــە ئەنجامەکەی وەکو پێویســـت نەبێت. ئەو وەزارەتە پەیوەندی هەیە بەجیهانـــی عەرەبی، ئیســـلامیء مەزهەبەکانی ئیســـلامی ناو هەرێـــم ء دەرەوە، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین تەنیا وەزارەتی ئیســـلامی نییە، وەزارەتی ئایینەکانە».

دەستەی فەتوا

لەسەردەمی کابینەی پێشـــوودا سەرۆکی هەرێم پرۆژەیەکـــی پێشـــنیاز کـــرد بـــۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نوێی ئایینی لەهەرێمی کوردستانداو دوای تاوتوێکردنـــی پرۆژەکـــە بێدەنگـــی لێکراو لەئێستادا جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە هاتووەتەوە ناو باسوخواســـەوە. لەوبارەیەوە شاکەلی گوتی «داروڵئیفتا یان دەستەی فەتوا لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە، ئەوە پرۆژەی سەرۆکایەتی هەرێمە، خودی سەرۆکی هەرێم، گرنگی بەوەدەدات کە دەســـتەی فەتـــوا لەهەرێم دروســـتببێت، لەژمارەیەک مامۆستایانی ئایینی خاوەن بڕوانامە، ناسراو بەزانســـت، بەئاییندارى، ناوبانگی باش و ناسراوی ناو کۆمەڵگە».

وەک ئەوەی دەردەکەوێت تائێستا پێوەری ستاندارد دەستنیشـــانەکراون بۆ دانانـــی ئەندامانی ئەو دەستەیەو بەگوێرەی زانیاری راوێژکاری سەرۆکی هەرێم بـــۆ کاروباری ئایینی پێوەرەکان بریتینلە: تەمەنیان لەچل ســـاڵ کەمتر نەبـــێ، بڕوانامەی باشـــیان هەبێت، ئەگەر بڕوانامەی کلاسیک بێت، یان بڕوانامەی باڵابێت لەبواری فیقە، شـــەریعەتی ئیسلام و یاساء کەسانێک بن، جێگەی متمانەی خەڵـــک بن، لەهـــەر پارێزگا، ناوچـــە نوێنەرێک دەبێـــت، لەناوخۆیاندا ســـەرۆکێک هەڵدەبژێرن، ســـەرۆکایەتییەکەیان بـــەدەوری دەبێـــت، کاری خۆیان دەکەن، بەیاسا رێکدەخرێت، ئەمانە تەنیا دەستەیەک دەبن، رادەســـپێردرێنء دەسەڵاتیان هەیە، فەتوا بدەن». سەبارەت بەژمارەشیان گوتی «لەوانەیە ژمارەیان لەپێنج تاحەوت کەس بێت».

هەندێک چاودێری رەوشەکە وایدەبینن دامەزراندنی ئەو دەستەیە مەترسییە بۆ سەر پێگەی سەرۆکی هەرێم بەوپێیەی ئەو دەســـتەیە شـــەرعیەتێکی یاسایی و ئاینیی دەبێ و رەنگە لەدوورمەودادا لەژێر کۆنترۆڵ دەرچن و خۆیان لەســـەرۆکایەتی هەرێم پێگەورەتر بێت، بەڵام شاکەلی، ئەو نیگەرانییەی نییەو دەڵێ «ئەو پێوەرانەی دانراوە بۆ دانانی ئەو دەستەیە وادەکەن، دەستەکە نەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی خۆیان بەئارەزووی خۆیان پێداگری بکەن و راستەوخۆ سەربە سەرۆکایەتی هەرێم دەبن، یان ئەگەر بەباش بزانرێت بەسەرۆکایەتییەکی دیکەوە پەیوەیستدەکرێن».

کابینەی پێنجەم و شەشەم و مزگەوت

بەگوێـــرەی ئـــەو زانیارییانەی دەســـت وارقین کەوتوون، لەماوەی ٤ ســـاڵی کابینەی پێنجەمدا کە بەکابینەی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوە دادەنرا لەوەزارەتی ئەوقافەوە تەنیا مۆڵەتی دروستکردنی ٣٥ مزگەوت دراوەو بەبەراوورد لەگەڵ یەک ساڵی تەمەنـــی کابینەی شەشـــەمدا ئـــەو ژمارەیە زۆر کەمبووە، بەوپێیەی لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا وەزارەتی ئەوقاف مۆڵەتی بەدرووســـتکردنی ٥٠٠ مزگەوت داوە.

شـــاکەلی، لەبـــارەی پێدانی مۆڵەتـــی مزگەوت لەســـەردەمی خۆیدا گوتی «ئـــەوەی دەگوترێت لەکابینەی پێنجەمدا مزگەوت کەمدروســـتکراوە، بەشـــێکی پەیوەندی بەئاســـتی بژێوی خەڵکەوە هەیە، لەم چەندساڵەدا خەڵک داهاتیان زۆربووە، دەوڵەمەندبـــوون، حەز دەکـــەن خۆیان مزگەوت دروســـتبکەن، بەقەناعەتی ئەو خەڵکە مزگەوت باشترینء گونجاوترین کاری خێرییە، حکوومەتیش زەوی دەداتـــێ. ئەگەرنا پێموانییـــە لەکابینەی پێنجەمـــدا رێگیرابێـــت لەکردنـــەوەی مزگەوتء لەکابینەی شەشدا رێگری نەکرێت».

هەروەها گوتـــی «گەڕەکی زیاتر دروســـتبوون، خەڵـــک زیادیکردووە، لەدروســـتکردنی مزگەوتدا هەندێک پێـــوەر هەیە، دەبێ نێوانی دوو مزگەوت لەیەک کیلۆمەتـــر کەمتر نەبێت، خەڵکی گەڕەک بیســـەلمێنن ئەوەندە خەڵک پێویستی پێیەتیء داوای بکەن».

جێندەر

پرسی جێندەر، لەناو یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێم، ناڕەزایەتی مامۆســـتایانی ئایینی هەرێمی لێکەوتەوەو لەژێر فشاری وتاری مامۆستا ئاینییەکان سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، تێبینی لەســـەر وشەی جێندەر نووسی و داوای لەپەرلەمان کرد، ئەو وشـــەیە بەکوردی یان عەرەبی روونبکاتەوە. ســـەرۆکی هەرێم یاساکەی ناردەوە پەرلەمان لەکاتێکـــدا زۆرینەی پەرلەمان دەنگی لەسەردابوو.

راوێژکاری بواری ئایینی ســـەرۆکی هەرێم لەبارەی رەتکردنەوەی دەستەواژەی جێندەر دەڵێ «بۆچی رەتیکـــردەوە، دەکرێت پرســـیار لەخۆیان بکەن، ناشـــزانم بۆچی رەتیکردۆتەوە». ئـــەو لەبارەی دەستەواژەی جێندەر، گوتی «بەبڕوای خۆم وشەی جێندەر چەند مانایەک هەڵدەگرێ دەکرا، جگە لەواتا گشـــتییەکەی کە وادەگەیەنێت یەکسانی لەنێوان ڕەگەزی نێرء مێدا، وشـــەی یەکسانی نێوان ژنء پیاو بەکار بهێنرێت، بۆئەوەی کێشە لەکۆمەڵگەی کورديدا دروستنەبێت».

ئەو گوتیشی « (کلمه الحق یراد بها الباگل)، ئەم وشـــەیە بەڵگەیەکیدا بەدەســـت خەڵکی دیکەوە، ئـــەو دەنـــگء هەرایەی لـــێ پەیدابێـــت، وایکرد بیگەڕێننەوە».

شـــاکەلی، ئەوەشـــی نەشـــاردەوە کەلەبـــارەی رەتکردنەوەی وشـــەی جێندەر پرسی پێنەکراوە، بەوپێیەی لەدەرەوەی هەرێم بـــووەو لەوبارەیەوە گوتی «لەســـەفەر بووم، کە هاتمەوە بیستم ئەو کێشـــەیە ڕوویداوە، ئەگەرنا بۆ پرسەکانی دیکەی پەیوەست بەئاییەنەوە، پرسم پێدەکرێت».

چاپکردنی کتێب

لەمانگی ١٢ی ساڵی رابردوو، وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی بەخشـــیبوو بەنامیلکەیەک کە رێکخراوەکانی ژنان بەهەڕەشـــەو مەترسی بۆسەر خۆیـــان بۆیـــان روانی و ئـــەو نامیلکەیـــە لەژێر ناونیشانی (راســـتییەکی ونبوو) لەلایەن فەرمان خەرابەییەوە ئامادەکرابوو، دواتر وەزارەتی ئەوقاف بێئاگایی خۆی لەچاپکردنـــی نامیلکەکە دەربڕی وگلەیی لەوەزارەتی رۆشنبیری کرا کە بۆچی رێگە بەچاپی نووسراوی لەوجۆرە دەدات بەبێ ڕەزامەندی ئەوقاف، چونکە لەسەردەمی کابینەی پێشووکتێبە ئایینییـــەکان لەلایەن ئەوقافەوە دەپشـــکێنران، و رێککەوتنێک لەوبارەیەوە لەنێوان هەردوو وەزارەت هەبوو.

وەزیری پێشـــووی ئەوقاف لەبـــارەی هەماهەنگی وەزارەتەکەی لەگەڵ رۆشنبیری گوتی «لەڕاستیدا ئەوە رێککەوتنێکی زارەکی بوو. تەنیا لەنێوان من ء کاک فەلەکەدیـــن کاکەییدابوو کە ئەوکات وەزیر بوو، لەبنەڕەتیشدا دەرکردنء بڵاوکردنەوەی کتێب بەگوێرەی یاسا مۆڵەتی ناوێت، تەنیا تۆمارکردنە، لەگەڵ وەزیری رۆشنیریدا گفتوگۆمان کرد، وابەباش زانرلەبەرئەوەی وەزارەتی ئەوقاف خەڵکی شارەزای تێدایە، ئەو کتێبانەی پەیوەندییان بەئاییەنەوە هەیە، ئەگەر هەستکرا دژی ئایینە، بەرلەوەی بڵاوبکرێنەوە رای خۆیانی لەسەر بدەن، بڵێن شتێکی تێدا نییە دژایەتی ئایین بکات و لەپیرۆزی کەمبکاتەوە».

محەمەد عەلی

سەرۆکی کۆمەڵەی ناوەندی راوێژکاری ژنان (روکەن سەیدائۆغلۆ):

لە ئامەد هەزاران مافّ بۆ لەشفرۆشی ئاواکراون



وارڤین – ئامەد: تا دێت لەشفرۆشی لە ئامەد زیاتر دەبێت. لەبەرئەوەی لەسەر ئەو پرسە لێکۆڵینەوەی زانستی نەکراوە، تائێستا ژمارەی لەشفرۆشەکان دیار نییە. بەپێی هەندێک سەرچاوە لە ئامەد هەزاران مافّ بۆ لەشفرۆشی لەوێ دروستکراوە. رێکخراو و دەزگاکانی ژنان لەبەرامبەر ئەو پرسەدا دەستەوەستان ماون و نازانن لەبەرامبەر ئەو پرسەدا چی بکەن. سەرۆکی کۆمەڵەی ناوەندی راوێژکای ژنان روکەن سەیدائۆغلۆ لەبارەی لەشفرۆشی لە ئامەد وەڵامی پرسیارەکانی وارڤینی دایەوە.

وارڤین: **ئەو ژنانەی کە کەوتوونەتە ناو لەشفرۆشییەوە، بۆ ئەوەی واز لەو کارە بێنن سەردانی رێکخراوەکەتان دەکەن؟**

– **روکەن:** بەڵێ، جاروبار هەندێک لەو ژنانەی کە ماوەیەک لەشفرۆشییان کردووە دێنە لامان. جارێک ژنێک کە لەلایەن پیاوەکەیەوە دەفرۆشرا هاتە لامان. جارێکیش ژنێک هاتە لامان کە کەوتبووە داوی لەشفرۆیش نەیدەتوانی لێی رزگار بێت سەردانی کردین. ئەو ژنەمان رەوانەی سەنتەرێکی دالّدەدانی ژنان کرد. پرسی هەرە روون و گرنگی ئەو هاتنانەی ژنان داوکارییانە بۆ وازهێنانیان لەو کارە. بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی نوێ دابمەزرێنن، ئێمە تەنیا دەتوانین هاریکارییان بکەین و رێیان پێ نیشانبدەین. شتی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئەو ژنانەی کە سەرمان لێدەدەن، سوورن لەسەرئەوەی کە واز لە لەشفرۆشی بێنن.

وارڤین: **تەواوی ئەو ژنانەی کە روو لە ئێوە دەکەن بۆ وازهێنان لە لەشفرۆشییە یان کەیسی دیکە دێتە لاتان؟**

– **روکەن:** ژنانێکیش هەن کە مەغدوربوون و بەشێوەیەک هەڵخەڵەتاون و ناچاربوون لەشفرۆشی بکەن. بەڵام لەشفرۆشی بۆ هەندێ: لەو ژنانە بووەتە شێوازێکی ژیان. زۆربەی ئەوانەی کە سەردانمان دەکەن دەیانەوێ واز لە لەشفرۆشی بێنن. بۆ نموونە: ئێمە کارێکی نوێیان بۆ دەدۆزینەوە. بەڵام زۆربەیان بێکارن و هیچ پیشەیەکیان نییە. لەبەرئەوەش ئێمە ناچار دەبین بیانناێرین بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵان. بەڵام ئەو کارەیان بەلاوە سەختە (پێیان عەیبە). بۆیەش هەندێک لە ژنەکان زوو واز لەکاری خاوێنکردنەوەی ماڵان دێنن و دووبارە دەست بە لەشفرۆشی دەکەنەوە.

وارڤین: **بۆچی دووبارە لەشفرۆشی هەڵدەبژێرنەوە. خاوێنکردنەوەی ماڵان چ کێشەیەکی تێدایە؟**

– **روکەن:** ئەو پرسی بەدەستهێنانی پارەیە بە ئاسانی و بە سەختی. بۆ نموونە: ماوەیەک لەمەوپێش ژنێک هاتبووە لامان. پاشماوەیەک بۆمان دەرکەوت کە ئەو بۆ ئەوەی کە ئەو پارانەی لە لەشفرۆشی بەدەستیان دێنێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە بە کرێی دەدات دابەشی نەکات، سەری لەئێمە داوە. بەڵام ئەو کاتێ: هاتە لامان وای پێنەگوتبووین. تەنیا دەیگوت: «بەس دەمەوێ لەو لەشفرۆشییە رزگارم بێت». دواتر بۆماندەرکەوت کە نایەوێ پارەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەش بکات. لەکاتی وەهادا ئێمە ناتوانین هیچ هاریکارییەکیان بکەین، چونکە ئێمە لەدژی لەشفرۆشین. هەندێک لەوانە کاری ماڵانیان پێ زەحمەتە.

وارڤین: **بۆچی لە ئامەد لەشفرۆشی ئەوەندە زۆر بووە؟**

– **روکەن:** بەپای من لەشفرۆشی ئەنجامی شەڕی ٣٠ ساڵەو سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنە. پاش دەستپێکردنی شەڕ پەرەپێدانی لەشفرۆشی لەهەرێمەکەدا بووە یەکێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەت.

وارڤین: **لەکام یەک لە گەڕەکەکاندا زیاتر لەشفرۆشی دەکرێت؟**

– **روکەن:** ل باغلەر زۆر زۆرە. لە یەنیشەهر و دیجلەکەنتەیش هەیە.

وارڤین: **ژنانی لەشفرۆش چۆن خانوو بەکرێ دەگرن؟**

– **روکەن:** بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بۆ ئێمە هاتوون، ژنانی لەشفرۆش خانوو بەکرێ دەگرن و خانووەکەش وەک شوێنی خزمەتگوزای سێکسی بەکاردێنن. پاشان هاوواڵتیانی ئەو گەڕەکانە پێیاندەزانن و زۆر لەو پرسە تووڕە دەبن. لەشفرۆشەکان بەو شێوەیە ئاشکرا دەبن. ژنان بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی بتوانن جەستەی خۆیان بفرۆشنە پیاو، خانوو بە کرێ دەگرن. بەڵام لەهەمانکاتدا ژنەکان لەو خانووانەدا دەخەون و دەژین.

وارڤین: **چەند ژن لە ماڵێکدا دەمێننەوە؟**

– **روکەن:** لەبارەی ژمارەوە مرۆڤ ناتوانێت زۆر

لەشفرۆشی، سیاسەتی دەوڵەتی تورکە



فۆتۆ: وارڤین

بە روونی قسە بکات. بەڵام لەهەندێک ماڵان ٢-٣ ژن و لەهەندێکیتریش ٥-٦ ژن.

وارڤین: **ئەوان چۆن ئەو خانووانە بەکرێ دەگرن؟**

– **ڕۆکەن:** بۆ ئەوەی گرێبەست واژۆ نەکەن، وەک کچی عازەب خۆیان نیشاندەدەن. جاروباریش خاوەن خانووەکان دەزانن کە ئەو ژنانە لەشفرۆشی دەکەن، بەڵام چاوپۆشی لێدەکەن. چونکە خاوەن خانووەکانیش دەبنە شەریکی لەشفرۆشەکان.

وارڤین: **ئەو ژنانەی کە بەبێ ویستی خۆیان دەکەونە ناو ئەو خولەوە، چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە هەڵدەخەڵەتن؟**

– **ڕۆکەن:** ئەو ژنانەی کە بەهۆی کۆچبەرییەوە مەخدوور بوون، لەشارەکان بەرەوڕووی ژیانێکی جیاواز دەبنەوە. ئەو ژنانەی کە لە گوندەکانیان زۆر دەوڵەمەندبوون و لەڕۆژێکدا ناچاربوون دەست لە گوند هەڵبگرن و ڕوو لە شارەکان بکەن. لەبەرئەوە کەوتووەنەتە ناو بازاڕی لەشفرۆشییەوە.

وارڤین: **قۆناغی قانوونی چۆن پێشدەچێت؟**

– **ڕۆکەن:** دەتوانرێت لەدژی ئەو کەسانە لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات. بەڵام ئەو ژنانە داواکارییەکی وەهایان نییە. چونکە دەترسن. دەترسن خەڵک بیبیستنەوەو باسیان بکرێت. لەقسەی دراوسێ، دۆست و ئاشناکانیان دەترسن. زۆر ژن هەن کە بنەماڵەکانیان نازانن کە لەشفرۆشی دەکەن. ئەگەر بنەماڵە ببیستێتەوە، ڕەنگە کچەکەی بکوژێت. هەموو بڕواو متمانەیەکی ئەو کچانە لێبانسەندراوەتەوە. بۆیە دەترسن. زۆرجار بێتاقەت دەبن و دەیانەوێت واز لەو ڕەوشە بێنن، بەڵام لەبەر بێ پەنایی و بێمتمانەیی جارێکیتر دەگەڕێنەوە ناو سووڕەکە.

وارڤین: **کاتێک ئێوە لەبواری سایکۆلۆژییەوە هاریکاری ئەو ژنانە دەکەن، بەرەوڕووی شتی چۆن دەبنەوە؟**

– **ڕۆکەن:** ئەو ژنانە بەهیچ شێوەیەک بڕوات پێناکەن.

وارڤین: **ئێ باشە ئەوکات ئێوە چۆن هاریکاییان دەکەن. چۆن متمانەتان پێدەکەن؟**

– **ڕۆکەن:** ئێمە هەوڵدەدەین کە لە پیاوانیان دووربخەینەوەو لەدەوروبەری ئێمەشدا پیاو نەبێت. چونکە هەر پیاوێک بۆ ئەوان ترسێکە. پیاو بۆ ئەوان سەرچاوەی ترسە. ئێمە لەناو ڕێکخراوەکەماندا لەگەڵ ئەو ژنانە ژیان دابەشدەکەین. بەو شێوەیە ئەوان هەستدەکەن کە ئێمە لەلای ئەوانین. لەبەرئەوەش بڕوامان پێدەکەن.

چونکە ئێمە وەک هەڤاڵێک لەگەڵ پەیوەندییان پێوە دەکەین و وەک یەکێک لە دۆستە نزیکەکانمان لێیان نزیکدەبینەوە. خۆمان بە لایەنێکی پرسەکە دەزانین. بەڵام کاتێک ئێمە ئەوانمان لەگەڵ خۆماندا خستەناو ژیانەوە، ئەوانەی کە بتوانن، هەست، هزر و بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵمان بەش بکەن، تێدەگەن کە بە تەنیا نین و ئێمەش لەگەڵیانین و ئاگامان لێیانە.



دیلار سەولەدار

سەلما جبو:

داوا لەوەزیرەکان دەکەین چەمکی خۆدا پۆشین

وارڤین – تایبەت:

دوای ئەوەی ژنانی عێراق لەپۆستە وەزارییەکانی کابینەی مالکی بێبەش کران، هەندێک لە وەزیرەکان فەرمانیان دەرکردووە کە نابێ ژنان بەبێ خۆداپۆشین رووبکەنە ئەو وەزارەتانەو پێویستە لەکاتی دەوامی فەرمی فەرمانبەران خۆیان داپۆشن، ئەمەش ناپەزایەتی رێکخراو و چالاکوانانی ژنی لێکەوتووەتەوە.

لەوبارەیەوە راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بۆ پرسی ژنان سەلما جبو، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند، نازانین ئایا خۆداپۆشینی ژنان تاکە کێشەیەو بەخۆداپۆشینی ژنان تەواوی کێشەکانی دیکە چارەسەردەبن.

ئەو گوتیشی «چاوپۆشین لەپێشخستن و راهێنان و پێگەیاندن لەئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەتە، هەربۆیە پێویستە ئەو پرسیارە لەوەزیرەکان بکەین وخاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین و بپرسین ئایا دەستەواژەی «خۆداپۆشین» مەبەست لێی چییە، چونکە ماقوڵ نییە ژنێکی عێراقی بەبێ پۆشاک رووبکاتە وەزارەتەکان و لەهەمانکاتیشدا زۆر ئەستەمە لە کۆڵان و سەرشەقامەکانی عێراق ژنێک ببینرێت بێ پۆشاک دەگەڕێت».

ئەو گوتیشی «بۆیە پێویستە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بپرسین ئایا چەمکی خۆداپۆشین مەبەست لێی چییە؟ چونکە ئەوانەی ئەو داوایە لەژنانی عێراق دەکەن جۆرە سووکایەتییەک بەعێراقییەکان دەکەن و ژنانی ئەم وڵاتە لەکاتی کارکردن و لەشوێنی کارەکەیاندا داپۆشراون. ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە دەرکردنی ئەو فەتوایانە هیچ بەڵگەو پاساوێکیان نییەو ئەوانەی ئەو جۆرە فەتوا و بڕیارانە دەردەکەن تەنیا لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشن».

هەر سەبارەت بەو پرسە ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئیئتلافی هاوپەیمانی کوردستان تانیا گلی بەوارڤینی راگەیاند، ئەو بڕیارەی کە دەرچووە لەلایەن هەندێک لەوەزارەتەکانەوە جا بەئاشکرا درا بێت و بەنهێنی کاری بۆ بکرێت مایەی نیگەرانی و ترسە لای ئێمەو ئەو بڕیارە سەرەتای بێهیوابوونی ژنانەو بێگومان بڕیاری دیکەی وەک قەدەغەکردنی چوونە قوتابخانەو رێگرتن لەکارکردنی ژنیشی بەدوادا دێت».

تانیا گلی، گوتیشی «بێگومان ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئەمە لەکاتێکدایە عێراق لەریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە مافەکانی ژنانی دەستەبەر کردووەو لەڕووی ئیش و کارو زانست و خوێندنیشەوە دەرفەت بۆ ژنان رەخسێندراوە. هەربۆیە بەتوندی دژی ئەو جۆرە هەوڵانە دەوەستینەوە».

ئەو گوتیشی «ئەو جۆرە رەفتارانە لەبەرژەوەندی عێراقدا نین و پێویستە لایەنە ئیسلامییەکانیش بەهەمانشێوە پشتیوانی لەهەڵوێستی ژنان بکەن بۆ ئەوەی کارەسات لەوڵاتدا دروست نەبێت».

سەلما جبو، باسی لەوەشکرد ئەو بڕیارە لەهەر کات و سەردەمێکدا دەرکرابێت چ ئەوەی بڕیارەکە کۆن بێت و چ ئەوەی بەمزووانە دەرچووبێت هەر یەک شتە.



www.rotewe.com

روون بکەنەوە

لەبارەی ناوی ئەو وەزارەتەوە کە ئەو بڕیارەی دەرکردووە، گوتیشی «وەزارەتی دادی عێراق لەبری ئەوەی کار بۆ پێگەیاندنی دادوەران بکات و راهێنانیان پێبکات و دادپەروەری بەدیبهێنێت و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای عێراقی بکات، دێت بڕیاری پۆشنی حیجاب بەسەر ژناندا دەسەپێنێت و کاری ئەو دیارە چییەو نابێ بێت پرسی نیقاب و پەچە بسەپێنێت بەسەر فەرمانبەرانی دەوڵەتدا».

هەروەها تانیا گلی، لەبارەی ناوی وەزارەتەکانەوە باسی لەوە کرد کە تائێستا وەزارەتی ئەوقاف ئەو بڕیارەی دەرنەکردووە چونکە بۆ کاروباری ڕەسمی ژنانی مەسیحی ڕوو لەو وەزارەتە دەکەن، هەربۆیە لەم سەردەمەدا ناکرێت بەبڕیاری وەزاری پەچەو نیقاب و بورقوعی ئەفغانی بەسەر ژنانی عێراقدا بسەپێنرێت و ژنانی عێراق خۆیان پەیڕەوی لە ئاکار و نەریتەکان دەکەن و بەشێوەیەک لەشێوەکان بە بەرگ و پۆشاکی ماقوولّەوە ڕوو دەکەنە شوێنی کارەکانیان.

ئەو چالاکوانەی ژنان گوتیشی «ئەگەر ژنێکی ناموحەجەبە بەمەبەستی کارێکی ڕەسمی ڕوویکردە ئەو وەزارەتانە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئایا تیرۆر دەکرێت؟ یان چۆن و بەچ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ئەی پرسی ئازادییەکانی تاک و ئەو ئازادییانەی لەدەستووری عێراقدا بۆ هاوولاتیان فەراهەمکراوە چییان بەسەر دێت، ئایا دەکرێت ئەو ئازادییانە بەو شێوەیە پێشێل بکرێن».

گلی، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لەدەستووری عێراقدا ئازادی تاک وەک بنەمایەک لەبەرچاو گیراوەو لەسەر ئەو بنەمایەش چالاکوانانی ژن کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیان و لە هیچ کەس و لایەنێک قبووڵ ناکەن و تەنانەت ئەگەر ئەو جۆرە بڕیارانەش بەمەرسومی سەرۆکایەتی کۆمار دەرچن و ژنان بێئومێد بکەن ئەوا چالاکوانانی ژن نەیارێتی دەکەن و دژی دەوەستنەوە.

بەگوێرەی مادەی ١٤ و ١٥ی دەستووری عێراق کە لە ٢٠٠٥ پەسندکرا، مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی تاک بۆ هەموو هاوولاتییەکی عێراق فەراهەمکراوەو لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق سەلما جبو، گوتی «عێراق وڵاتێکی فرەئایین و فرەنەتەوەیەو ناکرێت هەر وەزارەتێک جۆرە بڕیارێک بەسەر فەرمانبەرانیدا بسەپێنێ و ئازادییەکانیان پێشێل بکات، تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ خەڵکی جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتە».

تانیا گلیش هەمان بۆچوونی جبوی هەیەو ئەویش لەوبڕوایەدایە ئەو هەڵسووکەوتەی هەندێک لایەن ئەنجامیدەدەن و دەیانەوێ پانتایی ئازادییەکانی تاک تەنگ بکەنەوەو ڕێگە لە چوونەدەرەوەی ژنان و کارکردنیان بگرن پێچەوانەی پێکەوەژیان و تەبایی نێوان پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی ئەمڕۆی عێراقە.

ئیبراهیم پەهلەوی



فۆتۆ: ئینتەرنێت

"حیجاب بەشێک لەئ

عومەر عەلی: ئیسلامییەکان فەزای کۆمە

وارڤین – تایبەت:
گفتوگۆو بۆچوونەکان لەسەر دیاردەی حیجابی ژنان لەکوردستان، فرەلایەنن. زۆرێک بەکەلتووریکی هاوردەی ناوچە عەرەبییەکان و زۆرێک بە یەک لەمەرجەکانی ئیسلامبوونی دەزانن. هەندێ را دەڵێن، لەئایینی ئیسلامدا حیجاب تەنیا بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر دیاریکراوە، شوێنکەوتەکانی کردوویانە بە «سوننەت» و بەردەوامییان پێداوە. حیجاب کاریگەری لەسەر کەلتووری رەسەنی کوردی چییە؟ تاچەند بووەتە هۆکاری سنووردارکردنی ژن، لەکایەکانی ژیان؟ پەرەسەندنی حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەستە بەهاتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە؟ لەتەوەرێکدا وارڤین هەموو پرسیارانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەم ژمارەیەدا نووسەرو رۆژنامەنوس عومەر عەلی، وەڵامی وارڤین دەداتەوە.



عومەر عەلی

فۆتۆ: وارڤین

وارڤین: دیاردەی حیجاب لەهەرێمی کوردستان بەرەوزیادبوون دەچێ، لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت، حیجاب و عەبا کەلتووری کورد نین. بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین؟

– عومەر: دەبێ سێ خاڵی نێو ئەم پرسیارە روون بکرێنەوە، بەڵگەکانی زیادبوونی ڕێژەی حیجاب کامانەن؟ مەبەست لەحیجاب چییە؟ کەلتووری کوردی چییەو بەڵگە چییە کە حیجاب و عەبا لە کەلتووری کوردی نین؟ پێوەر چییە بۆ زیادبوونی حیجاب لەنێو ئافرەتاندا. ئەو ئامار و دەستاوێژانەی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کامانەن؟ بەش بەحاڵی خۆم ئامارێکی وا شک نابەم، ئەگەر واشبێ پێموانییە بەو فراوانییە بێ کە وێنا دەکرێ. لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش ئەوەیە تەوژمی ئیسلامی بەپلەی یەکەم، کار بۆ بڵاوکردنەوەی دیاردەی حیجاب دەکات و زۆربوونی دیاردەی باڵاپۆشکردن لەناوەندەکانی خوێندن و نێو دامودەزگاو ڕێکخراوەکاندا، دیارترین بەڵگەو نیشانەیە لەسەر گەشەکردن و هەڵکشانی ئەو ڕەوتە. بەڵام بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیش گەشەی ئەو تەوژمە لە دە ساڵی ڕابردوودا لەحاڵەتی نیمچەسڕبوونداو بووە، ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاردەی حیجابکردنیش بەجێدێڵێ. زیادبوونەکە، ئەگەر هەبێ، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەوەی دووهەمی جیلی تەئسیسی ئیسلامییەکان، کەلە سەرەتای نەوەدەکان تاکۆتاییەکانی لەبنەماڵە ئیسلامی و هەروەها موحافیزکارەکاندا لەدایک بوون، ئێستا پێگەیشتوون و بەحوکمی پەروەردەی خێزانی، کچانیشیان بەزۆری حیجاب دەپۆشن.

ـازادیـــیـــەکـــانـــی ژن دەبـــات"

ڵایەتی هەرێمیان بە ئایینی کردووە



دەکرێ لێرەو لەوێیش هەندێ لەکچان و ژنان لەژێر کاریگەری گوتـــاری ئایینی خۆماڵی یان فەزاییدا حیجاب بکـــەن، ئـــەوەش دیاردەیەکەلە هەموو جێیەک هەیەو تایبەت بەکوردســـتان نییە. ئەو دیاردەیە تەنانەت لە ئەوروپایش روودەدات، هەر لەمانگی ئۆکۆتبەری رابردوودا، رۆژنامەکان هەواڵی موســـڵمانبوون و حیجابکردنی لۆرین بوســـی، خوشکی هاوسەری تۆنی بلێری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیایان بڵاو کردەوە.

لەڕاستیدا وشـــەی حیجاب لەقورئاندا، بەو واتایە نییە کە ئێستا لای ئێمە باوە. لەقورئاندا بەواتای «حەرەمســـەرا» یاخود پەردەپـــۆش و دابڕینی ژنان لەمەجلیســـی پیاوان هاتووەو تایبەت بووە بەهاوســـەرەکانی پێغەمبەر، وەک لە ئایەتەکەدا هاتووە «..وَإِذَا سَـــأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاء حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ» الاحزاب-٥٣.

«ئەگەر داوای شمەکێکتان لێکردن لەپشتپەردەوە لێیان داوا بکەن، ئـــەوە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش پاکترە».

لێرەوە تێکەڵییەک لەنێوان ئەو واتا قورئانییەی حیجاب، واتا باوەکەی ئێســـتادا کە پۆشینی ئەو جلوبەرگە باڵاپۆشـــەیە کە بەحیجاب ناودەبرێ، دروستبووە.

حوکمی پۆشتەیی ئافرەت و شێوەو سنوورەکانی لەقورئاندا بەچەند وشـــە، دەربڕینێکی گشـــتی، فرەماناو ناحـــەدی لەهەردوو ســـوورەتی نور و ئەحزبدا باسکراوە، لەوانە: «يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ..»-الْحزاب/٥٩.

واتە»ئـــەی پێغەمبەر بەهاوســـەر و کچەکانت و ئافرەتانی بڕوادار بڵێ جەلبابەکانیان بەسەریاندا بدەن، ئەوە باشـــترین شتە بۆ ئەوەی بناسرێن و ئازارنەدرێن».

لێـــرەدا بڕگەی «یدنین علیهـــن من جلابیبهن» واتایەکی حەدی نییە وەک ئەوەی بڵێ «یغطین اجسادهن بلباســـهن»، لەشیان بەجلەکانیان دابپۆشـــن، وەک کەلە تەفسیرەکاندا بەو شێوەیە واتـــا دەکرێ، کە واتایەکـــی حەدی هەیە. جارێ «علیهن» روون نییە مەبەست بەسەردادانە یان بەسەر لەشـــدا دان؟ هەروەها وشەی جەلبابیش بەتەواوی رۆشن نییە چییە، ئەگەر بڕیارە پارچە قوماشێک بێ، ئایا پارچە قوماشێک دەکرێ سەر و جەســـتە دابپۆشـــێ؟ جگە لەوەیش ئایەتەکە تەنانەت ئامرازی بەشکردنی «من»یشی خستوەتە پێش جەلباب، واتە بەشێک لەجەلبابەکەیان بدەن بەسەریاندا.

لەئایەتەکەی سورەتی نوریشدا «وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَـــرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِـــنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ»-النـــور ٣١،واتە «با زینەتی خۆیـــان دەرنەخەن مەگەر ئەوەی کە دەردەکەوێ، باچارشێوەکانیان بەسەر (جیب)ەکانیاندا بدەن». ئەمیش واتایەکی حەدی و بنبڕی نییە. ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی مەبەست لەو»الا ما «ظهر منها»یە لەزینەتکردن کە دەکرێ دەرکەوێ چییـــە؟ هەندێ گوتوویانە مەبەست شـــێوەی لەشـــوولارە کە ناشارێتەوە، هەندێ پێیانوایە مەبەســـت دەست و دەموچاوە، بـــەڵام ئەمانەش بۆچوونی بنبڕنین چونکە دەکرا راشـــکاوانە بڵێ «الا وجوهـــن و ایدیهن» وەک لەباسی دەستنوێژگرتندا گوتراوە. هەروەها وشەی خیماریش ئەگەرچـــی لەلایەن راڤەکارەکانەوە بە «سەرپۆش» یان «چارشێو» واتە کراوە، بەڵام ئەویش دیسان بنبڕ نییە چونکە سەرپۆش ناتوانێ جەستە دابپۆشێ.

وشەی «جیوب»یش ئەگەرچی هەندێ موفەسیر بە «ســـینەومل» واتایان کردووە، بەڵام ئەمیش هەر بۆچوونـــەو واتای پڕاوپڕی وشـــەکە نییەو نهێنیەک لەهەڵبژاردنی ئەو وشەیەدا هەیە. وشەی «جیـــوب» کە کۆی «جیـــب»ە زیاتر بەواتای باخەڵ یـــان گیرفان هاتووە، بـــەڵام ئایا جیوب لەجەســـتەی ئافرەت یان لەبەشی سەرەوەیدا کە دەکرێ سەرپۆش دایبپۆشێ، کامەیە؟ بۆچوونێکی بنبڕ لەمبارەیەوە کە قسە هەڵنەگرێ، نییە.

لەراستیدا ئەم ناحەدییەتە دەرگای بۆ بیروبۆچوونی ناکۆک و هەندێجار سەیر کردووەتەوە، وەک ئەوەی محەمەد شـــەحرور لەکتێبی «الکتاب والقران»دا جیوب بە «هێڵ» واتا دەکات و لەوێشەوە پێیوایە تەنیا ئەو شوێنانەی ئافرەت داپۆشینیان واجبە کە هێڵ دروستدەکەن، بەوپێیەش ئەو جلەی ئافرەتان لـــە قەراغ دەریـــاکان لەبەری دەکـــەن حیجابەو لێرەشەوە —بەگوتەی شەحرور- هەموو ئافرەتانی دنیا جلی شەرعییان لەبەردایە.

بەهەرحاڵ پێوەرەکانی پۆشتەیی ئافرەت لەڕێی راڤەکردنی ئەو ئایەتانەو دواتر لەڕێی ریوایەتەکانی حەدیسەوە وردەکارییەکانی دیاریکراوە کە ئەوەیش بەهۆی جیـــاوازی بۆچوونی زاناکان لەتێڕوانین و تێگەیشـــتنیان لەو ریوایەتانە جیاوازییەکی زۆر لەسنوور و مەودای ئەو جێیانەی جەستەی ئافرەت کە ناکرێ دەربخرێن دروستبووە. تا ئەو رادەیەی هەندێ پێیانوایە هەموو جەستەی ئافرەت، جگە لەچاوەکانی، تەنانەت دەنگـــی و هەندێجار بۆن و خشپەی پێیشـــی عەورەتن. بەڵام هەندێکیتر پێیانوایە دەست، دەموچاو، پێ و دەنگ عەورەت نین و ئەوەی مەرجـــە لەبەرکردنی جلوبەرگێکە تەسک و شەفاف نەبێ.

لەبارەی ئەوەیش کە «حیجاب و عەبا لەکەلتووری کوردیـــدا نییە»، نازانم ئـــەم بۆچوونە لە کوێوە هاتووە؟ ئێستە عەباوپەچە (ئەوقوماشە شەفافەی بەســـەر دەموچاودا دەدرێ) لە کوردســـتان یان نەماوە یان زۆر دەگمەنە. من بیرم دێ تا سەرەتای هەشتاکانیش بەشی هەرەزۆری ئافرەتانی ناسفور، بەتایبەت ژنانی سەرە، بەعەباو پەچە یان لانیکەم بەعەباوە دەچونە بازاڕ، ئـــەوە لەکاتێکدا بزاوتە ئیسلامییەکان هێشتا سەریانهەڵنەدابوو. ئەی ئەوە لەکوێوە هاتبوو؟ بەدەر لەدیزاینی جلوبەرگەکە، پۆشـــتەیی ئافرەت بەشـــێک بووە لەکەلتووری کـــوردی، عەرەبـــی، فارســـی، تورکـــی و باقی نەتەوە موســـڵمانەکانیتر. تەنانەت بەشێک بووە لە کەلتووری وڵاتانی ئەوروپیش تا ســـەرەتاکانی

www.netewe.com


فۆتۆ: Daylife

سەدەی رابردوو.

راستە ئەو مانتۆیەی ئێستە بەناوی حیجاب هەیە نوێیە. رەنگە سەرەتا لای عەرەبەکانەوە داهێنرابێ، بەڵام ئەوە تەنیا مۆدێلێکی جلوبەرگەو هیچیتر، وەک چۆن ئێستە چەندین مۆدێلی جلی کوردی پەیدابوون کە جاران نەبوون. ئەسڵی بابەتەکە، کە خۆداپۆشینی ئافرەتانە هەر هەبووە. رەنگە ئەو مانتۆیە بۆ ئافرەتان موریحتریش بێ تا عەباو پەچە. ئێستە وەک دەبینین دەیان مۆدێل و ستایلی حیجابکردن داهاتوون کە ئەوەی هەموویان کۆدەکاتەوە قبوولکردنی پۆشتەیی ئافرەتە، ئیدی ئەگەر تەنیا بە لەسەرکردنی سەرپۆشێکیش بێ.

وارڤین: ئایا حیجاب مۆرکێکی ئایینی لەکوردستان هەیە، یان پەیوەندی بەهاتنی ئایدۆلۆژیاو ئیسلامی سیاسییەوە هەیە؟

– **عومەر:** حیجاب بەواتای پۆشتەیی ئافرەت. یەکێکە لەو ئەرکانەیە ئایینی ئیسلام هێناویەتی. پەیوەندی بەهیچ حزب و ئایدیۆلۆژیایەکی دەرەوەی ئەو ئایینەوە نییە. دایک و داپیرانی ئێمە زۆربەیان رەنگە هەر نەیانزانیبێ و نەزانن حزب و ئایدیۆلۆژیا چییە. وەک ئەرکێکی دینداری یان کەلتووری لەئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوان پۆشتەبوون و تائەمرۆیش دەستبەردار نەبوون.

رۆڵی ئایدیۆلۆژیاو ئیسلامی سیاسی، لەوروەوە تەنیا ئەوەیە کە ئەو تەوژمە لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی فیکری سیاسیدا بۆ گێڕانەوەی باڵادەستی بۆ ئیسلام لەکۆمەڵگادا، کار بۆ بڵاوکردنەوەی پۆشتەیی لەریزی ئافرەتاندا دەکات. رەنگە ئەو تەوژمە جۆرە دیزاینێک لەجلوبەرگ بەگونجاو بزانێ، هاوکات ئەوانیش لەنێوان خۆیاندا لەوبارەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. بەڵام ئەسڵی بابەتەکە کە پۆشتەیی ئافرەتانە شتێکی ئاینییە. ئێستا رەنگە سەدانهەزار ئافرەتی پۆشتە یان نیمچەپۆشتە هەن کە پارتیەن، یەکێتین، سۆشیالیستن، یان بێلایەنن و رەنگە دژبەئیسلامی سیاسیش بن.

لەبەرئەوە بەسیاسیکردنی پرسی حیجاب کارێکی خراپە. ئەوە دەکەوێتەسەر ئازادی و بیروباوەڕی کەسەکان، پێیانخۆشبێ حیجاب دەکەن، پێیانخۆشنەبێ نایکەن.

وارڤین: تاچەند زیادکردنی کۆت و بەندەکان و وابەستەکردنی ژن بەحیجاب و ئایین، هۆکاری گەڕاندنەوەی ژنە بۆ چوارچێوەی ماڵ؟

– **عومەر:** لەپێشەوە گوتم تێکەڵییەک لەواتای حیجابدا لەنێوان پەردەداری و مانەوە لەماڵدا رووەداوە کە لەقورئاندا بەحیجاب ناوبراوە، لەگەڵ پۆشتەییدا. ئەوەی یەکەمیان تایبەتی هاوسەرەکانی پێغەمبەرە، کە هەندێ حوکم هەیە تایبەتی ئەوانە. وەک ئەوەی بەدەقی قورئان بە»دایکی موسڵمانان»دانراون و نابێ مێرد بکەنەوە «وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا»-الْحزاب/٥٣. هەروەها گوناهەکانیان دووقات بۆ حسێبە «يَا نِسَاء النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ» .الاحزاب ٣٠. تەنانەت حوکمی ئۆقرەگرتن لەماڵداو (تەبەڕوجنەکردن)یش هەر لەسیاقی ئەو ئایەتانەدا هاتوون کەلە سوورەتی ئەحزابدا بە (یا نساء النبی) دەستپێدەکەن «يَا نِسَاء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاء.. وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى» الاحزاب ٣٢-٣٣.

لەگەڵ ئەو حوکمە راستەوخۆیەیشدا لەبارەی پەردەگیری و ئۆقرەگرتنی هاوسەرەکانی پێغەمبەر(د.خ) لە ماڵەوەدا، وەک مێژوو باسی دەکات هاوسەرانی پێغەمبەر بەو واتایەی ئێستە لەزەینی ئێمەدایەو پێمانوایە ئافرەت دیلی ماڵەوە دەکرێ. لەماڵەوە دیل و لەدنیا دابڕاونەبوون، بەڵکو لەگەڵ سوپاکاندا چوونەتە دەرەوە. عائیشە، لەشەڕی جەمەلدا سەرکردایەتی سوپایەکی تەواوی دەکرد. مێژوویش باسی نەکردوە، کەس لەهاوەڵانی پەیامبەر لەروانگەی ئەو ئایەتانەی سەرەوەوە لەسەر خودی هاتنەدەرەوەو سەرکردایەتیکردنی سوپایەکی پیاوان رەخنەیان لێگرتبێ.

حیجاب لەبنەڕەتدا واتای بەستنەوەی ئافرەتان نییە لە ماڵەوە. ئەگەرچی بەحوکمی دایکایەتی و پەروەردەی خێزان ئافرەت ناچاردەبێ بەشێکی زیاتر لەکاتی خۆی لەماڵەوەدا بەسەر ببات. تەنانەت لەوڵاتە شیوعییەکانی جارانیشدا هەر ئافرەتان لەدایەنگەکانی دەوڵەتدا سەرپەرشتی منداڵانیان دەکرد.

ئێستەیش سەدان هەزار ئافرەتی پۆشتە هەن، چ لەکوردستان یان لەجێیەکانیتری دنیا، کەجلوبەرگەکەیان نەبووتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن و بڕوانامەی بەرز لەبوارە زانستی، ئەدەبی و مەعریفیەکاندا بەدەست بێنن. پێموایە ئەوەی گرنگە بۆ مرۆڤ ئەو عەقڵیەیە کە داینەمۆی ژیانیەتی، نەک ئەو جلەی لەبەریەتی. جلوبەرگ بەتەنیا نە مرۆڤ پێشدەخات و نەدواشی دەخات، نەئافرەتێکی پۆشتەی نەزان بەڵگەی خراپی پۆشتەییە، نەبڕوانامەی بەرز و هەڵکەوتوویی سفوورێکیش بەڵگەی پێشکەوتوویی ئەو حاڵەتەیە. بەپێچەوانەیشەوە.

وارڤین: کاریگەری حیجاب و وابەستەبوونی ژن پێوەی، تاچەند وایلێدەکات کە لەلایەنی بیرکردنەوە بۆ هەندێ پرسی خۆشگوزەرانی، کۆیلە بێ؟

– **عومەر:** ئەگەر پێتبڵێم دینداری کارێکی ئاسان و خۆشە راستناکەم. هیچ ئیلتیزامێک لەسەر ناخی مرۆڤ خۆشنییە. پابەندبوون بەریتمێکی تایبەتی ژیان و یاسایەکی تایبەتی هەڵسووکەوتەوە، کارێکە لێبڕان و هەروەها دەستبەرداربوون لەزۆر لەخۆشییەکانی ژیانی دەوێ. قورئان خۆی پەیامی ئیسلام بە «قورس» ناودەبات «إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا»-المزمل/٥.

وەنەبێ حیجاب بۆ ئافرەتان کارێکی خۆشبێ، نە. وەک هەر ئەرکێک ئەویش بەشێک لەئازادییەکانی ئافرەت دەبات. زۆرجار ناڕەحەتیدەکات بەتایبەت



لەهاوینانـــدا. بەڵام ئیدی ئـــەوە بەڵای خەڵکەوە بەشـــێکە، لەئیلتیزامی دینی کـــە دەبێ پێوەی پابەندبێ. وەک چۆن بەنوێژ و ڕۆژووەوە پابەندە کە کارێکی گرانن.

وارڤین: **ئایا پەچە بەنموونە کەلە ئاکرێ، زاخۆ و هەندێ ناوچەیتری کوردستان هەیە دەکری بڵێین حیجابە؟ یان ئەوە نەریتێکی پێشینەی کوردەواری بووە؟**

– **عومەر:** لەســـەرەتای هەشـــتاکاندا لەدەڤەری سلێمانی پەچەم بەفراوانی بینیوە، ئێستا نەماوە. پێموایـــە نەریتێکە لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بازاڕ و شـــار لەکوردستانیشدا ســـەریهەڵداوە، چونکە لەلادێکانـــدا ئەو دیاردەیە نییـــە. خەڵک هەموو یەکتر دەناســـن و بەردەوامیش نێر و مێ لەسەر خەڵوخەرمان، دەشت، باخ و کێودا تێکەڵبوون. بەڵام کاتێ شار و بازاڕ پەیدابووەو خەڵکی لەگوند و ناوچە جیاجیاکانەوە ڕووپانتێکردووە و بەیەکتر ناشـــناسبوون. ئافرەتـــان وەک جۆرە شـــەرم و خۆپارێزییەک پەچەو عەبایان بەکارهێناوە. ئیدی ئاخۆ ئەو نەریتە سەرەتا کەی و لەکوێوە هاتووەتە کوردستان نازانم، بەڵام بەدەلیلی عەقڵ، هەردەبێ لەو کۆمەڵگایانەوە هاتبێ کە پێشتر بەکەلتووری بازاڕ و شار ئاشنا بوون.

وارڤیـــن: **پۆشـــینی حیجـــاب مەترســـی چی لێدەکەوێتەوە؟**

– **عومەر:** جگە لەوەی بۆ ئافرەتە حیجابلەبەرکان زەحمەتـــە، هیـــچ مەترســـییەکی نییـــە. تەنیا مەترســـییەک کە هەبێ ئەوەیە حیجاب بەواتای دیلکردنـــی ئافرەت لەماڵـــەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و بکرێتە ئامرازێک، بۆ ئازاردانی جەستەیی و ڕۆحی ئافرەت. یان بۆ پۆشـــینی پەنا بۆ زەبر و زۆر ببرێ کە ئـــەوە حیجاب لای ئافرەت درێو دەکات نەک جوان. لەتورکیا حیجاب لەزۆر شوێنی ڕەســـمی قەدەغەیـــە، لەئێران حیجـــاب واجبە، بەڵام وەک لـــە تەلەفزیۆنەکان دەبینین حیجاب لەئەستەمبوڵ زۆرتر و پۆشتەترە تا تاران.

زۆر گرنگە ڕێز لەکەرامەت و ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤ کە ئافرەتیش مرۆڤە بگرین و بەزۆر شتێکی لەسەر فەرز نەکەین کە باوەڕی پێی نییە. هاوکات شتێکیشی لێ قەدەغە نەکەین کە ئیمانی پێیەتی و چێژی لێدەبینێ و کەسایەتی و بەهای خۆی تێدا دەبینێتەوە. چ ئەوەی لەئێراندا دەکرێ و لەچک بەزۆر بەسەر ئافرەتاندا دەسەپێنرێ و چ ئەوەی لەســـایەی سیســـتەمی عەلمانی تورکیا بەکچانی بالاپۆشی زانکۆ و دامودەزگا ڕەسمییەکان دەکرێ و ناچاری لابردنی سەرپۆشەکانیان دەکرێن، ڕاست نییەو سووکایەتین بەکەرامەتی مرۆڤ. ڕاستی ئەم بۆچوونەیش هەر لەو دوو وڵاتەدا دیارە، ئەوەتا لە تورکیا تا دێ حیجاب زیاتردەبێ. لەژێر گوشاری ئەوەدا حکوومەت و دەســـەڵاتی تەقلیدی وڵات، بەڕەو ئەوە دەچن حیجاب ئازاد بکەن. لەئێرانیش بەپێچەوانەوە تا دێ ئافرەتان لەجلوبەرگی ڕەسمی ســـەپێنراو بێزار دەبن و هەر ئەوەندەی لەسنوور ئاودیو بوون فڕێی دەدەن. بگرە ئەو حیجابەیش کە زۆربەی کچانی تاران و شارەکانیتری ئێران بەزەبر دەیپۆشن، ئابڕووی حیجابی بردووە، چونکە هەر بەناو حیجابەو هەموونەو شتانەی بڕیارە حیجاب بیانشارێتەوە دەرخراون.

لە کوردستانی خۆمان هەمان دوو حاڵەت لەئاستە میللییەکەدا هەیە. ڕەنگە هەزاران کچ هەبن لەژێر گوشـــاری نەریتی بنەماڵەکانیاندا ســـەرپۆش و حیجـــاب دەکەن و لەناخەوە باوەڕیان پێی نییەو حـــەزی لێناکـــەن، هەروەها ڕەنگـــە هەزارانیش هەبن حەزیان لەحیجابەو خێزانەکانیان ڕێگرییان لێدەکەن، بۆ هەردوو حاڵەتەکە نموونەی زیندوو هەیە.

لێرەدا باس لەوە نییە کە باوکان و دایکان بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵیان لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیاندا نەبێ، بەو بەهاو کەلتووڕەی بەچاکی دەزانن. ئەوە ئەرکی باوک ودایکانە، بەڵام مەرجە ئەوە بەزمانی تۆقاندن و ســـەپاندن نەبێ و پەراوێزێکی گونجاو لەئازادی بۆ کچان خۆیشیان بهێڵرێتەوە.

وارڤین: **ئیسلامی سیاسی تاچەند هۆکاری پۆشینی حیجابە؟ ئایا مەبەست لێی خزمەتی ئایینی یان مەبەستێکی سیاسییە؟**

– **عومەر:** دەکرێ لەبرادەرانی ئیســـلامی خۆیان بپرسن، ئەز تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە ئەوان فەزای کۆمەڵایەتی کوردستانیان بەئایینی کردووەو یەکێک لەســـیماکانی ئەو بەئاییکردنەیـــش زیادبوونی دیاردەی حیجابکردنە. هەروەک چۆن بەو هۆیەوە ژمارەی مزگەوت، نوێژخوێن، ڕۆژووگر و عەمرەکاران زیادبوون. ئەو بەئاینیکردنە تەنانەت کاری لەحزبە عەلمانیەکانیش و بۆ لەدەستنەدانی جەماوەرەکە کردووە. هەوڵدەدەن هەندێ لەهێلکەکانیان لەنێو سەبەتەی ئاییندا دابنێن.

وارڤین: **ئایا حیجاب بەمانای سڕینەوەی کەلتووری کوردی دێ؟**

– **عومەر:** ئەگەر مەبەســـتت لەحیجاب پۆشتەیی ئافرەت بێ، نە. چونکە دایک و داپیرانمان کوردی ڕەســـەن و مەرجەعی کەلتـــووری کوردی بوون. ئەوانیش هەموویان پۆشـــتەن و پۆشـــتەبوون. بەپێچەوانەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ، پاشەکشەی پۆشتەیی، سڕینەوەی کەلتووری کوردییە. ئیدی ڕەنگە زۆر هەبـــن پێیانوابێ دەبێ ئەو کەلتوورە بســـڕێتەوە بەناوی ئەوەی «لەگـــەڵ بەهاکانی سەردەمدا ناگونجێ».

ئەگەر مەبەستیشـــت بڵاوبوونـــەوەی جۆرێکی تایبەتی عەرەبی یان تورکییە لەجلوبەرگی حیجاب لەنێو کچان و ژنانی کوردا ئەوە ڕاســـتە، چونکە کە تـــۆ جلوبەرگێکی خۆتت نەبـــێ جلوبەرگی نەتەوەکانیتر غەزی بازاڕەکـــەت دەکەن. ڕەنگە جلی کـــوردی، چ ئەوەی پیـــاوان یان ئافرەتان، بەو دیزاینە کلاسیکییەوە نەتوانێ ببێتە جلێکی مۆدێرنی کوردی، ئەوەتە فەیلەسوف و پرۆفیسۆر بەجلی کوردی لەبەربکەن خەڵک وادەزانن شوان و ســـەپانیت. نـــە لەزانکۆکان نـــە لەدامودەزگا ڕەسمییەکاندا ڕەسمیەت بەجلی کوردی نەدراوە. لەبەرئـــەوە وەک چۆن لەغیابی گوتارێکی ئاینیی کوردیـــدا گوتـــاری عەرەبی، تورکی و فارســـی غەزومان دەکەن، لەغیابی گۆرانی و میوزیکێکی پێشکەوتووی کوردیدا–کە تینویەتی نەوەی نوێ بشـــکێنێ– گۆرانییە عەرەبی، تورکی، فارسی و بیانیەکان، غـــەزوی هۆش و بازاڕەکانمان دەکەن وگەنجەکانمان گاڵتە بەگۆرانیبێژە خۆمالییەکانمان دەکەن، ئاوایش لەنەبوونی جلێکی کوردی مۆدێرندا جلی بیانی. جا حیجاب بێ یان غەیری حیجاب، بۆشاییەکە پڕدەکاتەوەو بمانەوێ و نەمانەوێ بای بای لەجلی کوردی دەکەین و تەنیا وەک شتێکی ئەنتیکە، جاروبـــار لەبۆنەکاندا هەندێکمان نەک هەموومان، لەبەری دەکەین.

بازرگانانی کورد لەچین ژنی دووهەم دەهێنن

کچانی چین و ماچین خوازیارن شوو بەکوردان بکەن



وارڤین – سلێمانی:

«بۆمن جیاوازی نییە لێرە ژن بێنم یان لەهەرێم، گرنگ ئەوەیە بڕێم و ژیانم خۆشبێت و ئەو ئافرەتەی لەگەڵی دەژیم کەسێکی گونجاوبێت، ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی وەک هەموو هاوڵاتییەکی چین دەژین و هەرکاتێکیش بمەوێ دەگەڕێمەوە بۆ هەرێمی کوردستان». ئەمە گوتەی شاخەوان عەلی ٣٠ ساڵە کە لەوڵاتی چین ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە.

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس ٢٠٠٣ دەروازەکانی بازرگانی هەرێم بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کرانەوەو بەمەبەستی کاری بازرگانی ژمارەیەک بازرگانی کورد، رووپانکردە وڵاتی چین. لەئێستادا هەندێک لەو بازرگانە کوردانە ژیانی هاوسەریان لەو وڵاتەدا پێکهێناوەو هەندێکیان ئەو خێزانەی لەچین پێکیانهێناوە هاوسەری دووهەمیانە.

سیروان کاکی، بازرگانی بواری جوانکارییەو خەڵکی سلێمانییە، ئەو بۆ کاری بازرگانی رووەکاتە چین، لەبارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییەوە باسی لەوەکرد، هەندێک لەوکەسانەی لەچین ژنیان هێناوە لەپێناو بەرژەوەندی مادییە، چونکە ئەو بازرگانەی کەلەوێ ژنی چینی دێنی دەتوانێ زیاتر کارەکەی پەرەپێبدات و پەیوەندییەکانی فراوانتر بکات.

ئەو گوتی «هەندێک بازرگان لەپێناو دوورکەوتنەوە لەرابواردنی شەوانە، ناچارن ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن».

سیروان، ماوەی زیاتر لە٨ ساڵە بازرگانی دەکات و ماوەی ٥ ساڵیشە سالانە دوو بۆ سێ جار بۆ هێنانی کالای چینی سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، ئەو ئامانژەی بۆ ئەوە کرد، چەند بازرگانی خەڵکی سلێمانی دەناسێت، کەلەوێ ژنی چینییان هێناوە بەشێوەیەک یەکێ لەوانەی، ژنی چینی هێناوە لەهەرێمی کوردستان ژن و منداڵی هەیەو تەنانەت لەهاوسەری یەکەمی کە خەڵکی سلێمانییە کوڕ و کچی گەورەی هەیەو بەمەلا (ح) ناسراوە، لەوێ کۆمپانیای گواستنەوەی داناوە.

شاخەوان عەلی، گەنجێکی ٣٠ ساڵەچێشتخانەیەکی لەشاری «یوە»ی چین بەناوی خۆی واتە «شاخەوان» کردووەتەوەو ماوەی زیاتر لەچوار ساڵە لەو وڵاتەیە. شاخەوان سێ ساڵە خێزانێکی دروستکردووەو ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی ئەو شارە پێکهێناوە. ئەو دەڵێ «من بەمەبەستی هێنانی ژن نەهاتووەتە چین، بەڵام ئەوەی منی والێکرد کە لێرە هاوسەرگیری بکەم، خراپی باری کۆمەڵایەتی و نەگونجاوییەتی لەگەڵ گەنج دا، ئەمەش بۆ کەسێکی وەک من کە گەنجێکی ٣٠ ساڵانم ئەستەم بوو، هەرکاتێک دەهاتمە ئێرە بۆماوەی ٦ مانگ بۆ ساڵێک نەدەگەڕامەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە بڕیاری ژن هێنانم دا».

شاخەوان، یەکەم کەسی کوردە لەو وڵاتە چێشتخانەیەکی کوردی کردبێتەوە، بەوتەکانیدا دیاربوو کەسێکە پەیوەستە بەڕێنماییەکانی ئیسلام و ئەو زۆر نیگەرانبوو لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی چین و هەستی بەبەریەککەوتنی نەریتەکانی خۆی و خەڵکی ئەوێ دەکرد. ئەو گوتی «هۆکارێکی دیکەی ژنهێنانم و خواستنی کچێکی چینی ئەوەیە نەمویست لەم وڵاتە کەس بەخراپە پەنجەم بۆ راکێشێ».

شاخەوان، گوتیشی «بۆمن جیاوازی نییە لێرە ژن بێنم یان لەهەرێم گرنگ ئەوەیە من بڕیم و ژیانم خۆشبێت و ئەوئافرەتەی لەگەڵی دەژیم کەسێکی گونجاوبێت، ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی وەک هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە دەژین و هەرکاتێکیش بمەوێ دەگەڕێمەوە بۆ هەرێمی کوردستان».

سیروان کاکی، زۆر بابەتی تایبەت بەبازرگانانی هەرێم لەلابوو، کە بازرگانان لەو وڵاتە چۆن مامەڵەدەکەن و چۆن دەژین، ئەو



وڵاتی سەیرو سەمەرەکان دەبێتە لانەی دووەمی هەندێک بازرگانانی کورد

باسی لەوە کرد، کچانی ئەو وڵاتە ئارەزووی ئەوە دەکەن شوو بەپیاوی کوردو بێگانەکانی خۆرهەڵاتی بکەن، چونکە کچانی ئەو وڵاتە هاوسەرگیری لەگەڵ کوردا بەرزگاربوونیان لەمەینەتییەکانی ژیان و نانپەیداکردن دەزانن، بەهۆی ئەوەی لەوێ زەحمەتی زۆر دەکێشن لەپێناو پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و دەرفەتی کاریش کەمە.

کاکی، گوتی «ئێستا کچانی ئەوێ دەزانن کە پیاوی ئێرە کار بەژن ناکەن و تەنیا لەماڵەوە دەبن، بۆیە زۆرجار ئارەزووی ئەوە دەکەن شوو بەکوڕی کورد بکەن».

کاکی، لە زمانی کچێکی چینییەوە کە ناوی «کیتی» بووە گێڕایەوە، کە «کیتی» پرسیاری لێکردووەو گوتوویەتی «ئەرێ راستە لەوڵاتی ئێوە ئافرەتانتان تەنیا لەماڵەوەدەبن و کارناکەن، ئەگەر وایە حەزدەکەم شوو بەکوڕێکی کورد بکەم و بێم بۆ وڵاتی ئێوە بۆ ئەوەی لەوێ وەک ئافرەتانی ئێوە دوور لەکارکردن بژیم».

بەقسەی سیروان کاکی، چارەنووسی «کیتی» لەگەڵ خواستەکەی یەکیگرتووەتەوەو ئەو ئێستا لەگەڵ کوڕێکی بازرگانی سلێمانی هاوسەرگیرییانکردووەو بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەن.

ئەو کوڕە بازرگانەی بووەتە هاوسەری «کیتی» ئەرکان ساڵحە، ئەرکان ماوەی زیاتر لە٤ ساڵە لەچین دەژی و هۆکاری ژنهێنانەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەهۆی سەرقاڵی بەبازرگانییەوەو بوونی نووسینگەی کارەکەی لەو وڵاتەو پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی ئایین، بڕیاریداوە لەگەڵ «کیتی» هاوسەرگیری بکات.

ئەو گوتی «کیتی کچێکی شارەزایەو چەند ساڵێکی کەم لەخۆم منداڵترەو ئێستا کچێکم لێی هەیەو بەگوێرەی گرێبەستێک لەگەڵ کیتی هاوسەرگیریم ئەنجامداوە تا لەچین بێ لەگەڵی بم و کاتێکیش گەڕامەوە بۆ هەرێم یان هەر وڵاتێکی دیکە لەگەڵم بێت، ئەمەش هەمووی لەناو گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەدا تۆمارکراوە».

ئەرکان، ئەوەشی ڕەتکردەوە، تەنیا بۆ ئەوە ژنی هێنابێت تاڵەوێ بێ لەگەڵ ئەو کچە بژی کە هاتەوە بۆ هەرێم تەڵاقیبدات، بەڵکو بەردەوام دەبێ لەگەڵی مەگەر تائەوکاتەی وەک زۆرێک لەو ژن و پیاوانەی پێکەوە ناگونجێن و لێکجیا دەبنەوە.

ئەرکانی بازرگان ئەوەناشارێتەوە، کە «کیتی» بەخۆشەویستی خواستووەو لەکاتی بڕیاردانی بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا نیوەی خێزان و کەسووکاری ناڕازیبوونەو ئەو هاوسەرگیرییەیان پێقبوولێنەکراوە.

هەندێک لەو بازرگانە کوردانەی ڕوودەکەنە چین، هانا بۆ هێنانی ژنی دووهەم دەبەن و هەندێکیان تەنانەت بەهاوسەری یەکەمیشیان ناڵێن کە لەچین خێزانیان پێکهێناوە. هەشیانە ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەردەگرن، سەرکەوتی بازرگان یەکێکی دیکەبوو لەو کەسانەی ژنی لەوڵاتی چین هێناوە، بەڵام سەرکەوت ژنی دووهەمی هێناوە.

کاتێک لەڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵیدا قسەمانکرد، ئەو نەیویست هیچ بدرکێنێ و پێشیناخۆش بوو، کە توانیومانە ژمارەو ئەدرەسی ئەو پەیدا بکەین.

سەرکەوت، لەو وتوێژە کورتەدا ئەوەی نەشاردەوە کە ژنی دووهەمی هێناوە، بەڵام گوتی «ناتوانم قسەتان بۆ بکەم».

چالاکوانی بواری ژنان ساکار ڕەشید، لەو بارەیەوە دەڵێ « کاتێک پیاو پەنای بۆ ژنی دووهەم برد، مانای وایە دەیەوێ لەگەڵ کەسێکی دیکە بژی، جگە لەوەی یەکەم، لەهەمانکاتدا ئەگەر ژنی یەکەم هاوسەرەکەی ژنی دیکەی بەسەرهێنا، ئەوا بەلایەوە گرنگ نییە ئەگەر هاوسەرەکەی سەرتاپای لەئاڵتون بگیرێت و خۆشترین قژیلای بۆ دروست بکات»، ئەو گوتیشی «ژنان حەزدەکەن لەگەڵ هاوسەرەکەیان هیچ نەبێ بخۆن، بەڵام مێردەکەی پەنا بۆ ژنی دیکە نەبات»، ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییانەی بازرگانانی کورد لەگەڵ کچە چینییەکاندا بەستوویانە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بووە.

شاخەوان و ئەرکان هەردووکیان جەختیانکردەوە کە گرێبەستەکەیان لەسەر ئایینی ئیسلام بووە، ئەرکانی بازرگانیش دەڵێ «کیتی هاوسەرم بەشەرعی ئیسلام مارەم بڕیوە».

ئیسماعیل حەمە

عەنکاوە.. کریستیانێک لە کریسمس هاوسەرەکەی دەکوژێت و ١٥ رۆژ تەرمەکەی دەشارێتەوە

«ماوەی پانزە رۆژ بەمردوویی لەژووری خەوتن دامنا، تا پۆلیس لەڕێگەی ناسیارێکەوە زانییان و دۆزییانەوە».

ئەوە قسەی «و.ا.ک» ٥٢ ساڵە کە دوای ئەوەی ژنەکەی دەکوژێت، ماوەی ١٥ رۆژ بەکوژراوی لەماڵەکەی دەیهێڵیتەوەو ناهێڵێ کەس بەتاوانەکەی بزانێت.

ئەمەل ئیسحاق، لەدایکبووی ١٩٥٨ خەڵکی دهۆکەو بەئایین مەسیحییە. ماوەی دە ساڵە لەگەڵ «و.ا.ک»، هاوسەرگیری کردووە.

ئەوان ماوەی ساڵێکە هاتوونەتە هەولێر و دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی شارۆچکەی عەنکاوەن. ئەمەل و «و.ا.ک» منداڵیان نییە. بەگوێرەی قسەی «و.ا.ک»، ئەمەل دایک و باوکی مردووەو تەنیا یەک برای هەیە ئەویش «نێوانی لەگەڵیان خۆش نییە».

بەقسەی «و.ا.ک»، سەرەتای کێشەکانیان لەوکاتەوە دەستپێکردووە کە ماڵیان هاتووەتە هەولێر «پار مانگی چوار لەبەسرەوە هاتینە هەولێر، لەوکاتە هەستم بەگۆڕانی تەواوی ژنەکەم کرد، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەهات، لەگەڵ خەڵک دەڕۆیشتە دەرەوە».

«و.ا.ک»، لەکۆمپانیایەکی یۆنانی تایبەت بەنەوت کاردەکات. هاتووچۆی نێوان بەغداو هەولێر دەکات، بەڵام ئەمەل ژنی ماڵ بووە. وەک ئەو باسیدەکات، هۆکاری سەرەکی کوشتنی ئەمەل، قسەی دراوسێکانی بووە «رۆژێک دراوسێکان پێیانگوتم، دەبێ بۆ ماوەی چەند رۆژێکی دیکە لێرە بار بکەی، لەبەرئەوەی کە تۆ لەماڵ نەبووی خەڵکێکی زۆر هاتووچۆی ژنەکەت دەکەن. بۆیە بیرم لەدانانی سنووریک بۆهەڵسووکەوتی کردەوە».

ئەو گوتی چەندجارێک بووەتە کێشە لەنێوانیاندا و دواجار بڕیاریداوە بیخنکێنێت. سەبارەت بەو شەوەی کە کوشتوویەتی «و.ا.ک» دەڵێ «شەوی سەری ساڵ تەلەفۆنی بۆهات گوتی، دەڕۆمە دەرەوە، منیش نەمهێشت. تەلەفۆنێکی دیکەی بۆهات، ئەمجارە هەستایە سەرپێ و گوتی هەر دەڕۆم، منیش ڕێگەم نەدەدا. تا یەکترمان گرت و بوو بە شەڕمان. لەکاتی شەڕەکەدا بڕیارمدا کە بیخنکێنم، خنکاندم و بردەمە سەرتەختەکە درێژم کرد».

ماوەی چوارده ڕۆژ ئەمەل، بەخنکاوی لەژوورێکی ماڵی خۆیان دەمێنێتەوە، تا ناسیارێکیان هەست بەنەمانی ئەو ژنەدەکات و گومانی لادروست دەبێت و هەواڵی پۆلیس دەدات. دوای ئەوە پۆلیس دەڕواتە ماڵی «و.ا.ک» تەرمی ئەمەل، دەدۆزێتەوە. بەگوێرەی گوتەی «و.ا.ک»، دوای خنکاندنی ئەمەل، ماوەی چوار ڕۆژ لەماڵەوە ماوەتەوەو دواتر بەجێیهێشتووە، بەڵام بەکەسی نەگوتووە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی عەنکاوە، رائید فەرمان فازڵ، سەبارەت بەکوشتنی ئەمەل دەڵێ، لە ٢٠١١/١/١٤ هەواڵی دیارنەبوونی ژنێکمان بۆهات دوای ئەوەی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە سەردانی ماڵەکەیمان کرد، تەرمەکەمان دۆزییەوە. کە ماوەی چواردە ڕۆژبوو خنکێندرابوو. مێردەکەی دەستگیرکراو دانی بەتاوانەکەیدانا بەتۆمەتی ئەوەی کە گوایە «ژنەکەی بەدڕەوشت بووە».

هاوکات «و.ا.ک»، ئاماژەی بەتەمەنی ئەمەل دا کە بەتەمەن گەورەبووە «تەمەنی گەورە بوو، بەڵام ڕۆرجوان بوو».



فۆتۆ: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس

سەبارەت بەهەبوونی بەڵگەی یاسایی لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە «و.ا.ک» دەیداتە پاڵ ئەمەل، رائید فەرمان گوتی «بەڵگەی «و.ا.ک»، قسەی دراوسێکان و تەلەفۆنەکەی ئەمەلە».

ئێستا «و.ا.ک»، دانی بەتاوانەکەیدا ناوەو لەیەکێک لەزیندانەکانی هەولێر، بەگوێرەی ماددەی ٤٠٥ لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە، وەک پێشبینی دەکرێت دوای بڕیاری دادگاش هەر بەماددەی ٤٠٥ حوکمی هەتاهەتایی یان کاتی بەسەردا دەدرێت. وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە ئاماژەی پێکرد «سزاکەی بەگوێرەی ماددەی ٤٠٥ دەبێت، چونکە کوشتنەکە پیلان بۆدارێژراو نەبووەو لەکاتی شەڕکردندا کوشتوویەتی».

ژنکوشتن بەپاساوی ناموسپارێزی پەیوەندی بەئایینەوە نییە



ئاری رەفیق*

یەکێک لەکەموکوڕییەکانی لێکۆڵینەوە لەتاوانی کوشتنی کەسێک لەلایەن کەسێکی دیکەوە، دەستکەوتنی زانیاری راستەقینەیە، کە لەوانەیە تەنیا کەسی کوژراو بیزانێت کە لەکاتێکدا تاناوانلێکراویشە. یەکێک لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی هونەری لێکۆڵینەوە گرێگرتنە لەلایەنە سەرەکییەکانی کێشەکە، هەندێکجار لەدوولایەن زیاترن. بۆیە لەبنەڕەتدا دەتوانین بڵێین کاتێک یەک لەلایەنە سەرەکییەکانی کێشەکە، لەژیاندا نامێنێ ئەوا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتەناو دۆسیەی لێکۆڵینەوەو سەرچاوەی راستەقینەی دروستبوونی تاوانەکە. لەو خاڵەتەدا دەبێ پەنا ببرێتەبەر»بەڵگەکانی تاوان» کە خۆی لەشایەت، گوتەی تاوانبار، ئامرازەکانی بەڵگەتاوانییەکان، دەبینێتەوە. ئەوەی لێرەدا نیوەی راستی کێشەکەمان بۆ یەکلاییدەکاتەوە، تاوانلێکراوە، بەداخەوە لەژیاندا نەماوە. کەواتە جگە لەبەڵگەکان ئەوەی دەگوترێت بۆچوون و شیکردنەوەیە لەوانەیە زۆرجار راستەدەرنەچێ. بۆ نموونە: ئەو تاوانەی ئێستا ڕوویداوە، ناتوانین حوکمی ئەوەی لەسەر بدەین و بڵێین، مەسیحییەکانی هەڕێم، ئافرەت بەناوی پاراستنی شەرەفەوە دەکوژن. هەروەک چۆن ناشتوانین بڵێین، موسوڵمانەکانیش ژن لەژێرناوی پاراستنی شەرەفدا دەکوژن. بەبڕوای من گرنگترین پاڵنەری کردەی کوشتنی ئافرەت بەتاوانی شووشتنەوەی ناموس، پاڵنەری کۆمەڵایەتییە نەک ئایین، چونکە حەقیقەتی ئایین پێماننالێت، ئەگەر ژنێک»زینا»ی کرد بیکوژە. بەڵکو ئایین داوای چوار شایەت دەکات کە کرداری سێکسییەکەیان بەچاوی خۆیان ببینیبێت، کە گەیشتووەتە رادەی زینا، هەتا ئەگەر سێ شایەت ئامادەبوو و شایەتی چوارەم نەبوو ئەوا بەگوێرەی ئایین ئەو کوشتنە زۆر تاوانێکی گەورەیە. زۆرجار تاوان تەنیا بۆ رازیکردنی گەرەک و دەروبەر ئەنجامدراوە. بێئەوەی باوک و برا بڕوایان بەو کوشتنە بێت. سەبارەت بەحاڵەتی ئەمەل، دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتە دەرهاوێشتەی بارودۆخێکی تایبەت بێت.

کۆمەڵگای کوردی ئێستا لەقۆناغی پەرەسەندنێکی سەرەتاییدا خۆی دەنوێنێ، یەکێک لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵگای تازەپەرەئەستێن هەڵپەکردنیەتی بۆ گەیشتن بەهەموو ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە کۆمەڵگای مۆدێرنی لێبەرهەم هاتووە. زۆربەیجار ئەو هەڵپەکردنە ناسروشتیبوونی پێوەدیارە، چونکە قۆناغەکانی گەشەکردن تێیدا بەسیستماتیکی کاری بۆنەکراوە، بۆیە زۆرجاران ئەو گەشەکردنە ناسروشتیە قوربانی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، سەیردەکەین لەهەرێمی کوردستان دوولایەنی گرنگ هەن کە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنن ئەو دوو لایەنە لەرووکەشدا کاریگەرن، لەژمارەشدا زۆرن، بەڵام لەجەوهەردا نەیانتوانیوە کاری جدی بکەن بۆ کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی ئیشکالیەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و نزیککردنەوەی بەرەناکۆکەکان لەیەکدی. هەروەها بەدیوێکی دیکەدا سەیردەکەین رۆژانە خۆپیشاندان دەکرێت لەبەر هەرهۆیەک بێ، بەڵام ئەوەندەی لاساییکردنەوەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی پێوەدیارە ئەوەندە هەستناکەین ئەو حەشاماتە لەئامانجی خۆپیشاندانەکە تێبگات، بەڵکو زیاتر هەستدەکەین تاکەکانی ناو پرۆسەکە بەدوای حەشاماتێکی (نامیانڕەو) کەوتوون و هیچیدیکە .کەواتە لێرەوە ئەوگەشەکردنە ناسروشتیەو ئەو هەڵپەکردنە ناسیستماتیکییەی کۆمەڵگەی ئێمە، کاریگەری کردۆتەسەر گۆڕینی هاوکێشەی (ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خێزانی) لەهەرێمدا، پێشماندەڵێ ئەو تاوانە کۆمەڵایەتی و خێزانییانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردی بۆتەوەو دەبێتەوە بەرهەمی ئەو گەشەکردنە ناسروشتییە. بەڵام ئەو قۆناغە قۆناغێکی کاتییەو و هەمیشەیی نییە، بەتێپەڕبوونی کات ئەو ئیشکالیەتانەی ئێستا هەن کاڵدەبنەوە، چەندین نمونەی زیندوو لەبەردەستن کە بوونەتە سومبولی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەقۆناغی ئەمڕۆدا، بەشێک لەو پێشکەوتنانە بریتین لە: (کاڵبوونەوەی دیاردەی ژن بەژن، بەکارهێنانی ئافرەت لەسوڵحی دیوەخان، بەزۆر هێنانی ژن بۆ پیاو، مارەکردنی ژن لەسەر بێشکە، پێدانی کچێک یان دوکچ، سێ کچ و چوار کچ لەبەرامبەر هێنانی یەک کچ دا، کاڵبونەوەی کردەی شیربایی، رازینەبوونی ئافرەتی کورد بەو پێشێلکارییانەی کەلەماوەی سەدسالّی رابردووەوە بەرامبەری دەکرا، کرانەوەی ئافرەتی کورد لەئەوپەڕی شەرمنی و رازیبوونەوە، بۆ نووسین و تۆمارکردنی سکاڵاکان).

گرنگ لەوە تێگەیشتووین شەرکردن بۆ (ئازادی) قوربانی زۆری پێویستە، ئەوگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە باشەی کە ئێستا لەهەرێم بەدەستهاتووە بەرهەمی قوربانیدانی خودی ئافرەت خۆیەتی، کەلەپاڵیاندا ژمارەیەکی دیاریکراو لەپیاوانی یەکسانیخواز پشکێکی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییان بەردەکەوێت.

* توێژەری کۆمەڵایەتی

www.nerawe.com

مەلاکان کەنالّی راستەوخۆی حکوومەتن

«لەترسی مەلا، حکومەت جارِی عەلمانییەت نادات»



چالاکوانێکی ژن:
بەهۆی بێهەڵوێستی حکوومەتەوە پرسی ژنان بەرەو دواوە دەچێت

وارقین - تایبەت:

٣ هەزار مامۆستای ئایینی مووچەخۆری حکوومەتن و لەبەرامبەردا حکوومەت بودجەی رێکخراوەکانی ژنان سنووردار دەکات، بەڵای پەرلەمانتارێکی کوردستانیشەوە ئەگەر حکوومەت «هێرشی مەلاکان» بۆسەر ژن رانەگرێت، ئەوا ئەو هێرشانە نیەتی حکوومەتەو پرسی ژن و عەلمانیەت لەهەرێمدا دەچێتە دواوە. پسپۆرێکی زانستە سیاسییەکانی هەرێم جەخت لەوەدەکاتەوە، حکوومەتی هەرێم شەرمنەو لەترسی تووڕەبوونی مەلاکان جارِی عەلمانیەت نادات. هاوکات نووسەرێکی کوردی نیشتەجێی سویدیش دەڵێ «هەندێ لەبەرپرسانی هەرێم بۆ بەرژەوەندی خۆیان و حزبەکانیان پاڵپشتی لەو مەلایانە دەکەن کە لەمینبەردا هێرشدەکەنە سەر تۆڕی ژنان و ژنان».

مەلا: کەنالّی راستەوخۆی حکوومەت

بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەیەکی باڵا لەوەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێم بۆ وارقین، لەهەرێم ٤ هەزار و ٥٦٢ مزگەوت هەیەو ٣ هەزار مامۆستای ئایینی بەپلەی جیاواز مووچەیان لەحکوومەت هەیە. بەوپێیە ٩٨٪ی مامۆستایانی ئایینی گوتارخوێنی مزگەوتەکان، مووچەیان لەوەزارەتی ئەوقاف هەیەو کەمترین مووچەیان٤٠٠ هەزار دینارەو زۆرترین مووچەیان لەنێوان ملیۆنێک تا ملیۆن و نیوێک دیناری عێراقییە. بەشێوەیەکی گشتی وەزارەتی ئەوقاف زیاتر لە ١٤ هەزارو ٥٠٠ مووچەخۆری هەیەو لەو ژمارەیە ٨ هەزاری کاربەدەستە.

مامۆستای ئایینی بەهۆی پێگەی مینبەرەکەیەوە لەلایەن خەڵکەوە بەڕێزەوە سەیر کراوەو ئەمەش بووەتە هۆکارێک، کە زۆرجار لەلایەن هەندێ لەو مەلایانەوە مینبەر بۆ مەرامێکی خواستراو و کەنالّێکی هەڕەشەکردن بەکاربهێنرێت، وەک ئەو هێرشەی لەهەندێ لەمزگەوتەکان بەبیانووی دژایەتیکردنی وشەی «جێندەر» کرایە سەر رێکخراوەکانی ژنان. لەکاتێکدا بەگوێرەی بڕیارێکی حکوومەتی هەرێم بودجەی زۆرێک لەرێکخراوەکانی ژنان و بواری کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان بۆ دوو ملیۆن و نیو دیناری عێراقی کەمکرایەوە.

د.کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وارقین دەڵێ «دروست نییە بەراوردی نێوان مووچەی ٣ هەزار مەلاو بایەخی وەزارەتی ئەوقاف بەمامۆستایانی ئایینی لەگەڵ کەمکردنەوەی بودجەی رێکخراوەکانی ژنان و بواری مەدەنی لەحکوومەتەوە بکرێت»، بەڵام ئەو ئامادەبوو بڵێ «هێرشکردنەسەر ژنان دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیەو حکوومەت هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو مەبەستە کردووەو هەڵوێستیشی دەبێت».

ئەو بابەتە لەدیدی پەرلەمانتار پێشەوا نەجمەدین، تێڕوانێنێکی جیاوازی هەیەو بایەخی حکوومەت لەرێگەی وەزارەتی ئەوقاف بەمەلاکان و فەرامۆشکردنی ژنان، بەجێگەی لێپرسینەوە دەزانێ و دەڵێ «حکوومەت پرسی ژنی بەرەو دوا بردەوە، چونکە ژنان لەکابینەی ٥ وەزارەتێکیان هەبوو، ئەم وەزارەتە هەر چۆنێک بووبێت کەنالّی ژن بوو، دەتوانرا لەکاتی ئێستا ئەکتیف بکرێت و ژن پەیامی خۆی تێیدا بگەیەنێت، بەڵام ئێستا ژن هیچ شوێنێکی نییەو وەزارەتی ژنانیشی نەما، تاپەیامی خۆی تێدا بگەیەنێت». وەک پێشەوا دەڵێ «بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی خانمان درا، بەڵام ئەوەش کوا کەس نازانێت ئەو ئەنجوومەنە چۆنەو کەی دەستبەکارەکانی دەکات». ئەو پەرلەمانتارە بێدەنگی حکوومەت لەپرسی ژنان بەپەراوێزخستنی پرسی ژن دەزانێت و دەڵێ «حکوومەت بەرامبەر بەژنان کەمتەرخەمە».

هەروەها گوتی «لە ٢٠١٠-٨-١٢ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەنووسراوی ژمارە ١٩٦٦ بڕیاری کەمکردنەوەی بودجەی ئەو ٢١٤ رێکخراوەی دەرکرد کە لەکۆی ١١٣٦ رێکخراوی مەدەنی هەرێمدا بودجە لەحکوومەت وەردەگرن و تەنیا بڕی ٢ ملیۆن و نیو دینار وەردەگرن. بەگوێرەی ئەو بڕیارەش حکوومەت ستەمی لەژن کردووە».

پێشەوا گوتیشی «مزگەوتەکان سەر بەوەزارەتی ئەوقافن، ئەو وەزارەتەش هی حکوومەتە، کەواتە مەلاکان کەنالّی راستەوخۆی حکوومەتن و ئەگەر حکوومەت هەڵوێستی بەرامبەر بەهێرشی هەندێ لەمامۆستایانی ئایینی بۆ سەر ژنان و رۆشنبیران نەبێ، ئەوا ئەو هێرشانە لەسەر حکوومەت حیسابەو سیاسەت و ئەجێندای حکوومەتە».

« حکوومەت پاڵپشتی ژنان ناکات»

چلوڕە هەردی، بەرپرسی سەنتەری خاتوزین

www.nerawe.com

و ٣ هەزاریان مووچەخۆرن



بـۆ وارقین باسـی لـەوە کـرد، حکوومەت پالّپشـتی ژنان نـاکات و لەوبارەیەوە گوتی «ئـەو هێرشـانەی لەمزگـەوت کرایەسـەر ژن حکوومـەت هیـچ هەلّوێسـتێکی جیدی نەنواند، تەنانەت کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشی سازنەکرد، ئەمەش وادەکات رەوتی ئیسلامی سیاسی لەهەرێمدا گەشـەبکات و پرسی ژن بەتەواوەتی بچێتە دواوە».

بەلای وەزیری رۆشنبیرییەوە ئەوەی لەبەرامبەر ژنـان وتـرا لەمینبـەری مزگەوتەکانـەوە «ئەجێندایەکی سیاسـییان لەپشـتەوەیەو ناکرێـت هەمـوو مامۆسـتایانیش بخرێنـە سـەنگەری دژی ژنان، چونکە مامۆستا هەیە داکۆکی لەپرسی ژن دەکات».

گوتیشـی «حکوومـەت هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەکەی کردووەو چاودێری رەوشەکەش دەکات». لەبـارەی پالّپشـتی ژنـان و رێکخراوەکانی ژنانیشـەوە گوتی «حکوومەت بەپرۆژە خزمەتی ئەو رێکخراوانە دەکات، نەک بودجەیان پێبـدات، چونکە ئەو رێکخراوانەی بواری مەدەنی خۆبەخشـن و دەکرێ بەپرۆژە ئەکتیف بکرێن و هاوکاری مادی بکرێن نەوەک بەپێدانی مووچە».

راگەیاندنی ژنان لاوازە

نووسـەر روناک فەرەج، لەبارەی راگەیاندنی ژنانەوە گوتی «کەناڵـی راگەیاندن بۆ ژنان هەیە، بەڵام کەناڵەکان لاوازن و پێویسـتیان بەچالاکبـوون هەیە». گوتیشـی «هۆکاری لاوازی ژن لەکەنـاڵ و ناوەنـدی راگەیاندنداء بـۆ لایەنی خودی و بابەتی دەگەڕێتەوە وەک نەبوونی قسـەکەری باشـی ژنان و نەبوونی توانای مادی پێویست».

لەبارەی کاریگەری کەمکردنەوەی بودجەشەوە چلـورە هـەردی گوتـی «کەمکردنـەوەی بودجەی رێکخراوەکانـی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن حکوومەتەوە هێمایەکە بۆ داخستنی ئـەو رێکخراوانـەو ئەمـەش وادەکات، ژن هیـچ کەناڵێکی نەبێ بۆ ئـەوەی خۆی تێیدا ببێنێتەوە».

ئەو گوتیشی «ئەگەر حکوومەت بەو شێوەی ئێسـتا بێدەنگ بێ و پالّشتی لەژنان نەکات، ئەوا پرۆسەی عەلمانیەت و پرسی ژن دەچێتە دواوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەوەی، بۆ یەکسانی ژن و پیاو دەگوترێت و جارێکی دیکە ژن دەبێتەوە قوربانی».

ژنان لەسەنگەرێکی سەختدان

بەگوێـرەی زۆرێـک لەلێدوانـی چالاکوانانی ژن لـە ١٢-٨- ٢٠١٠ تائێسـتا ژنانی هەرێم بەسەختترین کاتدا تێپەڕیوون، چونکە لەلایەک رێکخراوەکانـی ژنان و بوارەکانـی مەدەنی راسـتەوخۆ لەلایـەن حکوومـەت بودجەیان کەمکراوەتـەوەو لەلایەکـی دیکـەوە ژنـان لەهەندێک مینبەرەوە هێرشـیان کرایەسەر. چلـورە هەردی، دەڵـێ «هەندێک لەگوتاری مینبەرەکان لەیاسای تیرۆر دا جێیدەبێتەوە، چونکـە دەڵێن دەبـێ ژن وا لەتلەت بکرێت ئەوەش هاندانی خەڵکە بۆ تیرۆرکردنی ژن».

پەرلەمانتار پێشـەوا نەجمەدین، لەوبارەیەوە گوتی «ئەگەر حکومەت بەو شـێوە بێدەنگی بنوێنێـت و هەڵوێسـتی نەبێ پرسـی ژن لەهەرێمدا دەچێتەدواوەو عەلمانیەت لەهەرێمدا پاشەکشە دەکات». هەریەک لەچلورە هەردی و پێشـەوا نەجمەدین، بەپێویسـتی دەزانن حکوومەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو هەڕەشانەی ئێستا کە دەکرێتەسەر ژن بکەن، ئەوان دەڵێن «ئەگەر بەو شێوەیە دۆخەکە درێژەی هەبێت ژنـان رووبەڕووی قۆناغێکی دژوارو سـتەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە».

لەترسی تووڕەبوونی مەلاکان جاڕی عەلمانیەت نادات

بـەپای زۆرێـک لەشـارەزایان ناسـنامەی حکوومەتـی هەرێـم دیارنییـەو نازانرێـت

حکوومەت بـــەرەو کرانەوەی عەلمانیەتە، یان پەیـــڕەوی ســـەرچاوە ئاینییـــەکان دەکات و پشـــتی لەعەلمانیەت کـــردووە . ئەو بۆچوونە بەلای مامۆســـتای زانســـتە سیاســـییەکانی زانکۆی سەلاحەدین زوبێر ڕەسوڵ، ترسی بۆ دەســـەڵات دروستکردووەو دەڵێ حکوومەتی هەڕێم شەرمنەو لەترسی تووڕەبوونی مەلاکان جاری عەلمانیەت نادات «حکوومەت تائێستا بێناسنامەیەو دەیەوێ وەک باڵانسێک لەنێوان دین و عەلمانیەتدا دەروازەیەک بێ، بەبیانووی ئـــەوەی گوایـــە زۆرینەی کورد موســـڵمانە، بێئـــەوەی دەرک بکـــەن عەلمانیـــەت مانای دژبەری ئایین ناگەیەنێت» .

لەبەرامبەردا ئەندامی ســـەرکردایەتی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان عـــارف ڕوشـــدی، حکوومـــەت بە «عەلمانـــی» دەزانێ و دەڵێ «پێویست ناکات حکوومەت جارێ عەلمانیەت بدات، چونکـــە خۆی عەلمانیـــە» . لەبارەی ئەو بۆچوونانەی دەڵێن حکوومەت پاڵپشـــتی مـــەلاکان دەکات و بێدەنگیشـــی لەبەرامبەر ژنان و ڕۆشـــنبیران نواندووە ڕوشـــدی گوتی «حکوومـــەت پاڵپشـــتی مەلاکانی لەســـەر حیسابی ڕۆشنبیران و ژنان نەکردووە، بەڵکوو ڕێز لەبیرو بۆچوونەکانی ئایینی دەگرێت وەک چۆن ڕێزیـــش لەبیرو بۆچوونی ڕۆشـــنبیران دەگرێت» .

سەرۆکی ڕێکخراوی خاتوو زین چلورە هەردی گوتی «ڕوون نییە دەســـەڵاتی هەڕێم بەرەو عەلمانیەت دەچێت، یان ڕێگە لەعەلمانیبوون دەگرن، هەندێ لەمامۆستای ئایینی، پیرو گەنج و منداڵ دژی ژن هاندەدەن، ئەمەش دەچێتە قاڵبـــی تۆندوتیـــژی و پێویســـتە حکوومەت هەڵوێســـتی هەبێت، ئەگـــەر وانەبێت، ئەوا حکوومەت بەرەو داخرانی ئازادی و عەلمانیەت دەچێت» .

ســـەبارەت بەو پرســـە گوتەبێژی حکومەتی هەڕێـــم د.کاوە مەحمود گوتی «ناکرێ بڵێین حکوومـــەت بەرەو داخرانـــی عەلمانیەت، یان کرانەوەی عەلمانیەت دەچێت، بەڵکو سیاسەت و ئەجێندای حکوومەت لەسەر ڕێزگرتن لەمافی مـــرۆڤ و ئازادییەکان و بنەمـــا ئاییننییەکان دامـــەزراوە، بۆیە حکوومەت لایەنگیری لەهیچ تۆیژێک نەکـــردووە، حکوومـــەت بەگوێرەی یاساو سیستەم کاردەکات» .



دەسەڵات پاڵپشتی مەلایە یان عەلمانییەت؟

قوبادی جەلیزادەی شـــاعیر دەڵێ «هەندێک لەمەلاکان لەهەڕێمی کوردستان مەترسی زۆریان لێ بەدیدەکرێت و پیلانێکی پێشـــوەختەیان لێدەخوێنرێتەوە، دەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان بەســـەر ڕۆشـــنبیراندا بســـەپێنن و ئەمەش جێگەی مەترسییە» .

سەبارەت بەستراتیژیەتی حکوومەتیش ڕوناک فەرەج، دەڵێ «لەســـتراتیژیەتدا حکوومەت بـــەرەو کرانـــەوەی عەلمانیـــەت دەچێت» . گوتیشـــی «ئەگەر لەمەلایەک ئەو پرســـیارە بکەیەت هەڵوێســـتی حکوومـــەت لایەنگیری ئێوەیە یان ڕۆشنبیران، دەڵێ حکوومەت ڕێگە بەژن دەدات دژی دین بوەستنەوە، وەک چۆن ژنانیش دەڵێن حکوومەت ڕێگەی بەمەلا داوە دژی ژنان بێت. گرنگە خودی ڕۆشـــنبیران و چالاکوانانی ژن هەڵوێســـتی خۆیان یەکانگیر بکەن و حکوومەت ناچاربکەن داواکارییەکانیان جێبەجێبـــکات نـــەوەک بێدەنگبـــن و بڵێن حکوومـــەت پاڵپشـــتی ئێمە نـــاکات» . ئەو گوتیشـــی «بزووتنەوەی ژنان دەخوازێ دین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە، ئەوە پەیامێکی باشە، بەڵام نابێ خۆیان ڕادەســـتبکەن و بەگوتاری هەندێ لەمەلاکان نائومێدبن» .

ڕۆژنامەنووس شـــێرزاد هەینی، لەبارەی ئەو پرســـەوە گوتی «دەسەڵاتی هەڕێم شەرمن و دوودڵەو گەمەی سیاسیی دەکات، سەرکردەکان هەندێکیـــان وەک ڕواڵەت بەشـــداری لەگەڵ مەلاکان دەکەن و پەیامەکەیان بەپیرۆز دەزانن، بەڵام هەندێک لەبەرپرسانیش هەن شانبەشانی ئـــەوان بـــۆ قازانـــج و دەســـتکەوتی حزبی پشـــتگیرییان دەکەن، یان لەترسی گەشەی ئەو ڕەوتە لەناوچەکە پشـــتگیرییان دەکەن، بەڵام ڕەوتی ئەزموونەکەو بازنەی سیاســـی و ڕۆژانەی هەڕێم وادەخوازێت دەسەڵات عەلمانی بێت، چونکە دوودڵی و ترســـی ناوێ و ناکرێ دوو گوتار بەیەکەوە بڕوات و دوو واژۆ لەسەر یەک بەیان بکەیت» .

بێ ناسنامەیە

پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان زوبێر ڕەسوڵ، هەمانـــڕای هەیەو دەڵـــێ «حکوومەتی ئێمە شەرمنە، ئەگەر دەسەڵات عەلمانی بوایە ئێستا ئەو شـــەڕەی لەنێوان ڕۆشـــنبیران و مەلاکان هەیە نەدەبووە شەڕی حکوومەت و مەلا، یان حکوومەت و ئافرەتان و ڕۆشـــنبیران. بەڵکو ئەمە شەڕی تۆیژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، دەبێ حکوومەت تەنیا بەیاســـا ئەم سنوورانە بپارێزێت» .

ئـــەو گوتیشـــی «لەبەرئەوەی ناســـنامەی حکوومەت دیارنییە، عەلمانییەکان حکوومەت بەهـــی خۆیان دەزانـــن. هەروەها مەلاکانیش حکوومـــەت بەهی خۆیـــان دەزانن داوادەکەن لایەنگیری بکرێن، لەکاتێکدا حکوومەت دەبێ لەو شەڕانەدا بێلایەن بێت» .

بەڕای زوبێر ڕەســـوڵ، تائێستا خەڵک خۆی یەکلاییـــنەکردووەتـــەوەو نازانرێـــت لایەنگیری دەسەڵاتی عەلمانییە یان دینداری. ئەو گوتی «ئەو کێشـــانە ئەگەر لایەنگیری حکوومەتی تێـــدا نەبێ بۆ کێشـــەی حکوومەتەو بەڕۆکی حکوومـــەت دەگیردرێـــت، لـــە ئەوروپاش ململانێی کەنیســـەو ڕۆشـــنبیران ماوە، بەڵام حکوومەت نایکاتە کێشـــەی خـــۆی، چونکە دەسەڵات عەلمانییە . «حکوومەتی هەڕێم وەک حزبەکان حوکمداری دەکات ئەو بیرکردنەوەو سیســـتەمە هەڵەیـــە، حزبـــەکان دەیانەوێ زۆرترین خەڵک و تۆیژەکان لێیانڕازیبن، بەڵام حکوومەت دەســـتوورو ڕێســـای هەیە نەوەک لایەنگیری تۆیژێک لەسەر حیسابی تۆیژەکەی دیکە بکات» .

www.netowe.com

لە پەیامنێری بۆ پەرلەمانتاری

پەیمان عزەدین:
گوێگرێکی باشم بەڵام قسەکەرێکی باش نیم

وارڤین – تایبەت: ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و چالاکوانی بواری مافەکانی ژن پەیمان عزەدین، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا باس لە ژیان، حەز و خولیاکانی دەکات و لەوبڕایەدایە پەرلەمان وەک هۆڵێکی شانۆ وایەو ئەندامان و سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆڵی ئەکتەر دەبینن. ئەو وەک خۆی دەڵێ رایەکی نەرێنی لەبارەی پەرلەمانەوە هەیە، منداڵییەکی ناخۆشی گوزەراندووەو بەخۆشەویستی چووەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە.

پەیمان عزەدین ساڵی ١٩٧٠ لەسلێمانی لەدایکبووە. لەخێزانێکی هەژار بووە، تەمەنی ٧ساڵ بووە باوکی لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوەو ٦ساڵ زیندانی سیاسی بووە. وەک گوتی ئەوکات هەرکەسێک بەتاوانی سیاسی دەستگیر بکرابایە مووچەکەی دەبڕدرا «تاکە سەرچاوەیەکی دارایی خێزانەکەمان مووچەکەی باوکم بوو». جگە لەوەش خێزانێکی گەورەبوون، چونکە باپیر و داپیرو پوورەکانی لەگەڵ ئەوان ژیاون. پەیمان باسی لەوەکرد کە دایک و پوورەکانی زەحمەتی زۆریان کێشاوەو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان کاریانکردووە. جگە لەوەش خاڵێکی یارمەتی زۆری داون «بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی رۆژانەو خوێندنی ئێمە، هاتووچۆی زیندان بۆ سەردانکردنی باوکم، خاڵێکم ژنی نەهێنابوو، یارمەتی زۆری دەداین». پەیمان، بەهۆی کەمدەرامەتی و زیندانیکردنی باوکی تەمەنێکی منداڵی زۆر ناخۆشی هەبووە «منداڵییەکی زۆر ناخۆشم هەبوو». دەربارەی بیروباوەڕی خێزانەکەی گوتی «بنەماڵەیەکی پابەندن بەئایینی ئیسلام، بەڵام بەهۆی زوو تێکەڵبوونی باوکم بەبزووتنەوەی سیاسی کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەی بنەماڵەکەیان جێهێشتووە، لەماڵی ئێمە جیاوازی لەنێوان کچ و کوڕەکان نەبوو، ئەوکات زۆر بەختەوەرتربووم لەکچە هاوتەمەنەکانی خۆم، ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کارکردنم، کاتێک گەورەبووم زۆر گران نەبوو لەدەرەوە کار بکەم، چونکە لەبنچینەوە وا گەورەکراوبووم بڕوای زۆرم بەخۆم هەبێت و جیاوازییەکی گەورە لەنێوان خۆم و براکانم نەبینم. ئێمە خێزانێکی زۆر تێکەڵ بووین لەگەڵ یەکتر، بۆیە زۆر گرانە بتوانم یەکێکیان دیاربکەم کە زۆرتر هاوڕێم بووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من گوێگرێکی باشم، بەڵام قسەکەرێکی باش نیم».

١٩٧٦ چووەتە قوتابخانە، لەقوتابخانەی کچانەی نێگار قۆناغی سەرەتایی و لەقوتابخانەی کچانەی سەیوان ناوەندی تەواوکردووە. لەتەمەنی منداڵی و گەنجی زۆر ئارەزووی ئەوەی کردووە ببێتە ئەکتەری شانۆ، دوای تەواوکردنی ناوەندی هیوای ئەوەی هەبووە، بچێتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ لەسلێمانی بەڵام باوکم قبووڵی نەکرد، بۆیە درێژەم بەخوێندن داو دواناوەندی لەقوتابخانەی ئاشتی کچان لەسلێمانی تەواوکرد. پەیمان، دواتر پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی بەشی شیکاری خوێنی لەموسڵ تەواوکردووە، لەساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریوسی لەیاسا وەرگرتووە.

وەک گوتی، سروشتی خێزانەکەی وابووە زیاتر لەرووداوە سیاسییەکان نزیکبوونە، بۆیە تێکەڵبوون بەفکری سیاسی شتێکی ئاسانبووە «لەناو خێزانەکانی هەرێمی کوردستان فکری سیاسی شتێکی بۆماوەییە، ئەوکاتەی گەنج بووم سەردەمی خوێندنەوەی فکری سیاسی زۆر باوبوو بەتایبەت فکری چەپ، ئەوکات بەشێوەیەکی گشتی هاوتەمەنەکانی خۆم لەوسەردەمەوە دابڕاونەبوونە لەسیاسەت».

پەیمان پەیوەندی بەهیچ پارتێک نەکردووە، چونکە وەک خۆی باسی کرد دیدێکی رۆشنی نەبوو بۆ پارتە سیاسییەکان «هێڵێکی فکری سیاسی گشتیم هەبووەو لەسەری رۆیشتووم. هیچ پۆستێکی حزبیم نەبووە، لەهیچ پارتێک ئەندام نەبووم».

بەبڕوای پەیمان سیاسەت بوارێکە کە کۆمەڵێک مەرجی هەیە، لەهەمووی گرنگتر بۆ ژن ئەوەیە واز لەو فکرە تەقلیدییە بهێنێت «ژن دەتوانێ بەدەستێک ماڵ، مێرد و منداڵەکانی هاوسەنگی رابگیرێت و بەدەستەکەی دیکەشی سیاسەت بەڕێوەببات. هەر کەسێکیش بڕیاریدا لەبوای سیاسەت کاربکات پێویستە کاتی تەواوی بۆ تەرخانبکات و بەدواداچوون بۆ زانیاری و پێشهاتە سیاسییەکان بکات و هەرکات کەسێ بێتە بواری سیاسەت واتا دەبێ ئازایەتی تێدابێت بۆ بەشداریکردنی لەگەمەی سیاسی. گەمەی سیاسیش ئەگەری

www.netewe.com



رام لەسەر پەرلەمان نەڕێنییە

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

دروستبوونی دەیان نیشانەی پرسیار، هەڕەشەو مەترسی هەیە لەسەر ئەو کەسە. دەبێ ئەوەندە توانای ئازایەتیت هەبێ کە بتوانی ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرانە ببیتەوە، پێش هەموو شتێک ئامادەیی بۆ بەختکردنی ئاسوودەیی خێزانەکەی هەبێت».

پەیمان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەک شانۆیەک وەسفدەکات «ڕام لەسەر دامەزراوەی پەرلەمان زۆر نەڕێنییە، هەستدەکەم ئێستا ئارەزووی تەمەنی گەنجیم هاتۆتەدی چونکە ئێستا کە ئەندام پەرلەمانم هەستدەکەم ئەکتەری شانۆم، چونکە لەناو هۆڵی پەرلەمان جگە لەشانۆیەک کە تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان بەسەرۆکایەتییەوە ئەکتەری زۆر شارەزان تێیدایا لەو چوارچیوەیە زیاتر نایبینم»، بەبڕوای ئەو داهاتووی پەرلەمان خەڵک یەکلایەدکاتەوە «گۆڕینی پەرلەمان بەدەنگی خەڵکە، ئەگەر خەڵک پێیانخۆشە نوێنەراکانیان ئەکتەربن ئەوا ئومێدی گۆڕانکاری ناکەم».

پەیمان باسی لەوەکرد پێش ئەوەی بچێتە ناو لیستی گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵێک دابونەریت بووە کە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو نەگونجاوە «ئەو بیروڕایەی ئێستام لەسەر پەرلەمان و پێشهاتە سیاسییەکان لەگەڵ لیستی گۆڕان دروستنەبووە، بەڵکو لەتەمەنی گەنجیدا ئەو بیروڕایەم بەرامبەر بەنەریتە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی سیاسی و حکومڕانی ئەو وڵاتە هەبووە».

پەیمان، سەبارەت بەگلەیی خەڵک لەئۆپۆزیسیۆن دەڵێ، گرفتی کۆمەڵگا ئەوەیە شتێکیان دەوێ و شتێکی دیکە دەکەن، گوتی «کۆمەڵگای ئێمە (دووفاقین). ئەوەشی ڕوونکردەوە خەڵک دەبێ بزانن ژیانی پەرلەمان ژیانی دەنگدانە، ژیانێک نییە شەڕی چەکی تێدا بکرێت خەڵک لەکاتی چوونەناو پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگ بۆ ئەو لایەنە دەدات کەبە ئاراستەی پێچەوانەی داواکاری و خۆزگەکانی ئەوانە». گوتیشی «گرفتەکە بەتەنیا لەئۆپۆزیسیۆن نییە، ڕەنگە لەلایەک ئۆپۆزیسیۆنیش یەکەم ئەزموونیەتی لەپەرلەمان لەناو کەشێکی زۆر بارگراوی بەکۆمەڵێک حەساسیەت و کردار و پەرچە کردارەکان». ئەو لەبارەی داهاتووی ئۆپۆزیسیۆن گوتی «پێموایە ئۆپۆزیسیۆن لەداهاتوو بەهێزتربێت لەبەرئەوەی هەر ڕەوتێک لەگەڵ داواکاری خەڵکدا بێت، لەسەر هێڵی بەرژەوەندی گشتی بڕوات، بەتەواوی بتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ، ئەو براوەیە».

پەیمان بەهۆی ئەوەی بڕوایەکی زۆری بەئازادی هەبووە، یەکسانی ژن و پیاو پرسێکی زۆر گرنگبووە لای. بۆیە ئەوکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەیەکێتی ژنانەوە کردووە، لەساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٨ لەیەکێتی ژنان کۆمەڵێک پۆستی هەبووە، یەکەمجار بەوێنەگری تەلەفزیۆنەوە دەستیپێکردووە، لەدوای ئەوە ئامادەکاری بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بووە، دواتر ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتی ژنان بووە، بۆماوەی ساڵێک سەرنووسەری گۆڤاری تەوار بووە، ماوەیەک لەڕۆژنامەی ژیانەوە پەیامنێر بووە، دواتر بۆ ماوەی ٥ ساڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوە بووە.

بەبڕوای پەیمان، ئاستی ڕێکخراوەکانی ژنان بەشێوەیەکی گشتی دەوەستێتەسەر ئەو تاکانەی تێیدا کاردەکەن، پارتە سیاسیەکانیش بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕێکخراوی ژنانیان بۆ

وا هەست دەکەم ئێستا ئەکتەری شانۆم



خەڵک لەکاتی چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگ بۆ ئەو لایەنە دەدات کە بە ئاراستەی پێچەوانەی داواکاری وخۆزگەکانی ئەوانە

خۆیان دروستکردووە ئەمەش لەقۆناغێک زەرەرێکی زۆری لەرەوتی بزووتنەوەی ژناندا، جگە لەوەش کۆمەڵێک رێکخراو بەهۆی ئەوەی کەسانێک بەرێوەیان بردووە بڕوا و زانیاری تەواویان لەسەر پرسی ژن هەبووە، کاری باشیان کردووە، گوتی «ئەگەر ژنە بەتواناکان لەیەک رێکخراو کۆبکرێتەوە گورێکی گەورەیان دەبێت».

پەیمان، تۆندوتیژی بەبەشێک لەکەلتووری کۆمەڵگا دادەنێت. «دابونەریتەکانمان لەو هۆکارە گرنگانەیە کە تۆندوتیژی تێدا لەئاستێکی بەرز دایە». ئەو پارتە سیاسییەکانیش بەهۆکارێکی دیکە دادەنێت بۆ بەردەوامبوونی تۆندوتیژی، لێکدانەوەی هەڵەی ئایین بەجۆرێکی دیکە تۆندوتیژی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوانەشدا تەکنۆلۆژیاش بەهۆکار دادەنێت بۆ دروستبوونی تۆندوتیژی «کرانەوەمان بەڕووی تەکنۆلۆژیا لەئاستێکی زۆر باشە، بەڵام نەمانتوانیوە گۆڕانکاری لەپرسی چەقبەستوو و داخراوی دابونەریت و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیەکانمان بکەین».

لەساڵی ١٩٩٣ پەیمان بەخۆشەویستی هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردو ئازاد خانەقینی کردووە، وەک گوتی بنەماڵەکەی سەرەتا بەو هاوسەرگیرییە رازینەبوون «شەڕێکی زۆر سەختم کرد تابنەماڵەکەم رازیبوون». ئەو لە ژیانی هاوسەرگیری ٢ کچی هەیە (رازبار لەساڵی ١٩٩٥، زنە ٢٠٠٠) لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠٠٦ هونەرمەند ئازاد خانەقینی هاوسەری بەنەخۆشی کۆچی دواییکردووە.

ئەو کتێبانەی پەیمان گرنگی پێدەدات زیاتر ئەو کتێبانەن باس لەپرسەکانی ژن دەکەن، گوتی «کتێبی نەوال سەعداوی کاریگەی زۆری لەسەرم هەبووە، هەروەها کتێبی ئادەمیزاد لەکۆمەڵگای کوردەواریدا عەبدولخالق مەعروف کاریگەری هەبووەو تائێستاش کۆمەڵێک دێڕی ئەو کتێبە لەخەیاڵم ماوە، هەندێک شیعرم پێخۆشە، بەڵام دەبێ کەسێک بۆم بخوێنێتەوە. کاتێک خۆم دەخوێنمەوە لێیتێناگەم». پەیمان، شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی زۆر پێخۆشە بەتایبەت ئەو شیعرانەی لەبارەی نیشتمان و سیاسەت نووسیویەتی. هەروەها گۆێ لە مۆسیقای کلاسیکی کوردی دەگرێ و دەڵێ مۆسیقای کلاسیکیم پێخۆشە. پەیمان، باسی لەوەکرد کەلە گۆرانییەکانی ئازاد خانەقینی زۆر نزیکە، گوتی «گۆرانییەکانی ئازادم زۆر پێخۆشبوو زۆر بەحەزەوە گوێی لێدەگرم».

جوانترین رەنگ لای پەیمان، رەنگی زەردە. جوانترین گوڵ، گوڵەباخە بەهەموو رەنگەکانیەوە.

پەیمان باسی لەوەکرد کە هیچ هاوڕێیەتی لەگەڵ بەکارهێنانی مکیاژ نییە، گوتی «تەنیا ئەگەر چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنم هەبووبێت مکیاژم بەکاردەهێنا». ئەو بۆنی ناسک بەکاردەهێنێت، هیچ کات جلی کوردی لەبەر نەکردووە، بەڵام گوتی «ئەم ساڵ جلی کوردیم کردووە، ئەوەش بەهۆی هاتنم بۆ پەرلەمان، چونکە زۆر بۆنە هەیە گرنگە بەجلی کوردی ئامادە بین».



ساکار رۆستەم

«به مەبەستی کوشتن هەوڵدەدرێت ژنێک لە شەڵتەر دەربهێنرێت»

وارڤین:

ژنێکی ئەسمەری باریکەلانە، بەدەم گریانەوە دەڵێ «پەشیمانم» وەک ئەوەی بیەوێ خەڵک لە «هەڵەو پەشیمانییەکەی» حاڵیبکات. ئەو دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پەیوەندی لەگەڵ خزمێکی خۆیان دانـاوەو دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکە ئێستا لەماڵی ژنانی هەڕەشەلێکراو ژیان بەسەردەبات و کەسوکاری دەیانەوێ بەهەر جۆرێک بێت وەریبگرنەوە.

هێلین ژنێکی تەمەن ٣١ساڵە. ماوەی ١٠ساڵە لەگەڵ فەرمان ٣٨ساڵ هاوسەرگیری کردووەو خاوەنی سێ منداڵن.

ئەو خوێندنی سەرەتایی خوێندووەو ژنی ماڵە. فەرمان پێشمەرگەی یەکێک لەفەوجەکانی سەربەسنووری قەزای کۆیەیە. بەگوێرەی قسەکانی ئەو ژنە، فەرمان دەوامی زۆربووەو زۆربەی کاتەکان بەتەنیا لەماڵ بووە، بەڵام کێشەیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نەبووە. تەنیا گلەیی ئەو لەمێردەکەی ئەوەبووە کە «گرنگی بەمن نەدەدا. زۆرکەم لەماڵدەبوو».

سەرەتای کێشەکەی هێلین بە»دانانی پەیوەندی لەگەڵ جەمال»، دەستپێکردووە. جەمال لەیەکێک لە کۆمپانیاکان کاردەکات و تەمەنی ٢٢ساڵە. خزمی هێلینە. «زۆرهاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، بەتایبەت کە زانی زۆربەی کاتەکان بەتەنیا لەماڵەوەم. پەیوەندی تەلەفۆنیشمان زۆربوو». ئەوە گوتەی هێلینە کە لەکاتی سکاڵا تۆمارکردندا لەسەر جەمال، لەبنکەیەکی پۆلیس گوتوویەتی. هەروەها هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵاکەی بەوە روونەدەکاتەوە کە «رۆژێک بەتەنیا لەماڵبووم، بەزۆر سێکسی لەگەڵ کردم، دواییش بەردەوام داوای پارەی لێدەکردم. تا لەتوانامدا نەماو بەمێردەکەم گوت کە جەمال داوای پارەم لێدەکات. بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێک فەرمان هیچ دەنگی نەبوو لەوەترسام بمکوژێت، بۆیە چوومە بنکەی پۆلیس و سکاڵام لەسەری تۆمارکرد».

هێلین، وێڕای ئەوەی کە ئێستا زۆر پەشیمانە، داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات یارمەتیبدەن، چونکە لەژێر هەڕەشەی کەسووکاریدایەو فەرمانیش تەلاقیداوە.

بەگوتەی سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کۆیە، دوای تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن هێلین «جەمال بۆ ماوەیەک دەستگیرکرا، بەڵام هێلین بەڵگەیەکی ئەوتۆی بۆسەلماندنی ئەو پەیوەندییە لەبەردەست نەبوو. نەجەمالیش دانی بەکارەکەیدانا. بۆیە دوای ماوەیەک جەمال ئازادکرا». ئەو سەرچاوە گوتیشی «دواتر فەرمان داوای لەسەر هێلین و جەمال تۆمارکردو هێلین بەمادەی ناپاکی هاوسەری دەستگیرکرا، بەڵام فەرمان نەیتوانی بەشێوەیەکی یاسایی ئەوە بسەلمێنێت. بۆیە لەدەرەوەی دادگا هێلینی تەلاقدا».

بەقسەی سەرچاوەیەکی نزیک لەماڵی هێلین «دوای ئەوەی فەرمان سکاڵا لەسەر هێلین و جەمال، تۆماردەکات. ماڵی جەمال، لەرێگەی سوڵحی عەشایەری لەگەڵ فەرمان رێکدەکەون. بۆیە فەرمان داواکەی دادەخات». هەر ئەو سەرچاوە گوتیشی «هێلین و جەمال، پەیوەندییان هەبووە، بەڵام نازانم ئایا بەزۆر سێکسی لەگەڵ کردووە، وەک ئەوەی هێلین باسدەکات، یان نا. چونکە جارێک هێلین پارچە ئاڵتوونێکی دابوو بەجەمال، ئەویش پەیوەندی لەگەڵ کچێکی دیکە هەبوو بەناوی سۆزان، ئاڵتوونەکەی دابوو بەو. لەبەرئەوەی ئەو کچەش خزمیان بوو هێلین، ئاڵتوونەکە لەبەرکچەکەدا دەبینێت. ئەوە سەرەتای کێشەکانی نێوان هێلین و جەمال بوو».

هاوکات ئێستا سۆزان ئەو قسانە رەتدەکاتەوەو دەڵێ «هیچکاتێک جەمال ئاڵتوونی نەداوە بەمن، ئەو ئاڵتوونە هی خۆمە».

جەمال رەتیدەکاتەوە کە لەرێگەی سوڵحی عەشایەری لەگەڵ فەرمان رێککەوتبێت «من هیچ پەیوەندییەکی نهێنیم لەگەڵ هێلیندا نییە. ئەو قسانەم بۆدروستکراون. پەناشم بۆ سوڵحی عەشایەری نەبردووە».

دوای ئەوەی فەرمان هێلین، تەلاقەدات ماڵی بابی هێلین لێیدەدەن، بۆیە دووبارە پەناداباتەوەبەر بنکەیەکی پۆلیس و ئەوانیش بۆپاراستنی ژیانی رەوانەی ماڵی دالدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی دەکەن.

بەگوتەی سەرچاوەیەکی نزیک لە کێشەکە ئێستا ماڵی باوکی هێلین لەهەوڵی وەرگرتنەوەی کچەکەیاندان لەو شەڵتەرەی کە کچەکەیانی لێدەپارێزرێ بەو مەبەستەی کە «بیکوژن» هاوکات سەرچاوەیەک لەپۆلیس گوتی «بەڵێ ئاگادارین کە ماڵێ بابی دەیانەوێ هێلین وەرگرنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە بەڵێننامە پڕدەکەینەوە کە هیچی لێنەکەین و تەنیا دەمانەوێ بگەڕێتەوە ناومان».

هێلین، وێڕای هەموو ئەو گرفتانە هیوادارە جارێکی دیکە بتوانێ لەگەڵ منداڵەکانیدا، کۆبێتەوە، هەرچەندە ئەوە «مەحاڵە» هەروەها داوا لەهەموو ژنان دەکات کە دوای ئەنجامدانی هاوسەرگیری هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ هیچ پیاوێک دانەنێن، چونکە سەرئەنجام تەنیا خۆیان دەبنە قوربانی. گوتیشی «من زۆر پەشیمانم. کە بەبێ ئاگاداری مێردەکەم ئەوەندە رووەمدا بەو کوڕە کە تووشی ئەو کێشەیەی کردم».

توێژەری کۆمەڵایەتی ئازاد جەلال، یەکێک

لەهۆکارەکانی ناپاکی هاوسەری لەلایەن ژنانەوە بۆ پیاو دەگەڕێنێتەوە، لەبەرئەوەی زۆرێک لەپیاوان لەڕووی سێکسییەوە ماف و گرنگی بەژنەکانیان نادەن، ژنیش مرۆڤەو وەک هەرتاکێکی خاوەن ئارەزوو لەژێر کاریگەری و فشاری ناوەوەیدایە. بیردەکاتەوەو لەهاوڕێکانییەوە قسە دەبیستێت، بەتایبەت ئەو دەستە خوشکەکانی کە نهێنی ژیانی تایبەتی خۆیان لای یەکتر باسدەکەن.

ئەو توێژەرە جەخت لەوەدەکاتەوە، رەنگە زۆرجار، ژنان لەنێو خۆیاندا باسی پەیوەندییە سێکسییەکانیان لەگەڵ مێردەکانیاندا بۆ یەکتر بکەن، زۆرجار هەست بەوەدەکات، نەگەیشتووە ئەو چێژو پەیوەندییەی کە هاوڕێکانی پێیگەیشتوون. لەوانەشە بەهۆی کەمشارەزایی هاوسەرەکەی تەنیا دوو سێ دەقیقە سێکسێکی خێرایان کردبێت.

گوتیشی «ژنیش بەوە خاڵی نابێتەوە، هەربۆیە بیری لەوە کردۆتەوە لەنهێنی ئەوە تێبگات، ئایا چێژی سێکسی چییە؟ کە ئەو نەیبینیوە بۆیە ئەوەی کردووە، لەوانەیە ئەمە کەمێک لەراستییەوە نزیک بێت. بەتایبەت کە ئەو کەیسە خۆی پارە یان ئاڵتوونیشی داوە بەو کوڕە».

بەگوێرەی گوتەی ئەو توێژەرە «سێکس بۆ پەیداکردنی پارە نییە، بەڵکو بۆ گەڕانە بەدوای نهێنی و شتە شاراوەکاندا».

ئازاد جەلال، باسی لەوەشکرد، دیوێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە، کە پاسەوان و پێشمەرگەو ئەوانەی کەشەو لەماڵەوە نین بۆشایی زیاتریان هەیە، ئەگەر سەیری رووداوەکەی کانی گۆمەو رووداوی زۆری دیکە بکەین، جا چ ئەوانەی ئاشکرا نەبوون و ئەوانە ئاشکرا بوونە، تێبینی دەکرێت لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پیاو بەهۆی پیشەکەیەوە شەو لەماڵ نەبووە.

هەروەها گوتی «شەو خەیاڵی سێکسی بەژن و پیاو دەدات، چونکە لەژێر بەتانیدا سنووری خەیاڵ فراوانە. ئازادی بیرکردنەوەی سێکسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەژێر بەتانیدایە، هەندێ لەژنان بەهۆی ئەوەی پیاوەکانیان لەدەرەوەن، بەکردار لێی بێبەشن، بۆیە بوار بۆ ناپاکی هاوسەری دەکەنەوە».

سەبارەت بەکارگەرییە دەرونییەکانی ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر ژن و پیاو، توێژەری کۆمەڵایەتی، ئازاد جەلال گوتی «پەشیمانی زیاتر پەیوەندی بەلایەنی دەروونی کەسەکەوە هەیە کە ناپاکی ئەنجامدەدات، چونکە ویژدانی ئاسوودە نییە. لەناپاکیدا ژنان زیاتر پەشیمانن. بە پێچەوانەوە پیاوان شانازی پێوە دەکەن».



www.nrtrwe.com

نابێ وتاری مامۆستایانی ئایینی سنووردارېکرێت



سەفیە سەلاح

سنووردارکرنی وتاری مامۆستایانی ئایینی، تەنیا مانای دژایەتیکردنی مامۆستایانی ئایینی نییە، بەڵکو بەرپاکردنی شەڕێکە دژی ئیسلام و دەستووری خوای گەورە «جل وجلاله».

چونکە وتاری مامۆستایانی ئایینی بریتی نییە لە: بیروڕای خۆیان، بەڵکو باسکردن لەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرە درودی خوای لەسەربێت.

(العلماء ورثة الانبیاء) واتە زاناکان جێگری پیغەمبەرانن (علیهم الصلاةو السلام). لەجیاتی دژایەتیکردن پێویستە مامۆستایان دەستخۆشییان لێبکرێ بۆ ئەو ئامۆژگارییە بەسوودانەی کە پێشکەشی خەڵکی دەکەن و ئەو رووبکردنەوە شەرعییانەی کە بۆ کیشەکان رایدەگەیەنن. کاتێک هاندانی خەڵک لەسەر خێر و چاکە بووە هوی ئەوەی لەکاتی گرانی و نەبوونی و گەمارۆدانی ئابووری سەر عێراق بەگشتی و گەمارۆی سەرکوردستان بەتایبەتی خەڵکەکە یارمەتی یەکتربدات بۆ بەستهێنانی بژێوی ژیانیان.

ئەو کەسانەی کەدەیانەوێ وتاری زانایان سنووردار بکەن، لەڕاستیدا هیوای ئەوە دەخوازن و مەبەستیانە کە نەیهێڵن. بەڵام ناتوانن بەئاشکرا ئەوە بڵێن چونکە ئەوانە باوەڕیان بەو ئایینە نییەو هاتووچوی مزگەوت ناکەن و گوێ لەوتاری ئایینی ناگرن. ئەوانەن کە خۆیان ئازادنین، لەبەر خۆپەرستی دەیانەوێ ئازادی خەڵکیتر ببڕن و دەیانەوێ خەڵک وەکو خۆیان گومڕا بکەن. من لێرەوە ئاموژگاری هەموو ئەوانە دەکەم کە ئەو خاک و گەلەیان خۆشبوێت و هەوڵی پێشخستنی بدەن و تەنیا رەخنە نەگرن بەڵکو هاریکاربن لەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئارام، هەوڵبدەن ئاسایشی وڵات تێکنەدەن و رێگەش لەوانە نەگرن کە خزمەتدەکەن.

بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان بەخوای گەورە نییە حەزناکەن گوێبیستی ئەو جۆرە وتارانەبن ئەوەش گرفتە، بەڵام گرفتی لەوەش گەورەتر ئەوەیە کە ئایا چۆن دەتوانێت ئەو قسەیە بەئاشکرابکات وەها داواکارییەک بکات بەبێترس لەخوای گەورە؟

پێویستە رێز لەئیمانداران بگیرێت، ئەوەش بزانن کە تائێستا دونیا بۆیە تیکناچێ و رۆژی دوایی نەهاتووە چونکە هەتا موسوڵمانێکی خواپەرست لەسەر زەوی بمێنێ ئەوە جیهان دەمێنێتەوە. واتە ئەو سەرزەوییە پڕ لەگومڕایی و نیفاق و دژاییەتی ئیسلامە، تێکناچێ هەتا خەڵکانیک هەبێ خواپەرستی بکەن.

کەواتە دەبێ گومڕایان و دونیاپەرستان مەمنوونی خواپەرستان بن، کە شەو و رۆژ دوعای هیدایەتیان بۆ دەکەن و دوعای خێر و بەرەکەت و رەحمەتی خوا ی گەورە دەکەن. هەموو ساڵێک لەسەر چیای عەرەفە چەند دوعا بۆ خۆیان دەکەن کە خوای گەورە هیدایەتیان بدا.

دەبێ بزانین کە رەحمەتی خوای گەورەیە، ئەمڕۆ ئێمە لەو خۆشی و ئارامی و ئاسایشەدا دەژین. ئێمەی کورد ساڵانیک لەشوێنی خۆمان حەوانەوەمان نەبوو.

ئیستا سوپاس بۆخوا کە کوردەکانی دەرەوە وا بەرەو کوردستان دەگەڕێنەوە. پێوستە سوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر ئەو هەموو بەخششە.

بەڵام زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ کەسانیک زۆر بێترس و بێشەرم نازانن دژایەتی کێ دەکەن؟ دژایەتی خوای گەورە. دەبینین کاتێک خەڵکانێک دژایەتی یەکێکی وەک خۆی دەکات ئەوە تەنانەت لەناو ماڵی خۆشیدا، حەوانەوەی نامێنێ و خۆی بنبزر دەکات. دەڵێن ئەوە دوژمنداره خۆی و خێزانی و خوشک و برای هەڵدێن.

ئایا دەبێ ئەوانەی کە دژایەتی خوای گەورە دەکەن العزیز، الجبار، المحی الممیت. دەبێ چۆن حەوانەوەیان بمینێ؟ کەواتە پێویستە رێز لەمامۆستایانی ئایینی و وتارەکانیان بگیرێت بۆئەوەی خوای گەورەش لەخۆمان تووڕە نەکەین.

پێویستە سنوور بۆ مەلا و وتارەکانیان دابنرێت



گوڵان سەلیم

پێویستە یاسا کاروباری هاوواڵتیان ڕێکبخات، کاری یاسا دانانی سنوورە بۆ هەموو تاکەکان لەهەر ئاستێکدابن، بەو ئامانجەی هیچکەسێک بەهیچ بیانوویەکەوە مافەکانی ئەوانی دی پێشێل نەکات. هەر بۆیە ئەرکی هەر تاکێکە لەهەر پلەوپایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریدا، پابەندی یاسابێ و لەو چوارچێوەیەدا ئەرک و فەرمانەکانیجێبەجێبکات.

لەناو کۆمەڵگادا هەر تاکێک هەر بیرو باوەڕو مەزهەبێکی هەبێ ئازادە، بۆجێبەجێکردنی و بەرنامەو ئەرکە ئاینییەکانی، بەمەرجێ ئازادی ئەوانی دی پێشێل نەکات. بەتایبەت هەرێمی کوردستان فرەئایین و فرەنەتەوەیە کە هەر یەکیان خاوەن تایبەتمەندی و دید وبۆچونیجیاوازن.

پیاوانی ئاینی مافی خۆیانە ئەرکە دینییەکانی خۆیان بەجێبگەیەنن و پێشنوێژی بکەن و وتاریان هەبێت، بەمەرجێ سنووری ئازادی کەسانیتر نەبڕن. پێویستە وتارەکان لەسەر بنەمای ئیسلام بێ و ڕەچاوی ئەو پێکهاتەیەی کۆمەڵگای کوردستان بکات، ئامانجی تەبایی، برایەتی، لێبوردەیی، خۆشەویستی پێکەوەژیانی ئاشتییانەو پاراستنیئەمنوئاسایشبێت.

بوغزو قین و مەرامی تایبەتی و وروژاندنی هەستی خەڵک، بەمەبەستی هاندانی خەڵک لەلایەن هەندێ لەو مەلایانە دووڕە لە ئەرک و بەرنامەی ئیسلام، لەکاتێکدا دامودەزگاکانی حکوومەت و یاسا مافی ئەوەیان هەیە لێپرسینەوە بکەن بەرامبەر ئەوانەی مافی خەڵک پێشێل دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر ئازادییەکانی خەڵک، ئەوانە ئاسایشی هەرێمیکوردستانتێکدەدەن.

وتاری ئاگرینی هەندێ لەو مەلا بەڕێزانە پڕە لەهەڕەشەوگوڕەشەو دروشمی تۆقێنەر کە دووڕە لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ئاینیەوەو مینبەری مزگەوتەکان بەمەبەستی سیاسی و تایبەتی دوور لەپرەنسیپە ئاینیەکان بەکاردێنن. لێپرسینەوەو کۆنترۆڵنەکردنی ئەم وتارانەش کەمتەرخەمییەکی گەورەیە، مانەوەی ئەم دۆخە بەمشێوازە هەڕەمەکییە ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوەو دواتر، کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێت. نووسینی نامیلکەی (راستییەکی ونبوو) وەک نموونە کە دۆ و دۆشاوی تێکەڵکردبوو، هەموو ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی ئافرەتانی وەک یەک حسابکردبوو، هەڵەیەکی گەورەیە. لەوەیش گەورەتر پشتیوانی هەندێ لە مەلاکانی هەولێر لە وتاری نوێژی هەینیدا، لەم نامیلکەیە کە ئاژاوەیەکی گەورەتری خولقاند، کوچک لەئاگر گەرمتربوو، بۆیە وەک چالاکوانێک داوا لە سەرۆکی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، هەر وەک چۆن بۆ حزب و بۆ ڕێکخراوەکان و بۆ حکوومەت و دامودەزگاکان بەپێی یاسا سنوور بۆ کارو چالاکییەکانیان دانراوە، سنووریش بۆ ئەو پیاوە ئاینیانە دابنێن کە ئاسایشی نیشتمانی و مافەکانی مرۆڤ پیشێلدەکەن.

www.netawe.com

باوکی بەزۆر بەشوویدەدات و بۆ کوشتنی هاوسەرەکەشی پشتیوانی دەکات

وارڤین – کەرکوک: ژنێکی باڵا بەرزی کەرکوکییەو وەک خۆی گوتی بەزۆر بەشووەدراوە بەپیاوێکی بەتەمەنی پارەدارو بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەی دڵپیسی لێکردووەو رۆژانە ئازاری داوە، بەهاوکاری کەسووکارەکەی دەستیچووەتە خوێنی هاوسەرەکەی و ئێستا لەگرتووخانەی چاکسازی کەرکوک بەبڕیاری دادوەر بەزیندان حوکمدراوە.



بەزۆر بەشووەدانی کچان، نەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە — فۆتۆ: وارڤین

ئەو ناوی خۆی نەگوت و ئارەزووی ئەوەی دەکرد بەناوی بەهار ناوی بهێندرێت. بەهار، بەتاسەوە باسی لەمندالّی خۆیکردو گوتی «هەر لەمندالّییەوە دووربووم لەهەموو حەز و ئارەزوویەک کە مندالّانی دیکە هەیانبوو».

گوتیشی «ژیانێکی سادەمان هەبوو، هیچ خۆشییەکەم لەمندالّیم نەبینی، هێشتا زۆر مندالّبووم کاتێک باوکم بەزۆر بەشووپیدام».

سەبارەت بەشووکردنی گوتی «لەتەمەنی ١٤ سالّیدا شوومکرد بەپیاوێک و ماوەی چەند سالّێک پێکەوەبووین، بەلاّم پیاوەکەم بەهۆی رووداوێکەوە کۆچی دواییکرد».

وەک گوتی دوای مردنی هاوسەرەکەی مالّی باوکی رێگەیان نەداوە بەبێ شوو بمێنێتەوەو لەتەمەنی نزیکەی بیست سالّیدا بەزۆر بەشوویانداوە بەپیاوێکی بەتەمەنی نزیکەی ٥٠ سالّ. بەهار لەبارەی ئەو شووکردنەوەیەوە دەڵێ «هیچ بەدڵی خۆم نەبوو، زۆر لەمن گەورەتربوو». ئەو بەخەمباریەوە باسی لەوەکرد، تەنیا هۆکاری ئەو شووکردنەی بەو پیاوە سامانی پیاوەکە بووە. «باوکم بەزۆر منی دا بەکابرایەکی پیر کە زۆر لەخۆم گەورەتربوو بەلاّم خاوەنی سەرمایەو پارەیەکی زۆربوو، هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە رازینەبووم لەسەر شووکردنم بەلاّم باوک و براکانم بڕیارياندابوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەم پیاوە تووشی دلپیسی بوو لەگەلّم، چونکە ئەو کەسێکی بەتەمەن بوو منیش کچێکی تازە پێگەیشتوو بووم هەر لێرەوە کێشەکان دەستیپێکرد».

بەهار گوتیشی «رۆژ بەرۆژ ژیانم بەرەو ناخۆشی دەچوو، بەوشێوەیە من ٢٣ سالّم لەگەلّی بەسەر برد، هەرگوتم بەلّکو رۆژێک لەرۆژان باش بێت، دوای چەند مندالّ هەر باش نەبوو».

لەماوەی ژیانیدا بەهار، ئەو کێشانەی لە مالّی باوکی شاردووەتەوەو سەرەنجام رەوشی ژیانی وایلێدەکات کە راستییەکانیان بۆ باسبکات «رۆژێک چووم بۆ مالّی باوکم پاش ئەوەی بەکێشەکانیان زانی وتیان پالّپشتیت دەکەین، لەهەر کارێک بیکەم چونکە من پێشتر ئەمانەم هەمووی لەمالّی باوکم شاردبووەوە، باسم نەکردبوو».

ئەو ژنە هۆکاری کوشتنی هاوسەرەکەی دەخاتە ئەستۆی باوکی و دەڵێ «دوای ئەوەی باوکم بەحالّەکەمی زانی، بوو بەهۆکاری سەرەکی بۆ کوشتنی پیاوەکەم ئەو خۆی بەزۆر بەشووی دام، پاشان پیاوەکەشی پێ بەکوشت دام».

لەبارەی چۆنیەتی کوشتنی هاوسەرەکەیەوە هیچی دیکەی پێنەدەگوترا، تەنیا دەیگوت «تاکو ئێستاش ئەو کارە کاریگەری لەسەرم ماوە، هەرکات ئەو دیمەنانە دێنەوە بەرچاوم وەک سەرخۆشێکم لێدیت، زۆر لەوە دەترسم شێت بم ئەو کارە شتێکی زۆر شێتانە بوو من کردم».

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کەرکوک لەوبارەیەوە بۆ وارڤین قسەی کرد و گوتی «باوک و براکانی ئەو کارەیان پێکردووە». بەلاّم بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە هیچکام لەکەسوکاری ئەو ژنە دەستگیرنەکراون.

لەکە تەنیا

شاعیرێک:
مەلاکان دەسەڵاتی چوارەمیان دەوێت

مەلا مەسعود: لە دادگا ناترسم و منەتیشم بەکەس نییە

وارڤین - تایبەت:

دوای ئەوەی هەریەک لەمەلا مەسعود کانیکوردەیی و بەرپرسی دەزگای ئاراس بەدران ئەحمەد حەبیب لەدادگا سکاڵایان لەدژی یەکتر تۆمار کرد، مەلا مەسعود بەر لەبڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگا رایگەیاند ئەو براوەیەو بێمنەتی خۆیشی لەبەرامبەر دادگا راگەیاند، قوبادی جەلیزادەش دەڵێ «مەلاکان دەیانەوێت دەسەلاتی چوارەم بن».

مەلا مەسعود، لەگوتاری هەینی ٢٠١١/١/٢١ رایگەیاند کە چووەتە دادگاو لەئەنجامی ئەو سکاڵایەی دژی تۆمارکراوە ئەو براوەیە. ئەو گوتەیەی مەلا مەسعود بەرلەوەی دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوە رابگەیەنێت مانایەکی زۆر هەڵدەگرێت، وەک چۆن لەئەنجامی پێشووی چەند سکاڵایەک لەدژی ئەو مەلایە کە بەپێی زانیاری گۆڤاری وارڤین لەدادگای کۆیەو دادگای باری کەسێتی هەولێر دوو سکاڵا لەدژی تۆمارکرابوون، بەڵام سکاڵاکان بەهەند وەرنەگیران، لێرە چەند بۆچوون و پرسیارێک دێتە ئاراوە لەوانە: ئایا دادگا بەدەم ئەو سکاڵایانەوە ناچێت کە لەدژی مەلا مەسعود تۆمار دەکرێت، یان سکاڵاکان فەرامۆشدەکرێن؟ کێ پاڵپشتی لەو مەلایە دەکات؟ دەگونجێت لەمینبەردا بەتوندی هێرش بکرێتەسەر کەسانێکی شاعیر و رۆشنبر؟ دەسەلات لایەنگیری کێی کرد؟ هەڵوێستی دەسەلاتی دادوەری چییە؟

مەلا مەسعود کانیکوردەیی لەساڵی ٢٠٠٧ وەک مەلایەکی تازە بەهێرشکردنەسەر حکوومەت و کاربەدەستانی حکوومەت لەهەولێر ناوبانگی دەرکرد. ئەو ئێستا پێشنوێژخوێن و گوتارخوێنی مزگەوتی محەممەد فەوزیە لەهەولێرو لەمینبەردا بەجیاواز لەمەلاکانی دیکەی هەولێربەیانی جەنگێکی دژی رۆشنبیران دەستپێکردووەو دەڵێ «بەرگری لەخودا دەکەم». راگەیاندنی جەنگی ئەو مەلایە دوای ئەوەهات، دەزگای ئاراس پەرتوکێکی شیعری بۆ شاعیر قوباد جەلیزادە بەناوی (ستیانی بەفر پرە لە ریشۆلّە) بەچاپگەیاندو لەمینبەری مزگەوتیشدا، مەلا مەسعود لە ٧-١-٢٠١١ هێرشیکردەسەر ئەو شاعیرەو دەزگای ئاراس. هێرشەکە لەوەوە سەریهەڵدا کە شیعرێک بەناوی (خودا دەیەوێ پشوو بدات) لەو پەرتووکەدا نووسراوەو ئەمەیش بەلای ئەو مەلایەوە بەکوفر وەسفکراو لەدوعاکانیشیدا داوای لەخودا دەکرد کە نووسەری ئەو پەرتوکە تووشی شێرپەنجە بێت.

بەڵام ئەوەی بەلای دەزگای ئاراسەوە جێی سەرسوڕمانبوو چۆن ئەو پەرتوکە بەرلەوەی لەبازارەکانی هەرێم بڵاوبکرێتەوە گەیشتووەتە دەست ئەو مەلایە. بۆیە دەزگای ئاراس داوای یاسایی لەسەر (مەلا مسعود) تۆمار کردو بەپێی لێدوانی بەدران ئەحمەد حەبیب، بۆ وارڤین لەداواکەی دەزگای ئاراس دا هاتووە «چۆن مەلا مەسعود دەستی بەکۆگای ئاراس گەیشت، ئەو پەرتوکە بەرلەوەی لە بازاڕ بڵاوبکرێتەوە بەدەست ئەو بگات». وەک بەدران، دەڵێ دوای هێرشی ئەو مەلایە بۆ سەر ئەو پەرتوکە لەکۆگای ئاراس بۆیان دەرکەوت یەک پەرتوک دزراوە ئەویش بەدەستی ئەو مەلایە گەیشتووەو ئەوان لەدادگە دەخوازن ئەوەیان بۆ روونبکرێتەوە.

ستیانی بەفر زیندانی کرا

لە ٢٠١١-١-١٣ دا لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان کە مەلا بەشیر سەرۆکایەتی دەکات بەپاڵپشتی یەکێتی زانایانی ئایینی بڕیاری رێگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئەو پەرتوکەی دەرکرد. لەلێدوانێکی تایبەتی شاعیر قوبادی جەلیزاد بۆ وارڤین هاتووە لەڕێکەوتی ١٥-١-٢٠١١ لەسەر بڕیاری مەلا بەشیر هێزەکانی ئاسایشی هەولێر هەڵیانکوتاوەتەسەر تەواوی کتێبخانەکانی ناو شاری هەولێر و دەستیان بەسەر تەواوی ژمارەکانی کۆمەڵە پەرتوکە شیعرەکەیدا گرتووە، بەڵام ئاسایشی هەولێر رەتیانکردەوە ئەوکارەیان کردبێت. دواتر بەدران ئەحمەد، بۆ وارڤین گوتی لەلایەن دەزگای ئاراس ئەو پەرتوکە لەبازاڕ کۆکرایەوە «لەژێر گوشاری لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان و یەکێتی زانیانی کوردستان ئەو پەرتوکەمان لەبازاڕ کۆکردەوە». هەروەک چۆن قوبادی جەلیزادە ئاشکرایکرد کە لەلایەن مەلا بەشیر خەلیل سەرۆکی لیژنەی پەرلەمانی کوردستانەوە راستەوخۆ بڕیاری کۆکردنەوەی ئەو پەرتوکە دراوە. لەوەڵامدا د.بەشیر خەلیل بۆ وارڤین نایشارێتەوە، دوای ئەوەی پەرتوکەکەیان لەلیژنەی ئەوقاف و یەکێتی زانایان هەڵسەنگاندووە بۆیان دەرکەوتووە لەشیعرێکدا کە ئەوشاعیرە نووسیویەتی خودایە پشوو بدە ئەمە کوفرەو پشێوی دروستدەکات «بۆ ئەوەی ئەو پشێوییە تەشەنەنەکات، پێمانباشبوو لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەینەوە، تا رێ لەبڵاوکردنەوەی لەبازاڕەکانی هەرێم بگیردرێت». قوبادی جەلیزادە دەڵێ

«پەرتوکەکەم زیندای کرا، مەلاکان دەیانەوێ دەسەڵاتی چوارەم بن و دەنگی هەرچی رۆشنبیرە کپبکەن». وەک قوبادی جەلیزادە، گوتی زیندانیکردنی پەرتوکەکەم پشێوی دروستەکات، نەک بڵاووبوونەوەی «ئەو شەپۆ بارگژییەی ئێستا لەنێوان رۆشنبیران و مەلاکان هەیە مەلاکان دروستیانکردووە، بۆ ئەوەی خۆیان بکەنە دەسەڵاتێکی زاڵ، تا بەوهۆیەوە هەرچی پێنوس و کتێبی رۆشنبیران هەیە بەفلتەری ئەوانەوە تێپەڕبێت و ئەوان دەسەڵاتی باڵای هەرێم بن».

مەلا مەسعود لەدادگایە

دوای ئەوەی هەریەک لەبەدران ئەحمەد حەبیب، سەرۆکی دەزگای ئاراس و شاعیر قوبادی جەلیزادە، پەنایان بردەبەر سکاڵا لەدژی مەلا مەسعودو تێیدا ئەو گوتارخۆێن و پێشخۆێنەی مزگەوتی محەمەد فەوزیان بەناوزڕاندنی دەزگاو پەرتوک و کەسایەتی خۆیان وەسف کرد، لەکاردانەوەیەکدا مەلا مەسعود لە ٢٠١١-١-١٤ لەدادگای هەولێر داوای یاسایی لەسەر بەدران ئەحمەد، تۆمار کرد. لەگوتەی مەلا مەسعود بۆ دادگا هاتووە «بەدران ئەحمەد حەبیب سەرۆکی دەزگای چاپەمەنی ئاراس لەدوو رۆژنامەدا ناوزڕاندنی پێکردووم و منی بەدز وەسف کردووەو نووسیویەتی کە من پەرتوکێکم لەدەزگای ئاراس دزیووەو سووکایەتی و تۆمەتی بۆ هەڵبەستووم». دوای ئەو هەنگاوە مەلا مەسعود بێمنەتی خۆی لەدادگا راگەیاند و گوتی منەتم بەکەس نییەو لەدادگا ناترسم و کەسیش نییە بمترسێنێ.

لەبارەی ئەو زانیارییانەی دەگوترێت دادگا لێپرسینەوە لەو سکاڵایانە ناکات کە لەدژی مەلا مەسعود تۆمار دەکرێت، گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم عەبدولباست فەرهادی بۆ وارقین دەڵێ، ئەوە تەنیا قسەیەو دادگا لێپرسینەوە دەکات «قۆناغی سکاڵاکە لەئێستادا کۆکردنەوەی بەڵگەکانە. ئەگەر بەڵگەکان سەلمێندران ئەوکات دادگا بڕیاردەدات کەسەکە بانگهێشت بکرێت یان دەستگیربکرێت. ئەگەر سزاکە لە ٥ ساڵ کەمتر بوو بۆ هەرکەسێک، ئەوا لەدادگای کەتنی هەولێر سزاکە جێبەجێدەکرێت، ئەگەر زیاتر بوو ئەوا دۆسیەکە بۆ دادگای تاوان دەنێردرێت.

لەبارەی ئەو گوتەی مەلا مەسعود «لەداگا ناترسم و بێمنەتم لە دادگا»، عەبدولباست دەڵێ، دەمانەوێ هەموو کەس لەدادگا نەترسێ و بێتەبەردەم دادگا، چونکە قۆناغێک خەڵک کە نەدەهاتە بەردەم دادگا ئەمە جێگەی مەترسیبوو، بەڵام قۆناغی ئێستا کە خەڵک لەدادگا ناترسێ و دێتەبەردەم دادگا، ئەوە ئاواتی ئێمەشە» .ئەمە لەکاتێکدایە کە مەلا مەسعود «دەستخۆشی لەدادوەرو دادگاکانی شاری هەولێر کرد کە ئەو گۆڤار و رۆژنامەنووسانە سزادەدات، دژی ئایینی ئیسلام و مامۆستایانی ئیسلام دەوەستنەوە».

مەلا مەسعود: سەرۆکی هەرێم پەرتوکەکەی راگرت

هەرچەندە قوبادی جەلیزادە بۆ کۆتاییهاتن بەسووکایەتیکردن بە رۆشنبیران و نووسەران دەڵێ «بەرنامەی ئەو مەلایانەی هێرشدەکەن پێشوەختەیە، بۆ ڕێگەگرتنیش پرۆژەیاسایەکمان بۆ پەرلەمان ئامادەکردووەو بەپەرلەمانی کوردستان داوەو لەو پرۆژەیاسایەدا داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مزگەوتمان کردووە کە سنووریک بۆ هێرشانە دابنرێت، بەڵام مەلا بەشیر، یاساکانی سزادانی عێراقی دەکاتە پێوەرێک بۆ سزادانی ئەو نووسەرانەو دەڵێ، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی هەر نووسینێک یان هەر کەسێک ناوزڕاندن بەهەر ئایین یان ئایینزایەک بکات تووشی سزادان دەبێتەوەو ئێمەش بۆ ئەو کارە پشتمان بەمادەکانی یاسا بەستووەو ڕێ لەهەرکەسێک دەگرین ئەو کارە بکات. بەڵام دواجار لەبارەی کۆکردنەوەی پەرتوکەکەی قوبادیجەلیزادە لەبازاڕەکانی هەرێمدا، مەلا مەسعود نهێنییەک ئاشکرادەکات و دەڵێ «ئەو پەرتوکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بڕیاری ڕاگرتن و کۆکردنەوەی درا».

قوبادی جەلیزادەش نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ و لەپەیامێکدا دەڵێ دەسەڵاتی هەرێم لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژییانەی مەلایانی ئایینی ئەنجامی دەدەن زۆر کپ و بێدەنگە.

«رۆشنبیران پشتیان لەپرسی ژن کردووە»

رێبوار سیوەیلی: گوتاری هەندێک رۆشنبیری کورد لە هی ئوسامە بنلادن دەچێت

وارڤین – تایبەت:

چالاکوانانی ژن پێیانوایە بەشێکی زۆری رۆشنبیران بێهەڵوێستبوون بەتایبەت لەو هێرشانەی لەلایەن مەلاکان کرایەسەریان، بەبڕوای رۆشنبیرانیش چارەسەرکردنی کێشەی نێوان مەلا و ژن، بەدەرکردنی بەیاننامەو خۆپیشاندان نابێت، بەڵکو لەڕێگەی گفتوگۆکردنەوە دەبێت.

چالاکوانانی بواری ژن بۆ دەربڕینی ناڕەزای خۆیان بەرامبەر هێرشی هەندێک لەمامۆستایانی ئایینی و کتێبی «راستییەکی ونبوو» لە٥ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١١ خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ساز کرد، بەڵام لەو خۆپیشاندانەدا ژنان خۆیان تەنیا بینییەوەو ئەو رۆشنبیرانەی بانگەشەی پاراستنی مافی ژنانیان دەکرد لەریزی خۆپیشاندەراندا نەبینران.

ژنە نووسەر تامان شاکر، پێیوایە ئەو شەڕەی لەنێوان هەندێک مەلاو چالاکوانی بواری ژندا هەیە هەر بەردەوام دەبێت، کاری رۆشنبیران هەر بەلاوازی دەمێنێتەوە، چونکە ئەوان وەک پێویست رۆڵی خۆیان نابینن، گوتی «بەداخەوەم بۆ ئەوەی رۆشنبیران لەوڵاتی ئێمە هەمیشە نەیانتوانیوە وەک پێویست رۆڵی خۆیان ببینن، چونکە رۆشنبیری ئێمە خۆی یەکلانەکردۆتەوەو هەمیشە دەیەوێ لەلای خەڵک قبووڵکراو بێ و نایەوێ هەنگاوێک لەپێش خەڵک بێت».

هودا زەنگەنە، یەکێکە لەچالاکوانی بواری مافەکانی ژن لەخۆپیشاندانەکە بەشداریکردووەو هەمان بۆچوونی تامانی هەیە، گوتی «بەشێک لەرۆشنبیران کەمتەرخەمبوون بەرامبەر بەپرسی ژن».

چالاکوانانی بواری ژنان پێیانوایە پرسی ژن لەهەرێم نەبووتە پرسێکی گشتی، بەڵکو زیاتر وەک پرسێکی تاکەکەسی ماوەتەوە، لەوبارەیەوە تامان شاکر گوتی «داکۆکیکردن لەمافی ژن لێرە بووەتە کێشەی تاکەکەسی نەبۆتە کێشەیەکی گشتی، کەس خۆی بە بەرپرسیار دانانێت»، ئەو گوتیشی «سەندیکای رۆژنامەنووسان تەنانەت بەیاننامەیەکی پشتگیریشیان دەرنەکرد، لەبەر ئەوە رەشبینم بەرامبەر بەهەڵوێستی رۆشنبیران».

زیاتر لە ١٣٠٠ رۆشنبیر، هونەرمەند، نووسەر، پەرلەمانتار و رۆژنامەنووس لەرێگەی یادداشتێکەوە داوای ئەوە دەکەن ئایین لەهونەر و رۆشنبیری جیابکرێتەوە.

هودا زەنگەنە دەڵێ، کاتێک هێرشی مەلاکان بۆ سەر چالاکوانانی ژنان بوو رۆشنبیران هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، بەڵام کاتێک هێرشکرایەسەر بۆچوون و نووسینی هەندێک لەو رۆشنبیرانە هەڵوێستێکی کاریگەریان هەبوو «گەلەیی تووندم هەیە لەو رۆشنبیرانەی بۆ ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە، بەڵام کاتێک پەیوەندی بەژنانەوە هەیە هیچ هەڵوێستێکیان نییە، دیارە پرسی ژن لای ئەوان مەسەلەیەکی گرنگ نییە».

چالاکوانانی بواری ژنان باسیان لەوەکرد پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە، کە یەکێکبوو لەو هەنگاوانەی چالاکوانان و رێکخراوەکانی ژنان ئەنجامیاندا دژی هێرشی مەلاکان، بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانیان لەوە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون بەشداری ئەو هەنگاوەیان بکەن. تامان شاکر، گوتی «هەریەک لەئێمە چەند کەسانێکی رۆشنبیرمان ئاگادارکردەوە، بەڵام هەموویان پاساوی ئەوەیان هێنایەوە ناتوانن ئامادەبن چونکە باری تەندروستیان خراپە».

چالاکوانانی ژنان پێیانوایە تائێستا پێناسەیەکی زانستی و گونجاومان بۆ رۆشنبیران نییە، جگە لەوەش بەشێک لەرۆشنبیران و نووسەران خاوەن دوو کەسایەتین.

تامان، باسی لەئیزدواجییەتی نووسەران و رۆشنبیران کرد «رۆشنبیرانی ئێمە خاوەن دوو کەسایەتین، کەسایەتێک لەسەر کاغەز و رۆژنامەکانەو کەسایەتێک کە کەسایەتی راستەقینەی خۆیەتی، بۆیە قسەو کردارییان وەک یەک نییە ئەمەش لەسەنگیان کەمدەکاتەوە». ئەو باسی لەوەش کرد رۆشنبیران دابەشبوونە بەسەر چەند پارتێکی سیاسی، بەبڕوای ئەو پارتەکانیش بێهەڵوێستیان دەکەن و هەموو مەرجێکی داهێنانیان لێدەسێننەوە، جگە لەوەش ئەوان زیاتر بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆیان کار دەکەن.

نووسەر رێبین رەسوڵ ئیسماعیل دەڵێ «بەشی زۆری رۆشنبیران چاوەڕوانی ئاماژەی حزبەکانیان دەکەن بۆ بەشداریکردن لەهەندێک پرس، ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر ئەوەی بەشێکی زۆریان وەک چاودێرێک بن و نەتوانن بێنە ناو مەسەلەکان». هودا زەنگەنەش، باسی لەوەکرد، تائێستا پێناسەیەکی زانستی بۆ کەسی رۆشنبیر نەکراوە، گوتی «بەشێک لەو کەسانەی لەنووسینەکانیان کۆمەڵێک وشەی دڕەوشاوە بەکاردەهێنن، کردارەکانیان بەشێوەیەکی دیکەیە، بەڵام رۆشنبیران ئەوانەن کە وشەو کردارەکانیان یەکبگرێتەوە. رۆشنبیرانی ئێمە ئەوەندەی گرنگی بەپرسە سیاسییەکان دەدەن، ئەوەندە گرنگی بەپرسی ژن نادەن».

رێبین رەسوڵ گوتی یەک خەون رۆشنبیران و چالاکوانانی ژن کۆدەکاتەوە، ئەویش خەونی ئەوەیە، کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێشکەوتن بچێت و مافەکانی تاک تێیدا بەرجەستە بێت، بۆیە پێویستە پاڵپشتی یەکتر بکەن لەهەموو پرسەکان. لەبارەی گلەیی چالاکوانانی ژنانیش گوتی «گلەیی ئەوان لەجێگەی خۆیدایە، دەبوایە رۆشنبیران رۆڵی کاریگەریان هەبوایە لەو پرسانەی پەیوەندی بەژنان هەیە بەتایبەت لەو کێشانەی لەم کۆتاییە رووبەڕوویان ببووە».

ئەو هۆکاری بەشدارینەکردنی بەشێک لەرۆشنبیرانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە رۆشنبیرانیش پەروەردەی کۆمەڵگەن و بەشێکن لەئەقڵییەتی پیاوسالاری، بڕوایان بەمافەکانی ژنان نییە، راستە لەنووسینەکانیان داکۆکی لەمافی ژن دەکەن، بەڵام لەواقیعدا وانین، گوتی «رۆشنبیران دژی ئەقڵییەتی پیاوسالاری نین، بەڵکو ئەو توێژەن لەناو خێزانەکانی خۆیاندا



ژنان تەنیا دەمێننەوە..

فۆتۆ: رەفیق شوکری

مومارەسەی پیاوسالاری دەکەن، بۆیە کاتێک خۆیان هەڵگری ئەو ئەقڵییەتەن پێموانییە بتوانن پشتگیری لەپرسەکانی ژنان بکەن».

ئەو گوتیشی «هەندێک لەرۆشنبیران بڕوایان بەمافی ژن هەیە، بەڵام لەترسی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی ناتوانن پشتگیر بن».

ڕێبین ڕەسوڵ، پێیوایە کێشەی نێوان هەندێک لەمەلای مزگەوتەکان و چالاکوانانی ژن و ڕۆشنبیران پرسێکی زۆرهەستیارە، «ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی بەدەرکردنی بەیاننامەو خۆپێشاندان چارەسەر نابێت، بەڵکو لەڕێگەی گفتوگۆکردن و لێکتێگەیشتنی هاوبەشەوە چارەسەر دەبێت».

چالاکوانی بواری ژنان چلورە هەردی، باس لەوەدەکات نەک تەنیا ڕۆشنبیران، بەڵکو بەشێکی زۆری کۆمەڵگەو سەرۆکی حکوومەت و پارتەکانیش لەم دواییانە پشتگیرییان لەپرسەکانی ژنان نەکرد، چونکە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە کاتێک مەسەلەکان پەیوەندی بەپیاوان هەیە هەموو پێشگیری لێدەکەن، بەڵام ئەو پرسانەی پەیوەندی بەژنان هەیە ڕۆڵی کاریگەریان نییە، گوتی «کاتێک باس لەکێشەی لەنێوان ڕۆشنبیران و مەلاکان دەکرێت، باس لەچالاکوانانی ژنان ناکرێت کەئەوانیش بەشێکن لەڕۆشنبیران، ڕووبەڕووی هێرشی مەلاکان بوونەتەوە».

ئەو گوتیشی «چالاکوانانی ژنان گروپێکی بچووکن، بۆیە لەئێستادا زۆر پێویستیان بەپشتگیری هەیە».

هەر سەبارەت بەو پرسە مامۆستای زانکۆ و نووسەر ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ «دژی هەر جۆرە هێرشکردنێکم بۆ سەر چین و توێژەکان، لەپێش هەموشیانەوە چالاکوانانی بواری ژنان. لەم هێرشانەی ئەم دواییانەشدا هەندێک لەمامۆستا ئایینییەکان لەسنووری ئەو ماف و دەسەڵات و زانیارییانەی هەیانە، چوونەدەرێ و زیاد لەحەدی خۆیان پێیان لەبەڕەی ڕاکێشا، کە نەلەبەرژەوەندی ئایین و نە خۆیان و نەژیانی هاوبەش بوو».

گوتیشی «من لەگەلییەکەی چالاکوانانی ژن تێدەگەم، بەڵام گەلییەک نییە لەجێگەی خۆیدا بێت، چونکە جارێ ئەم چالاکوان و ڕێکخراوانەی ژنان و ئافرەتان، کە لەهەڕێمی کوردستاندا هەن، خاوەن یەکەهەڵوێست و یەک گوتار نین، دووهەم هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لەفۆرمەکانی ڕێکخستنی پیاوانە ڕزگار بکەن و خۆیان بەرهەمهێنەرەوەی کەلتووری پیاوسالارین. سێهەم ئەمانە بەگشتی زۆرئایدیۆلۆژیانە بیردەکەنەوە لەدوائەنجامدا سەرگەوەیەکیان هەیە کە نێرینەوپیاوێکە، جا ئەوە مێرد بێت، یان سەرۆک و ئەندامانی حزب یان هەر پیاوێکی دیکە بێت. لەولایترەوە، ئەمانە هیچ خوێندنەوەیەکی کەلتووری و مێژوویان بۆ ڕۆشنبیران نییە، چونکە ئەگەر هەیانبوایە نەدەبوو ئەو چاوەڕوانییە زۆرانەیان لەبەناو ڕۆشنبیران بکردایە. ئەوانەی ئەوان چاوەڕوانیان لێیان هەیەو پێیانوایە ڕۆشنبیرانی وڵاتن، پێش هەموو شتێک هەڵگری هەمان ئەو کەلتوورە پیاوسالاری و عەشیرەتسالاری و تەنانەت ئایینسالارییەشن کە مەلاکان لێوەی هێرش دەکەنەسەر ژنان و ژنان بەدەرچوون لەعورف و ئایین تۆمەتبار دەکەن».

ئەو لەبارەی ڕۆشنبیرانەوە گوتی کە ڕۆشنبیرانی ئێمە خاوەنی هەمان کەلتوور و ئەتەکێت و هەڵوێستن، کە لەمێژووی نێرسالاری ناوچەکەدا دۆزەخی بۆ ئافرەتان چێکردووە. لەبنەمادا تێڕوانینی شەخسی زۆرێک لەوانەی، ئێمە ناومان ناون ڕۆشنبیر، بەرامبەر بەئافرەت و مێیینە زۆر بازاڕیانەو توندڕەوانەترە لەدیدی ئەوانەی بەناوی ئایینەوە، بایکۆتی بوونی ژنان دەکەن. لەبەرئەوە ئەو گلەییانەی لەلایەن چالاکوانانی ژنانەوە ئاراستەی ڕۆشنبیران دەکرێت، نیشانەو بەڵگەی هەژاری ئەو بۆچوونانەیە کە ژنان بۆ ڕۆشنبیرانی ئەم هەرێمە هەیانەو ئەم ڕۆشنبیرانە جیادەکەنەوە لەوشەپۆلی پیاوسالارییەی لەناوچەکەدا مۆج دەدات. سیوەیلی، ڕەخنەی لە ڕۆشنبیران گرت و گوتی «ڕۆشنبیر بەو مانایەی لەئەمڕۆی کوردستانی ئێمەدا هەیە، بوونەوەرێکی خۆپەرست و مشەخۆرو بەرژەوەندگەرایەو لەکوێوە بای بێت لەوێوە شەندەکات و بەردەوام خەریکی یاریکردنە بەسۆزی ئاپۆڕەو جەماوەر، بەبێئەوەی جورئەتی ئەوەیان هەبێت، پەنجە لەسەر حەقیقەتی شتەباشەکان دابنێن و لەخراپەکانیان جیابکەنەوە. ئەمانە کاتێ بەرژەوەندی خۆیان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەهەمانشێوەی مەلاکان دەکەونە هاتوهاوارو هەموو ئەو قسانەی پێشتر لەسەر ناتوندوتیژی و دیموکراسییەت کردبوویان، لەبیریان دەچێتەوەو لێماندەبنە ئوسامە بن لادن». ئەو مامۆستایەی زانکۆ نموونەی بەوە هێنایەوە کە هەندێک ڕۆشنبیر، ترس و تۆقاندن بەرهەمدەهێنن «من وتاری کەڵە ڕۆشنبیرم لایە کە ئەو زمانەی پێینووسیوە هیچ جیاوازیی نییە لەزمانی سیاسییەکان و زمانی ئایینی مەلاکان. چۆن سیاسییەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان و حزبەکانیاندا ترس و تۆقاندن بەرهەمدەهێنن و چۆن هەندێ لەمەلاکان بەناوی ئایینەوە، دنیامان لێ دابەشدەکەنەسەر حەڵاڵ و حەرامەکانیان، ئاواش ئەو بەناو ڕۆشنبیرانە بەناوی ئازادی و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤەوە، توندڕەوییەکی سایکۆلۆژیی ئەوتۆ بەرهەمدەهێنن کە دەلالەت لەوزەیەکی زۆر شەڕانی و تۆقێنەردەکات و هیچ حورمەتێکی بۆ لێبووردەیی و جیاوازیی تێدا نییەو بەرگەی هیچ لێکدانەوەیەکی زانستی ناگرن».



ساکار ڕۆستەم

«راستییەکی ونبوو» هەڵەیەکی سیاسییە

د. نەزەند بەگیخانی:
بیهەڵوێستی حکوومەت هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی رادەبڕین و ئاسایشی هاووڵاتیان

وارڤین – تایبەت:

چالاکوانی بواری ژنان، شاعیرو لێکۆڵەری باڵا لەزانکۆی بریستڵ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی جێندەر و توندوتیژی د. نەزەند بەگیخانی، کێشەو گرفتەکانی ئەم دواییەی ماڵکان، لەگەڵ ژنان و ڕۆشنبیران بەدەستێکی دەرەکی وەسفدەکات و کتێبی راستییەکی ونبووش بەهەڵەیەکی سیاسی دەزانێت.

وارڤین: وەک دەزانن ماوەیەکە هێرشی لەدژ چالاکوانانی بواری ژن و ڕۆشنبیران بووەتە بابەتی ڕۆژبەی وتاری ڕۆژانی هەینی ماڵکان. ئەو هەڵمەتە چۆن شرۆڤە دەکەی؟

– **د. نەزەند:** شتێکی نوێ نییە، لەهەموو وڵاتان چینێکی کۆنەپارێز هەیە کە دژی بیر و بەرهەمی نوێیە. بەڵام ئەوەی کە ترسناکە بەنیسبەت کوردستانەوە ئەوەیە کەوا پێدەچێ ئەم ڕەوتە کاریگەری ئیسلامی سیاسی لەسەربێت. واتە پرۆژەیەکی سیاسییە کە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەناوچەکە دەیسەپێنن و هەندێ مەلاش لەکوردستان کاری پێدەکەن.

ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکەین ئەو کاریگەرییە ئایینیە سیاسییەیە کە دەیەوێ هەرێمی کوردستان چەقبەستوو بکات و وەک بەشەکانی دیکەی عێراق بیکاتە مەیدانی تونڕەوی و دووبەرەکی و توندوتیژی. چونکە گومانی تێدانییە کە بەردەوامبوونی ئەم بەرە تونڕەو و کۆنەپارێزە توندوتیژی و تاوانی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی ژن و پرسی جێندەر سێنتەری ئیسلامی سیاسین، ئەوە ژن و لەناو ژنانیش یەکسانیخوازان زیاتر بەرەوڕووی ئەم هەڵمەتە دەبنەوە. ئەم ڕەوتە ئیسلامە سیاسییە ئامانجێکی دیکەشی هەیە، ئەویش لێدانی بیر و



د. نەزەند بەگیخانی

پرۆژەی نەتەوەیی کوردییە، کە خۆی لەخۆیدا لەناو سیاسەت و پرۆگرامی حزبەکانی کوردستان لاوازە.

وارڤین: کتێبی «راستییەکی ونبوو» کە لەلایەن مەلایەکەوە نووسراوە ناوی هەندێ لەژنە چالاکوانەکانی تێدا هاتووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریش مۆڵەتی چاپی پێدراوە. ئێوەش یەکێکن لەو کەسانە. هەڵوێستی ئێوە چییە بۆ وەڵامدانەوە یان ڕوونکردنەوەی ئەو نووسینانەی لەو کتێبەدا هاتووە؟

– **د. نەزەند:** بەڕای من، چاپکردنی کتێبی «راستیەکی ونبوو» هەڵەیەکی سیاسییە کە نەدەبوایە ڕووبدات. لەبەرئەوەی لەکوردستان یاسایەکی گونجاو نییە بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسانەو سیستەمێکی بەدواداچوون و چاودێریش نییە، ئەوا هەڵەی ئاوا گەورە ڕوودەدات کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێ. ئازادی ڕادەبڕین پرەنسیپێکی گرنگەو دەبێ هەمووان بەرگری لێبکەن. هەموکەس ئازادە لەدەربڕینی بیروڕای خۆی بەپیاوانی ئایینیشەوە. بەڵام نابێ ئەو بیروباوەڕە ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (کە لە کوردستان دژوارە)، نابێ هانی ڕق و کینەو دووبەرەکی بدات لەنێوان هاووڵاتیان و گروپێک لەدژی ئەویتر پرچەک بکات. ئازادی سنووری هەیەو ئەو سنوورەش دەبێ ڕەچاوبکرێ. کاتێ لەئازادی کەسانی دیکە دەدات «لێرەدا ئەم ئازادییە دەبێتە پێشێلکردنی مافی ئەویتر. کتێبی «ڕاستیەکی ونبوو» لەلایەک هانی ڕق و کینە دەدات لەناخی خەڵک بەرامبەر بەیەکسانیخوازان. لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێ ژنان بێدەنگ بکات، ئەمەش کوشتنێکی کۆمەڵایەتییە.

جگە لەمەش، کتێبەکە کۆمەڵێ تۆمەتی ئاراستەی چەند کەسێک کردووە بەبێ هیچ بەڵگەیەک. ئەو ئیقتیباسانەی (کۆتەیشن) کە لەهەندێک نووسراو وەریگرتوون، لەکۆنتێکستی گشتی نووسینەکان تەرازاون و مانایان تێکدراوەو دەشێ لێکدانەوەی خراپیان بۆ بکرێ. تۆمەتەکانیش لەسەر بنچینەی ئەم هەڵەیە ئاڕاستەکراون و ئامانجێکی سیاسییان لەپشتە. ئەوئامانجەش لێدانی بیروکاریەکسانیخوازە لەکوردستان. مەلا فەرمان، ئەگەر مەبەستیەتی توندوتیژی و تاوان لەدژی ژنان کەمبێتەوە، بابێت باسی دیاردەی خۆسووتان بکات کە دژی ئایینی ئیسلامە. بۆ لەمە بێدەنگەو دەیەوێ ئەوانەش بێدەنگ بکات کە دەیانەوێ پرسەکە ئاراستە بکەن؟ ئەم کتێبە کە پشتیبەستووە بەمیدیاکان و ڕای ئەو

کەسانەی کە لەدژی رێکخراوەکانی ژنان و هەندێ لەچالاکوانان شتیان نووسیوە، رۆلی میدیاشمان بیردەخاتەوە کە بەداخەوە رۆلێکی ئەرێنی نەبووە. هیچکام لەکەناڵەکانی میدیا لەکوردستان ستراتیژی جێندەرییان نییەو بەگیانێکی لێبرسراوانەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی جێندەر و تووندوتیژیی پەیوەست بەشەرەف و رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانەوە ناکەن. لای کەسیش شاراوە نییە کە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان سازش لەگەڵ چینی مەلاو حزبە ئیسلامیەکان دەکات.

وارڤین: **تائێستا هەڵوێستی حکوومەت بەرامبەر بەو کێشەیەی هەندێ مەلا لەگەڵ ڕۆشنبیراندا دروستیان کردووە ناڕوونە. لەبەرامبەردا لێبرسینەوەیەکی ئەوتۆ دیارنییە، ئەوە مەترسی بۆسەر ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستان دروستناکات؟**

– **د. نەزەند:** بێگومان ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین و ئازادییەکانی تاک لەکۆمەڵگا. دەسەڵاتی سیاسی کەمتەرخەمبووە لەمەڕ پرسی جێندەر و تەواوی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بەئایین و «دابونەریتەوە» هەیە.

ئەمڕۆ لەژێر ناوی «کێشەی کۆمەڵایەتی» کوشتنی ژن حەڵاڵ کراوە. سێ خوشک بەیەکجار لە شێخان دەکوژرێن، لەجیاتی بەدواداچوون و دەستگیرکردنی بکوژان، لێبرسراوانی حزب و حکوومەت لێدوان دەدەن و دەڵێن «کێشەکە ئایینی و سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتییە». ئەمە زۆر ترسناکە، پەیامێکی نائینسانی دەنێرێ بۆ کۆمەڵگاو پێیاندەڵێ کوشتنی ژن تاوان نییە، پێیاندەڵێ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەکوشتن و خوێن چارەسەربکەن.

جا لێرەدا دەسەڵات چ بەهایەکی دەمێنێ بۆ هاوڵاتیانی ژن؟ دەسەڵاتی کوردی لەکاتێکدا بێدەنگی هەڵبژارد بەرامبەر بەکتێبی «ڕاستییەکی ونبوو»، هات کتێبی شاعیرێکی ناسکی وەک قوبادی جەلیزادەی بەفەرمانی پەرلەمان لەبازاڕ کێشایەوە. ئەمە زۆر ترسناکە. بابپرسین کام کتێب مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی هاوڵاتیان و سەقامگیری لەکوردستان: کتێبێکی شیعری قوبادی جەلیزادە یا کتێبەکەی مەلا فەرمان؟ بێگومان دەسەڵات ئەم پرسیارە ناکات و ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەمجۆرە مەلایانەو حزبە ئیسلامییەکان رازیبکات. ئەم هەڵوێستەی حکوومەت نەک هەر هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین، بەڵکو بۆ سەر ئاسایشی هاوڵاتیان و بۆ سەر سەقامگیریی کوردستانیش. هەروەها وادەکات کە چینی پێشکەوتنخواز خۆی تەنیاو نامۆ ببینێتەوە لەکۆمەڵگاو ئەم وڵاتە بەهی خۆی نەزانێ و ڕێگای کۆچ و مەنفا هەڵبژێرێت. جا هەروەک شاعیری گەورە ئەدۆنیس دەڵێ، چۆن لەوڵاتەکەم ببوورم کە ئەو کەسانەی خەمخۆرین و بەجدی کار بۆ پێشکەوتن و سەرفرازی دەکەن، ناچاربکات بەبێدەنگی و کۆچ کە جۆرێکی دیکەیە لە لەناوچوون و مردن.

وارڤین: **بەڕای ئێوە ناکۆکی مەلا لەگەڵ چەمکی جێندەر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– **د. نەزەند:** زۆر هۆکار هەن بۆ ئەم ناکۆکییە، لەسەرووی هەموویەوە ناتێگەیشتوویی، هاوتا لەگەڵ نەبوونی پەیوەندی و دایالۆگ لەنێوان خەڵک و چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا. ئەمەش ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی چەندسالەی کوردستان لەجیهانی دەرەوە، بۆ ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی بەعس و شەڕە یەکبەدوای یەکەکان و جینۆساید و سیاسەتی براکوژی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کە نەیانتوانی زەمینە بڕەخسێنن بۆ ساڕێژکردنی برینە ڕۆحی، دەروونی و عاتیفیەکانی مرۆڤی کورد. زۆر ئاساییە کە لەسەرەتادا کەسێ یا چینێک لەچەمکی جێندەر تێنەگات. لێرەدا ئەگەر ئامانج تێگەیشتن و تەکان بێت بەرەوپێشەوە، دەکرێ لەڕێگای پەیوەندی و دایالۆگ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و ڕێکخراوەکانی ژنان خولی ڕاهێنان بکرێتەوەو زانیاری ئایینی بانگهێشت بکرێن بۆ مێزی گفتوگۆ لەپێناوی ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک کە بەدیبکرێ. بەڵام لەکوردستان دایالۆگ نییەو ئیرادەو ئارەزوویەکی بەتینیش نییە بۆ تەکان بەرەوپێشەوە، بۆ چاککردنی بارودۆخەکە.

هەمووی هەر بەزمانی زبر و تووندوتیژانە دەدوێ، کەس کەسی قبوڵ نییە، هیچ ڕێکخراوێک دان بەوی دیکەدا نانێت، هیچ چینێک ئامادەیی تێدانییە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەویدی جیا. ئەوەی کە بوێرێ جیاوازانە کاربکات و دەربکەوێ، ئەوە بەچەکوشی تانەو توانج و قسەی هەڵبەستراو لەئینتەرنێت و هەندێ لەکەناڵەکانی میدیاوە هەوڵی ریسواکردنی دەدەن. لەئەنجامدا، مرۆڤ لەکوردستان ڕۆژانە بەرەوڕووی دیوار دەبێتەوەو چەکوشی بەردەکەوێ، بەردەوام دیوار دروستدەکرێت، دیواری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە مرۆڤەکان لێکدادەبڕێنێ و پردی پێکەوەیی و تەبایی دەڕمێنێت. بۆیە لەسەر زاراوەو چەمکێکی ئاسایی وەک جێندەر کۆمەڵێ لێکدانەوەو تێبینی هەڵە دەکرێت و خەڵکی زیاتر پێ چەواشە دەکرێت. ئەمە کەلتووری براکوژییە کە کۆمەڵگای کوردستانی عێراقی هێنایە ئاستێک کە لەسەر وشەو زاراوەیەک ئاژاوەو دووبەرەکی دروستبێت، هێڵی حزبایەتی دابڕێژرێت، ئەم ئەویدی ناوبەد و ریسوا بکات. ئامانج چییە لەم ڕەوتە؟ کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن دەبێ لەخۆمانی بکەین. دیارە ئەوەی کە زاڵە تەنیا میراتی تووندوتیژی و هەڕەشەوگوڕەشەیە، کاری باش، تێگەیشتن و هەنگاونان بەرەوپێشەوە گرنگیان پێنادرێ. لەم نێوانەدا ئیسلامییە سیاسیەکان بەرژەوەندی خۆیان دەبەنەپێشەوەو یاری بەهەستوسۆزی خەڵک دەکەن. هەندێ لەمەلاکانیش بەهاندانی حزبە ئیسلامییەکان، مینبەری مزگەوتەکان بەکاردێنن بۆ شووشتنەوەی مێشکی خەڵک و نقومکردنیان لەناو ناهۆشیاری، جۆرێک لەئیدمان. لەگەڵ ئەمەشدا، بەڕای من لەناو چینی زانایانی ئایینی هەروەک لەناو گروپەکانی ژنان و میدیا و هتد. کەسانی جیاواز هەن، کەسانی تێگەیشتوو و بیرمەند هەن کەدژی ئیسلامی سیاسین و ئەو ڕەوتە تووندڕەوییەی مەلا فەرمان و مەلا مەسعود و نموونەی ئەوان ڕەتدەکەنەوە. لەناو ڕێکخراوەکانی ژنانیش کەسانی تووندڕەو و بیرتەسک هەن کە لەوانەیە وەک پێویست نەیانتوانیبێ چ بەکردەوە و چ بەگوتار خزمەت بەپرسی ژن بکەن.

وارڤین: **زۆرکەس پێیانوایە دەستی دەرەکی لەپشت هاندانی مەلاکانەن، بەو پێیەی کوردستان لەگەلێک ڕووەوە هەنگاوی باشی بەرەو دیموکراسییوون و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوە؟**

– **د. نەزەند:** وەک لەسەرەتادا گوتم، ئەم هەڵمەتە بەکاریگەری ئیسلامی سیاسی لەعێراق و ناوچەکەوە بەڕێوەدەچێت. ئیسلامی سیاسی دژی هەموو پڕۆژەیەکی پێشکەوتنخواز و نوێیە. کوردستان جیاوازە لەبەشەکانی دیکەی عێراق و سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەک، کۆمەڵێ دەستکەوتی وەدەستهێناوەو کە دەشێ ببنە ئامانجی گروپە ئیسلامییەکان. بەڵام ئەم ڕەوتە کاریگەری نابێ ئەگەر لە ناوەوە زەمینەکە گونجاو و ئامادە نەبێت.

وارڤین: **ئایا چەمکی جێندەر لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگا ناکۆکە. هەندێک کەس و لایەنی ئیسلامی وا شڕۆڤەی دەکەن کە دژی ئایینی ئیسلامە؟**

– **د. نەزەند:** نە. بەهیچ شێوەیەک. ئەوەی کە ترسناکەو دژی هەموو پرەنسیپە ئایینی و مەدەنییەکانە، جەهلە. جەهل گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتییە.

خانزادی سۆران



کابان عەبدولکەریم عەلی*

یەک لەلایەنە پرشـــنگدارەکانی ژیانی کومەڵایەتی لەکوردستان، بەشداری کاراو بەبڕشتانەی ئافرەتی کورد لەلایەنە جیاجیاکانی ژیان، کەوای کردووە بوار بڕەخســـێ بۆئـــەوەی ئافرەتی کـــورد رۆڵی تەنیا ســـنووردار نەبێ لەئاســـتی کومەڵایەتی و ئابووریدا، بەڵکو پەرەبستێنێ بو ئاستی سیاسەت وبەڕێوەبـــردن. دەکری بڵێین خانزادی ســـۆران یەک لەو نموونە دیارانەیـــە، کەلەمێژووی کورددا نموونـــەی ئافرەتی چالاک و سیاســـەتوان بووە کەبەداخەوە، ژیان وچالاکییەکانی تائێستاش هەر بە لێڵی ماونەتەوە.

وائاماژە دەکرێ کە خانزادی ســـۆران، لەسەدەی شازدەهەمی زایینیدا ژیاوە. ناوی (خانزادی کچی حەســـەن بەگە) ســـاڵی لەدایکبوونی نەزانراوە، بەڵام بەمەزەندەی مێژوونووسان خانزاد لەکۆتایی ســـەدەی شازدەو ســـەرتای ســـەدەی حەڤدە دا ژیاوە.

خانزاد میرنشینی سۆرانی بەڕێوەبردووەوجێپەنجەی تائێستاش لەســـەرناوچەی سۆران، رواندز، هەریر و باتاس دیارە. بیروبۆچوونی زۆر جیاواز لەســـەر خانزاد لەنێوان میژوونوسەکاندا هەیە: هەندێکیان دەڵێن خانزاد دەســـەڵاتی میرنشـــینی ســـۆرانی وەرگـــرت پاش مردنـــی براکەی میر ســـولەیمان بەگ و بەشـــێکیتر دەڵێن میر ســـولەیمان مێردی خانزاد بووەو دوای مردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی میرنشینی سۆرانی وەرگرتووە.

لەبەرئەوەی سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە لەپاش میر ســـولەیمان کوڕەکەی عەلی بەگ دەسەڵاتی وەرگرت، بەڵام لەبەرئـــەوەی لەتەمەندا هەرزەکار بوو نەیدەتوانی میرنشینەکە بەچاکی بەڕێوەببات، بۆیـــە بوار بۆ خانزاد رەخســـا بـــۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکە، کاروبارەکانی لەئەستۆگرت لەبەرئەم هۆکارە زیاتر دەڵێن ئەو بووچونە راستە کە دەڵێ میر سولەیمان برای خانزاد بووە چونکە یادداشت کراوە میر عەلی، برازای بووە.

ئێمە لێرەدا دەتوانین شـــێبکەینەوە کە خانزادی ســـۆران وەک ئەندامی بنەماڵەی دەســـەڵاتداری میرنشینی ســـۆران مێردی نەکردووە، بەڵام خۆی تەرخانکـــردووە بو فەرمانڕەوایـــی و ئاگاداربوون لە (عەلی) برازای و بەسەرکەوتوویی ئەم ئەرکەی لەئەستوگرتووە.

خانزاد، دەستێکی باڵای هەبووە لەئاوەدانکردنەوەو دروســـتکردنی چەندەها مزگـــەوت و قوتابخانەو کوشـــک و قەڵا و پرد، ئەویـــش بەپێی گێڕانەوە میللیـــەکان و بەبەڵگەی ئەوەی کە هەندێک قەڵاو ناوچـــە ماونەتەوە تائێســـتاش بەنـــاوی خانزاد لەناوچەی هەریر و خانـــزاد نزیک هاوینە هەواری پیرمام و ناوچەی باڵەکایەتی.

لەســـەردەمی دەســـەڵاتداریتی خانزاد، خۆشی و ئاشـــتی و ئاســـایش بڵاوبووەوە لەمیرنشینەکە، باســـدەکرێ کە خانزاد بـــەردەوام لەنێو خەڵکی ناوچەکە ســـووڕاوەتەوەو لەباروگوزەرانی خەڵکی پرســـیوە، هەر بەمەش رازینەبوو بەڵکو جارجارە خـــۆی گۆڕیوەو جلیتری لەبەرکـــردووە واتەخۆی نەبان دەکرد بۆئـــەوەی لەرازونیـــازو و داوکاری خەڵک ئاگادار و شـــارەزابێ و لەئاستی رازیبوونی خەڵک لەفەرمانڕەوایی میرنشینەکە تێبگات.

هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو سەردەمی ئەو ئەوەندە سەقامگیرو گەشاوە بووە وەک سەردەمێکی زێڕین بـــوو بۆ میرنشـــین و خەڵکـــی ناوچەکە، چونکە هیچ کەســـێک لەنەیاران و دوژمنانی دەوروپشت نەیانتوانیوە یان نەیانوێراوە دەستدرێژی بکەنەسەر میرنشینەکە. لەکاتی شەڕەکان خانزاد لەپێشەوەی سوپا لەمەیدان جەنگاوە.

چـــۆن لەبـــارەی ســـەرەتاو ژیانـــی میرایەتـــی خانـــزاد زانیـــاری مێژوویی باوەڕپێکـــراو کەمە، بەهەمانشـــێوەش، کۆتایی ژیان و مردنی خانزاد روون نییە کەنگێ و چـــۆن بووە. گرنگ ئەوەیە، ســـەردەمی خانزاد ســـەردەمێکی گەشەدار بووەو میرنشـــینەکە لەســـەردەمی زێڕینی خۆی بوو کە شـــوێنەواری ئەم بەهێزییە هەتا ســـەردەمەکانی دواتریش هەرما بوو، دەکرێ بڵێین خانزاد هێمای ئافرەتی کوردی بوێر، سیاسەتوان و سەرکەوتوو بوو.

* ماموستای زانکۆ

www.netawe.com

بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ کـ



زێڕ... چەند ئەوینداری لە یەک کردووە؟ فۆتۆ: وارڤین

وارڤین – هەولێر:

لەشارەکانی هەرێمی کوردستان کڕینی زێڕ لەلایەن زاواوە بۆ بووک نەریتێکە لەکۆنەوە تائێستا درێژەی هەیە، بەڵام بەگوتەی دانیشتوانەکەی هەولێر پێش شارەکانی دیکە کەوتووەو ئەرکی ماددی ژنهێنان بۆ کوڕانی هەولێر قورستر لەچاو کوڕانی شارەکانی دیکە.

داواکاری زێڕ محەمەدی ٢٤ساڵ ناچارکردووە، واز لەو کچە بێنێ کە ئاواتی دەخواست بیکاتە هاوسەری. ئەو گوتی «لەگەڵ کچەکە لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتین و٦٠مسقاڵم بۆ دەکرد، دواتر ماڵەوەیان داوای ١٢٠مسقاڵ زێڕو ٣٠ وەرەقەی دۆلاریان کرد، منیش پێمهەڵنەدەسووڕا و وازم هێنا».

ئەو کوڕە گوتیشی «عادەتی هەولێر وایە بەتایبەت تورکمانەکان داوای زێڕی زۆر دەکەن، ئەمەش قورساییە لەسەر شانی کوڕ و نەگبەتییە، بەتایبەت بۆ کوڕە هەژارەکان».

محمد گوتیشی «بێهیوابووم لەو کچەو ئێستا بەنیازم برۆمە پێشەوە لە کچێکی دیکە، بەپێکەنینەوە گوتی»هەر خوا بکات ئەویش داوای زێڕی خەیاڵی نەکات».

زێڕ بووەتە ئاستەنگی بەردەم خۆشەویستی ٤ ساڵی محەممەد و سۆزان، محەمەدی ٢٦ساڵ کە مامۆستایە گوتی «باوەڕم نەدەکرد پارەو ئاڵتون ڕێگری لەخۆشەویستی من و سۆزان بکات و نەهێڵێت بەیەکبگەین، بەڵام ماڵی ئەوان باوەڕیان پێهێنام».

ئەو کوڕە گەنجە گوتیشی «حەزم دەکرد پارەیەکی زۆرم هەبوایە تا لە زێڕی هەڵکێشم کە ئەوەندەم نەبێت چیبکەم؟».

ئەو گوتیشی «٥جار چومە داخوازی و هەر ڕازینەبوون، دەیانگوت دەبێ ١٥٠ مسقاڵ زێڕی بۆ بکەیت، من نیوەی ئەوەشم نەبوو، دوای من بەزۆر کچەکەیان دایە کوڕێکی دەوڵەمەند».

کارزان گوتیشی کە لەدوای ئەوەوە باری دەروونی خراپبووەو ژیانی لێ تاڵبووە.

حاجی سەفین خاوەنی زێڕنگەری سەفین ماوەی ٣٢ ساڵە کاری زێڕنگەری دەکات لەهەولێر، ئەو باسی لەوە کرد، لەهەولێردا زێڕ مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری «لەچاو شارەکانی دیکە خەڵکی هەولێر زۆر گرنگی بەزێڕ دەدەن، هەفتەی پێشوو بووکێک یەک کیلۆ و نیو زێڕی کڕی».

ئەو زێڕنگەرە باسی لەوەش کرد، ڕۆژانە کڕیاری جیاواز ئاڵتونیان لێدەکڕن و شتی سەیردەبینن و گوتی «جارێکیان لەسەرئەوەی ماڵی زاوا ٥ مسقاڵ کەمتریان کڕیبوو هەر لە دوکانەکەمان دایکی بووک پەشیمانبووەو کچەکەی بردەوە».

حاجی سەفین گوتیشی «ڕۆژبەڕۆژ نرخی زێڕ لەبەرزبوونەوەدایەو قورسایی لەسەر شانی کوڕ زیاد دەکات و ماڵی باوکی بووکیش زێڕی کەمیان قبوڵ نییە».

تاڤگە عەبدوڵڵا، ٢٥ساڵ دانیشتووی هەولێر، باس لەوەدەکات تائێستا چەندین داواکاری ڕەتکردۆتەوە بەهۆی نەکردنی ئەو زێڕەی کە

لەچاو شارەکانی دیکە خەڵکی هەولێر زۆر گرنگی بەزێڕ دەدەن، هەفتەی پێشوو بووکێک یەک کیلۆ و نیو زێڕی کڕی

وڕانی هەوڵێر بێهیوا دەکات



زێڕ هەندێ جار سەنگی کڕ دیاریدەکات

فۆتۆ: وارڤین

ماڵەوەیان داوایانکردووە، ئەو گوتی «خۆم پێمباشە تائاستێکی مامناوەند زێڕم بۆ بکڕێت ٢٥ مسقاڵ بەسە، بەڵام ماڵەوە زۆرتریان دەوێت».

تاڤگە گوتیشی «زۆرجار داواکارم هاتووە نەیتوانیوە بەدڵی ماڵەوە زێڕم بۆ بکات، خۆم رازیبووم مێردی پێبکەم، بەڵام ئەوان نەیانهێشتووەو گوتوویانە خۆ کچمان نەدۆزیوەتەوە ئاوا بەئاسانی مێرد بکات».

ئەو کچە باسی لەوەشکرد کە خۆی ناتوانێ بەرەنگاری ماڵەوەو خزمەکانی بێتەوەو ئەوە لەدەستی ئەوانە، بەڵام گوتیشی «هەموو خێزانێکی هەولێر وا بیرناکەنەوەو هاوڕێم هەیە بەیەک ئەڵقە شوویکردووەو دایک و باوکیشی ڕەزامەندیان هەبووە لەسەر هاوسەرگیرییەکەی».

جوانی ٤٤ ساڵ یەکێکە لەو دایکانەی کە بۆ کچەکەی ٨٠ مسقاڵی داواکردووە، بەگوتەی خۆی لەبەر بەرژەوەندی ژیانی کچەکەی ئەوەی کردووەو گوتی «داوای زێڕی زۆرم کرد و پێداگریم کرد، چونکە دەمزانی کوڕەکە دەتوانێ ئەوەندە بکات کە داوامکردووە». هەروەها گوتیشی «لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەمبوو تابتوانن لەداهاتوو لەگەڵ پارەی دیکە کۆبکەنەوەو ماڵێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابنێنن». ئەو باسی لەوەشکرد، عادەتی هەولێری وایە کە

پێویستە ماڵی کڕ بارودۆخی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ ڕەچاو بکەن و داوای زێڕی زۆر نەکەن و گرنگی بەکەسایەتی کوڕەکە بدەن

کچیان شووبکات زێڕی زۆریان بۆ بکڕێت.

سۆزان تەها، توێژەری کۆمەڵایەتی لەمبارەیەوە بۆ وارڤین دواو گوتی «مەرجی کڕینی زێڕ لەکاتی هاوسەرگیری لەلایەن ماڵی کچەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وایدادەنێن سەنگێک دەداتە کچەکەیان بەرامبەر بەکەسووکارو هاوڕیانی». ئەو گوتیشی «سەنگ و نرخی مرۆڤ پێوانە ناکریت بەهەبوونی زێڕ، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک هەمان بۆچوونی هەبێت».

ئەو توێژەرە لایەنێکی دیکەی کڕینی زێڕی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لەڕووی دەرونییەوە زامنی ژیانی کچ دەکات بۆئەوەی کوڕەکە نەتوانێ بەئاسانی دەستبەرداری ببێت.

سۆزان، باسی لەو ئاکامانە کرد کە لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کوڕو کچانە دەکەوێتەوەو گوتی «ئاکامە خراپەکانی بۆ ئەو کوڕانەیە کە باری ئابووریان باش نییە، لەوانەیە لەکاتی هاوسەرگیری بەقەرز زێڕ بۆ کچەکە بکات و دواتر بیفرۆشێتەوەو ئەمەش کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوەو کاریگەری خراپ دروستدەکات لەسەر دەروونی کچەکە».

ئەو گوتیشی «پێویستە ماڵی کچ بارودۆخی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ ڕەچاو بکەن و داوای زێڕی زۆر نەکەن و گرنگی بەکەسایەتی کوڕەکە بدەن».



هەژان خالید

ژنان بە خوێندنەوە پێگ



وارڤین – سلێمانی: ئێستا دایکی سیما وەک خوێندکاری پەیمانگە دەخوێنێ، هەرچەندە تەمەنی نزیکەی دوو ئەوەندەی هاوپۆلەکانیەتی.
نیگار ئەکرەمی ٢٨ ساڵ دوای ١٠ ساڵ دابڕان لەخوێندن، جارێکی دیکە لەڕێگەی خوێندنی گەورانەوە توانی لەقۆناغی بنەڕەتییەوە دەست بەخوێندن بکاتەوە و یەک یەک پۆل و قۆناغەکانی خوێندنی بڕی، تا سەرئەنجام گەیشت بەخەونەکەی.

خوێندنی‌نائاسایی (گەوران)بەرنامەیەکی‌درێژخایەنی ڕێکخراوی (یونسێف)ە لەڕێگەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێی دەکرێت، بۆ دووبارەهێنانەوەی ئەو کەسانەی لەپرۆسەی خوێندن بێبەشبوونە یان دابڕاون.

نیگار، دەڵێ «نەهامەتییەکانی رابردووم ژیانی وایکردبووم، ڕێگەی خوێندنم لێبگرێت»، کارەکە زەحمەترببو کاتێک کە نیگار لەلایەن باوکییەوە برپاری ئەوەی بەسەردا درا کە دەبێ هاوسەرگیری بکات.

هەرچەندە نیگار، ئەوکاتە بەرهەڵستی برپارەکەی باوکی نەکرد، بەڵام لەدڵەوە نیگەران بوو»چونکە من دەمویست بخوێنم.» ئەو وایگوت.

نیگار گوتی»ژنان بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن، دەبێ بخوێنن» . ئێستا ئەو خوێندکاری قۆناغی یەکەمی پەیمانگەی تەکنیکی کەلارەو جگە لەبەخێوکردنی سیمای کچی، دەچێتە پەیمانگە .

٢٥٪ ژنانی عێراق نەخوێندەوارن

نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە نەخوێندەواری هۆکاری سەرەکییە لەبەشداری لاوازی ژنان لەهێزی کار و ٢٥ لەسەدی ژنان و کچان ئەوانەی لەسەرووی تەمەنی دە ساڵییەوەن توانای خوێندنەوە یان نووسینیان نییە .

ڕەنگە حاڵی ژنان لەم هەرێمە ئارامەی عێراق کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەلایەن دەستەڵاتێکی خۆماڵییەوە بەڕێوەدەبرێت باشتربێت، بەبەراوورد بەژنانی ناوچەکانی دیکەی عێراق .

ساڵانە لەهەرێمی کوردستان هەزاران ژنی نەخوێندەوار لەڕێگەی پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە، خۆیان فێری نووسین و خوێندنەوە دەکەن و بەشێکی زۆریشیان قۆناغەکان دەبڕن تادەگەنە زانکۆوپەیمانگەکان.

ژنان، لەڕابردوودا بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری لەگەڵ زاڵی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگای کوردی بەسەریاندا کەمتر دەیانتوانی بچنە بەرخوێندن.

بەشێکی زۆری کچان ناچاردەکران هەر لەقۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن یان ناوەندیدا واز لەخوێندن بهێنن و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکانیان بگرنە ئەستۆ.

هێرۆ حەسەن، دایکی سێ منداڵەو لەپۆلی هەشتە لەهەمان ئەو خوێندنگەیەی کە کچە ١٣ ساڵانەکەی تێیدا دەخوێنێت. زۆربەی کات هێرۆ و کچەکەی کە هاوپۆلن پێکەوە وانە دەخوێنن. هێرۆ، دەڵێ کە کچەکەی بەردەوام هەوڵی لەگەڵ دەدات تا لەوانەکاندا باشبێت. گوتیشی «لەبەرئەوەی بڕوانامەم نییە بێکارم، دەمەوێ بڕوانامە بەدەستبهێنم تاوەکو کار بکەم.»

ڕەنگە بۆ هێرۆ، خوێندن زەحمەتتربێت تا کچەکەی، ئەویش بەهۆی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ دڵی هاوسەرەکەشی رابگرێت و ڕۆژانە خواردنی بۆ ئامادە بکات.

هێرۆ دڵخۆشە بەوەی کە توانیویەتی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەر خوێندن و سووریشە لەسەرئەوەی کە بگاتە زانکۆ یان پەیمانگە .

نەخوێندەواری ژنان لەکار بێبەشدەکات

نەبوونی خوێندەواری یان نزمی ئاستی بڕوانامە لەهەرێمی کوردستان وایکردووە کە ژنان پشکێکی زۆرتریان بەربکەوێت لەبێکاری، بەڵام ژنان دەیانەوێ هەرچۆنێک بێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنن و ببن بەخاوەنی بڕوانامە .

زانیارییەکی وردلەبارەی ژنانی نەخوێندەوار لەعێراق لەبەردەستدا نییە، بەڵام شارەزایان هۆشداریانداوە کە ئەوە کێشەیەکی گەورەیەو زیانی گەورەش بەئابووری عێراق دەگەیەنێت.

نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاماری ٢٠٠٩دا لەڕاپۆرتێکدا رایگەیاند ژنان ١٧٪ی هێزی کاری عێراق پێکدەهێنن، هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کەلە دە بنەماڵە یەکێکیان ژن بەڕێوەیدەبا و ٨٠٪ ی ئەو ژنانەش هاوسەرەکانیان لەدەستداوە .

زۆرێک لەژنان دەڵێن لەڕێگەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەوە دەیانەوێ کارێکی باشیان دەستبکەوێت و ببن بەخاوەن ئابووری سەربەخۆ.

ژنان زیاتر لەناو پرۆسەکەدان

بورهان مەحەمەد ئەحمەد، لێپرسراوی فێرکردنی

ەی ئابووریان بەهێز دەکەن



ژنان "بە پیری دێنەوە بەر هەویری" فۆتۆ: وارڤین

نائاسایی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی دەڵێ، ڕێژەی نەخوێندەواری لەپارێزگای سلێمانی جیاوازییەکی زۆری کردووە لەچاو ساڵانی ڕابردوودا.

گوتیشی «زۆرێک لەخوێندکارەکانمان توانیویانە بگەنە ئاستی زانکۆو پەیمانگەکان، ئەوانەی کە چەند ساڵێک دابڕاون یان هەر خوێندەوارییان نەبووە.»

بورهان مەحەمەد، باس لەوەدەکات، لەسنووری ناوچەی شارۆچکەی پێنجوێن و گەرمیان و قەڵادزێ ڕێژەی نەخوێندەواری بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە بەرزترە.

هەرچەندە ئامارەکە بەنزیککراوەییە، بەڵام بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی فێرکردنی نائاسایی نزیکەی ٨ هەزار ژن لەسنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی دڕێژە بەخوێندنی نائاسایی دەدەن لەقۆناغەکانی، بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی.

لەساڵی ٢٠٠٩ دا زیاتر لە ١٩ هەزار خوێندکار بۆ دووبارە دڕێژەدان بەخوێندن لەناو بنکەکانی شاری سلێمانیدا سەرقاڵی خوێندن بوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ژمارەیەکی زۆری ژنان ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە کە ئەمەش وایکردوە زیاتر لەچوارچێوەی خێزانەکانیاندا بمێننەوەو نەتوانن کاربکەن.

خوێندن بۆ هەموان

سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لەدەستپێکی کردنەوەی وەرزی یەکەمی خوێندن دروشمی «خوێندن بۆ هەموان»ی بەرزکردوە.

هەروەها گوتی «پشتیوانی نەهێشتنی هەڵمەتی نەخوێندەواری دەکەین لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان».

بۆیەکەمجار هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٠ دا دەستپێکرد، لەسەرەتادا بۆ ئەو کەسانەبوو کە هیچ ئاستێکی خوێندەواریان نەبوو، دواتر بەپاڵپشتی ڕێککخراوی یونسێف پرۆگرامی خوێندنی خێرا دانرا کە خوێندکاران دەتوانن لەقۆناغی سەرەتاییدا دوو پۆل بەیەک ساڵ ببڕن.

نەخوێندەواری بۆ ١٨٪ کەمی کردووە

لەئامارێکی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە «لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٣٤٪ وە بۆ ١٨٪ کەمیکردووە». ژنان لەو ڕێژەیە ٦٦٪ یان بەردەکەوێت.

ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دی

ئەتەکێت



کنێر عەبدوڵڵا

kner_abdullah@yahoo.com

ئەگــەر بیرمان لــەو پەیوەندییە مرۆییانە کردەوە کــە خەڵکەکان پێکەوە گرێدەدات پێوەری زۆرێک لە بەهاکان بەدیدەکرێت، بەشــێوەیەک دەروونی بۆ بوونــەوەری دڕندە گۆڕیوەو رۆژانە بەڵکو هەمــوو کاتژمێرێک لەگەڵیدا دەجەنگێن. هەر مرۆڤێک دوولایەنی تێدایە لایەنێکیان شایســتەی ڕەخنەیەو ئەوی دیکەیان شایستەی ستایشکردنە.

لەوکاتەدا چۆن خۆشی و بەختەوەری بەدیدەهێنی لە مامەڵەکردنت لەگەڵ کەسانی دیکەدا. چۆن حوکمیان بەسەردا دەدەیت؟

بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەســانی دیکەدا پێویســتە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوەبکەین:

پێویســتە ئەم خەسڵەتانەت تێدا بێ بۆ ئەوەی بتوانیت مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێکدا بکەیت. تۆی تەنیا دەتوانیت تەرازووی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بەدیبهێنی.

یەکەمیان: بابەتییانە

بــەو واتایەی پێش ئەوەی ڕەخنە لە کەســانی دیکە بگری، ڕەخنە لەخۆت بگریــت. جگە لە قبوولکردنی ڕەخنەی کەســانی دیکە، لێرەدا مەبەســت ڕەخنەی باشە کە لەسەر بەرژەوەندی کەسەکان بنیاتنەنرابێت.

دووهەم: نەرمونیانی

نەرمونیانــی و لایەننەگیری و نەچوونەپاڵ وشــەی هاومانا بۆ یەکتری. ئەم وشــانەش بەئاشــکرا لەمامەڵەکردن و پەیوەندییەکانمانــدا دەردەکەوێت، لەچوارچێوەی خێزان و کارکردندا. لەکاتێکدا دانەپاڵ داخوازی و پێویستییەکی پێداگرتن دەبێ لەســەر ڕاســتی و ئەنجامدانی کارەکان و نواندنی، یان بۆ بابەتێک کە باشییەکانی زۆرتربێت لەخراپیەکانی.

سێهەمیان: بێفیزی «سادەیی»

سنووری توانا و سازانەکانت بزانە لەسەر ئەوانەی دەوروبەرت، بەبەردەوامی وشــەی خۆش و باش بخــەرە فەرهەنگی زمانەوانیتەوە، بەشــێوەیەک کە بتوانیت لەگفتوگۆکردنتدا زاراوەکانی بەکاربهێنێ لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

مەترسییە ژینگەییەکان راستین



شەرمین خۆشناو



لەمێـــژە لەرێگەی کەناڵە جیـــاوازەکان ئێمە وەک هاوواڵتیانـــی هەرێمـــی کوردســـتان بەکەســـانی بەرپرسیش بەردەوام شـــانازیمان بەوەکردووە کە ئەگەر بەخـــت لەڕووی نەتەوەیی و سیاســـییەوە یاوەری خەڵکی کوردستان نەبووبێت، ئەوا دووری وڵاتەکەمان لەکارەســـات و رووداوە سروشـــتییە ترســـناکەکان بەختێکـــە خوای گـــەورە بەئێمەو وڵاتەکەمانی بەخشیوە. بەاڵم ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێت بەهۆی خراپی ڕەوشـــی ژینگەی سەرجەم جیهـــان بەهەرێمـــی کوردستانیشـــەوە وردەوردە دیاردەی چ سروشـــتی چ تەندروســـتی ترسناک و کاریگەر ڕووی لەهەرێمەکەمان کردووە.

لەم چەند ســـاڵەی دواییدا نەخۆشـــییەکانی وەک ئەنفلۆنـــزای باڵندەو ئەنفلۆنزای ناســـراو بەبەرازو هەروەها بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا بەرێژەیەکی بەرفراوان لەشـــاری سلێمانی، ئەمانە بەشێکن لەو نەخۆشییە کوشندانەی کە وەک ئەمری واقع ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووەو بەهۆی کوشندەیی ئەو جۆرە نەخۆشـــییانە کە بڵاوبوونەوەیان ئاسان و خێرایـــە، بوونەتە هۆکاری شـــڵەژانی خەڵک و دەسەاڵتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان.

ڕاستەئەمنەخۆشیانەتایبەتنەبوونتەنیابەهەرێمی کوردستان، بەڵکو ئافاتێکی جیهانی بوو سەرجەم جیهانی ڕووبەڕووی مەترسی کردبۆوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە زانســـتی و تەندروستییەکان گۆڕانی کەشوهەواو پیســـبوونی ژینگە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی ســـەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە. هەروەها لەم چەند ساڵەی دوایی چەند دیاردەیەکی دیکەی ترسناکی ژینگەیی لەشێوەی وشکەساڵی و دیاردەی بەبیابانبوون و پیسبوونی هەوای شارەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی دیاردەکانی پیســـبوونی خاک و ئـــاوی هەرێمەکەمان بەماددە کیمیاوییەکان دەرکەوتـــوون و ئەمانەش بێگومان کۆمەڵێکی دیکەی ئەو مەترسییە ژینگەییانەن کە ڕووبەڕووی هەرێمەکەمـــان بوونەتەوەو دیاردەی مەترســـیدار و ترســـناکن بۆسەر ژیان و تەندروستی هاوواڵتیانی هەرێم.

لەم چەنـــد ڕۆژەی دواییدا دیاردەی بوومەلەرزەکانی شـــاری سلێمانیش وەک دیاردەیەکی سروشـــتی نامۆ، بەئێمەی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان وەک زەنگێکـــی مەترســـیدار بووە بۆ هەموو لایەکمان و پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو جۆرە ڕووداوە میوانێکی ناوەختی هەرێمەکەمانە. ئەوەی لێـــرەدا دەمەوێ تیشـــکی بخەمە ســـەر ئەوەیـــە کە ئیدی لەمەودوا چیتر خۆشـــخەیاڵانەو بەدڵنیایی نابێت بڕوانینـــە هەرێمەکەمان و دەبێ بەهۆشـــیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو مەترسییانە بکەیـــن. ئەمانەی کە ڕووبەدەن ڕاســـتین و دیاردەی مەترسیدارن. پێویستە لەسەر ســـەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان و هاوواڵتیـــان بەشـــێوەیەکی جدیتر بڕوانن ئەو دیـــاردە ژینگەیی و تەندروستییە مەترسیدارانە. بۆیە داواکارم لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بیرلەوە بکرێتەوە دەزگایەک دروست بکرێـــت بـــۆ لێکۆڵینەوەو شـــیکردنەوەی دیـــاردە سروشـــتییەکان و هەروەها چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەکاتی ڕووداندا. بەواتا ڕێک ئەو پەندە جێبەجێ بکەین، کە دەڵێ «پێشی تا، بابەڕەی بەخۆدا بدا».

ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست نەگیرێتەبەر لە ٢٥ ساڵی داهاتوودا زۆربەی دانیشتووانی هەولێر توووشی تالاسیما دەبێت



منداڵێکی تووشبوو بە تالاسیمیا، لەکاتی وەرگرتنی خوێن

وارڤین – تایبەت:

لەهۆڵێکی ساردو بێ کارەبا، بەدیار منداڵە هەشت ساڵانەکەیەوە وەستا بوو کە خوێنی بۆدادەنرا. بەبێتاقەتییەوە گوتی «لەماوەی بیست تا بیست و پێنج ڕۆژدا دەبێت جارێک خوێنی بۆ پەیدا بکەم. جاری وایە دەستم ناکەوێت دەبێت هەموو نەخۆشخانەکانی هەولێر بگەڕێم. من و هاوسەرەکەم هەردووکمان هەڵگرین، بۆیە منداڵەکەمان جۆری تالاسیمای گەورەیە». ئەوە قسەی نامیق ڕەزا، باوکی منداڵێکی تووشبوو بەنەخۆشی تالاسیمایە.

تالاسیما یەکێک لەنەخۆشییە کوشندەکانەو ئەو هاوسەرانەی هەڵگری ئەو جۆرە نەخۆشییەن و خوێنیان بۆیەک نابێ و مەترسییەکی گەورە بۆ ژیانی ئەو نەوەیە دروستدەکەن کە دەیخەنەوەو تائێستا لەهەرێمدا کار بۆبنبڕکردنی ئەو نەخۆشیە نەکراوە. بەگوێرەی شارەزایان لەدەرەوە چارەسەری نەخۆشی تالاسیما هەیەو تەنیا ١٥دەفتەر دۆلار خەرجیەتی، بەڵام تائێستا هیچ بەرپرسێکی ئەم وڵاتە کارێکی خێرخوازی بۆ ناردنەدەرەوەی ئەو منداڵە تووشبووانە ئەنجامنەداوەو حکوومەتیش هیچ پلانێکی لەبەردەست نییەو تەنانەت وەزیری تەندروستی و پارێزگار سەردانەی سەنتەری تالاسیمایان نەکردووە.

تالاسیما چییە؟

نەخۆشییەکی بۆماوەییە. گرفتێکی جینی لەهیمۆگلۆبین دروستدەکات. دەبێتەهۆی کەمخوێنی لەتووشبودا. بۆ یەکەمجار لە١٩٢٥ دۆزرایەوە. یەکەم خێزان کە تووشیبوون خێزانێکی ئیتاڵی بوو. هەر بۆیە ناوی تالاسیمای وەرگرت، بەواتای کەمخوێنی دەریا، چونکە زۆربەی وڵاتانی دەریای ناوەڕاست تووشیدەبن. لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوەو هەروەها لەوڵاتانی ئیتاڵیا، یۆنان، قوبرسیشدا بوونی هەیە.

جۆرەکانی

زۆر جۆر تالاسیما هەیە، بەڵام بەربڵاوترینیان دوو جۆرە:

یەکەم: ئەلفاتالاسیما athalassmia

دووهەم: بێتاتالاسیما bthalassema

لەهەرێمدا جۆری یەکەم، زۆرەو جێی مەترسییە. بەڕای پسپۆڕان ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست بۆ بنبڕکردن و کەمبوونی نەگیرێتەبەر لەوانەیە تا ٢٥ ساڵی دیکە، هەموو خێزانێک لەهەولێر تووشبێت، چونکە تاهاوسەرگیری نێوان هەڵگرانی ئەم نەخۆشییە بەردەوامبێت، نەخۆشییەکە پەرەدەسەنێت، بەڵام جۆری دووهەم کەمە. ئەگەر جۆری یەکەم بنبڕبکرێت ئەوا جۆری دووهەم نامێنێت کە جۆری گەورەیە.

د. ڕەنان قرداغ، پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی خوێن، ئاماژەی بەجۆرێکی

دیکە لەنەخۆشی کەمخوێنی کرد کە پێدەڵێن (Sicl cell). ئەو گوتی: «ناتوانین بڵێین تالاسیما، بەڵام هەمان کاریگەرییەکانی تالاسیمای هەیەو خرۆکە سوورەکان وەک مانگ لێدەکات و دەبێتەهۆی کەمخوێنی. بەڵام ئەمجۆرە نەخۆشییە لە کوردستان نییە. لەشارەکانی بەسرە، بەغداد، و باشوور بەگشتی زۆرە، ئەو جۆرەش لەرێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی تووشبووەوە زیاد دەبێت».

بێتا تالاسیما کە بەربڵاوترین جۆری تالاسیما دێتەهەژمار، سێ جۆری هەیە:

- هەڵگری تالاسیما، ئەمجۆرە یەک پلەخوێنیان لەرێژەی خوێن لەمرۆڤێکی ئاسایی کەمتردەبێت، بەڵام شێوەی روخساریان دیارەو رەنگیان زەردە.
- جۆری ناوەند، خوێنیان سێ تاچوار پلە لەئاسایی کەمتردەبێت. پێویستە شەش مانگ یان کەمتر خوێن وەربگرن.
- جۆری سێهەم، هەیانە دەبێ لەماوەی پانزەرۆژدا جارێک خوێن وەربگرن. لە پانزە تاشانزە ساڵیدا، گەشەیان دەوەستێت و کە گەیشتنە تەمەنی ٢٥تا٣٠ساڵ دەمرن. چونکە وەرگرتنی خوێن بەبەردەوامی دڵ و گورچیلە تووشی کێشە دەکات. گورچیلە توانای پاڵاوتنی ئەو هەموو خوێنەی نامێنێت.

د.رەنان ئاماژەی بەرێژەی تووشبوانی خەڵکی هەولێر کردو گوتی «رێژەی لەسەدا دە تووشی تالاسیما بوون. ئەوەش رێژەیەکی زۆر زۆرە، چونکە دەبێتە هۆی توشبوونی نەوەی داهاتوو بەتالاسیمای گەورە».

هەروەها مەترسی و هۆکارەکانی تالاسیمای روونکردەوە «ئەگەر دوو هەڵگر هاوسەرگیری بکەن، ئەوا منداڵەکەیان تووشی تالاسیمیای گەورەدەبێت. ئەگەر هەڵگرێک و کەسێکی ئاسایی هاوسەرگیری بکەن، ئەوا رێیانپێدەدرێت، بەڵام لەسەدا ٢٥ منداڵەکانیان تووشی تالاسیما دەبن. واتە لەچوار منداڵ یەکێکیان تالاسیمای گەورەدەبێت».

چارەسەر

د. رەنان، نەخۆشی تالاسیما بەگرفتێکی گەورەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی وەسفدەکات و دەڵێ، ئەو خێزانانەی کە منداڵی تالاسیمایان هەیە، ئەرکیان زۆر سەختەو دەبێ مانگانە سەردانی نەخۆشخانە بکەن و بەدوای خوێندا بگەڕێن.

بۆچارەسەرکردنی نەخۆشی تالاسیمای گەورە، بەپێویستی دەزانێ هاوسەرگیری نێوان دووهەڵگر بەبڕیارێکی یاسایی قەدەغە بکرێت. ئەوەش کاری پەرلەمانە. ئەو، وڵاتی قوبرس بەنموونە دەهێنێتەوە کە ئێستا لەوێ جۆری ئەلفا تالاسیما، واتە تالاسیمای گەورە بنبڕکراوە.

«لەپەرلەمانی قوبرس، یاسایەک بۆقەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەنێوان دووکەسی هەڵگر درا. دادوەر ئەو جۆرە گرێبەستە ناکات».

هەنگاوی دووهەم: پشکنین بۆژنانی دووگیان دەکرێ کە بەرلەدەرچوونی ئەو بڕیارە هاوسەرگیرییان کردووە. ئەگەر کۆرپەلە جۆری ئاڵفا تالاسیمای هەبوو، ئەوا دەریدەهێنن و رێگە لەبوونی دەگرن. بۆیە ئێستا وڵاتی قوبرس جۆری ئاڵفا تالاسیما نەماوە.

ئێستا تەنیا لەشاری هەولێر ٨٠٠ حاڵەتی جۆری ئەلفا تالاسیما هەیە کە ئەگەری زۆربوون و تووشبونی نەوەی نوێ بەتالاسیما زیاد دەکات.

سەبارەت بەوەرگرتنی رێوشوێنی پێویست د.رەنان دەڵێ «بۆ ئەو مەبەستە پێشنیازێکمان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد، بەڵام وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو و جێی بایەخی ئەندامانی پەرلەمان نەبوو، گوتیان، کێشەی لەوەگەورەترمان هەیە. لەکاتێکدا ئەوە یەکێک لەکێشە گەورەکانە».

هەنگاوێکی دیکە، بەرای د. رەنان، هەوڵدانە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەرێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە، هەروەها دەڵێ «بەداخەوە زۆرکەس کە مەترسییەکانی هاوسەرگیرییەکەی بۆروونەکەینەوە دەڵێ، دکتۆر ئێوە دەستکاری کاری خودا دەکەن».

هەروەها تۆیژەری کۆمەڵایەتی لەدادگاکان و نەخۆشخانەی مەئمون دەباغ هەبێ، بۆئەوەی مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییە بۆ ئەو کەسانە روونبکەنەوە، کە هەڵگرن و دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن.

هاوکات ئاماژە بەدواکەتوویی سیستمی



فۆتۆ: رەفیق شوکری

www.netew.com



نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییەکانی تالاسیمیا

فۆتۆ: رەفیق شوکری

تەندروستی لەهەرێم دەکات و دەڵێ «رۆژانە ١٠٠تا١٢٠ کەیس بۆپشکنین رووەکاتە نەخۆشخانەی مەئمون دەباغ، بەڵام رۆژانە تەنیا یەک دکتۆرو دوو یاریدەدەر هەیە. تازە ئامێرێکی پێشکەوتویان هێناوەو بەنیازن لەوێ دایبنێن».

لەئیتاڵیا، چارەی بنبڕی نەخۆشی تالاسیما، لەرێگەی کردنەوەی نەخۆشخانەیەک کە زرعی نوخاع دەکات کراوە. د. رەنان، کردنەوەی سەنتەرێکی لەوجۆرەی لەهەرێم بەگرنگ زانی «ئێمە قسەو پێشنیازمان زۆرکردووە، بەڵام هەر پرۆژەیەک پارەی زۆری بوێت، وەڵامنادرێتەوە».

هەولێر: لەماوەی ١٠مانگدا ٤٠٢ کەس تووشبوون

کارمەندی سەنتەری تالاسیما لەهەولێر، نیهایەت عەبدولقادر، دەرچووی بەشی بەکتریۆلۆژییەو پشکنینی دەستنیشانکردنی نەخۆشی تالاسیما دەکات.(electro Hb-phoresis) بەربڵاوی نەخۆشی تالاسیمای لەهەرێم بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی روونکردووەو گوتی «لەهەرێم رێژەی نەخۆشی تالاسیما بەرەوهەڵکشان دەچێت، ئەگەر رێوشوێنی پێویست بۆبنبڕکردنی نەخۆشییەکە نەگیرێتەبەر، ئەوا لەماوەی ٢٥ ساڵیتردا رەنگە زۆرترین رێژەی خەڵک لەهەولێر ببێتە هەڵگرو هاوسەرگیری ئەستەم ببێت».

بەگوێرەی ئاماری سەنتەری تالاسیما لەهەولێر، لەماوەی ١٠مانگدا ٨٣٤ کەس بەمەبەستی پشکنین رووبانکردووەتە ئەو سەنتەرە: ٤٠٢ کەس واتە نیوەیان جۆری بێتا تالاسیمایان هەبوو. ٦٥ حاڵەت جۆری ئاڵفا تالاسیمایان هەبووە. ٤٤٩ کەس ئاسایی بوون. ٢٠ حاڵەت سیکڵ سێڵیان هەبووە، واتە ئەو جۆرەی کە خۆکە سووڕەکانیان وەک مانگی لێدێت، بەگوێرەی گوتەی نیهایەت، جاران لەهەرێم یەک حاڵەتی سیکڵ سێڵ نەبووە، بەڵام ئێستا ٢٠ حاڵەت لەهەولێر هەیە، کە لەوانەیە هاوسەرگیریان لەگەڵ شارەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامدابێت.

پسپۆڕان ئەو رێژەیە لەهەرێم بەنائاسایی دەزانن و داوادەکەن وەزارەتی تەندروستی لەداهاتوویەکی نزیکدا رێوشوێنی پێویست بۆبنبڕکردنی نەخۆشییەکە بگرێتەبەر.

نیهایەت عەبدولقادر، کەموکوڕییەکانی ئەو سەنتەرە دەخاتەڕوو «لەگەڵ ئەوەی تالاسیما کێشەیەکی گەورەی تەندروستی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام تائێستا بینایەکی تایبەت بەسەنتەری تالاسیما نییە. کارەبای پێویستمان نییە لەگەڵ ئەوەی نەخۆشەکان پێویستیان بەکەشوهەوای گونجاوە». هەروەها رەخنەشی لەوەزیری تەندروستی گرت «بایەخ بەسەنتەری تالاسیما نادات، تائێستا بودجەی تایبەتمان نییەو بۆ هەر پێویستییەک دەبێ داوا لەنەخۆشخانەی راپەڕین بکەین. تائێستاش نەوەزیرو نە پارێزگار سەردانی سەنتەری تالاسیمایان نەکردووە».

نیهایەت، گوتیشی لەئیتاڵیا چارەسەری نەخۆشخانەی تالاسیما هەیە، بەڵام خەرجییەکی زۆری دەوێت، کە بەخێزانەکان دابینناکرێت، بڕی ١٥ دەفتەر دۆلاری پێویستە». ئەو گوتیشی «پێمواییە ئەگەر هەر وەزیرو بەرپرسێک خەرجی چارەسەرکردنی نەخۆشێک لەئەستۆ بگرن، ئەوا رێژەیەکی زۆر لەنەخۆشانی تالاسیما چارەسەردەکرێت».

لەسەنتەری تالاسیما پشکنین و چارەسەر بۆنەخۆشەکان بێبەرامبەرە، بەڵام لەهەندێ تاقیگەی دەرەوەی نەخۆشخانە بڕی ١٠٠ تا ١٢٠ هەزار دینار بەرامبەر بەپشکنینێک وەردەگیرێت.

کێشەیان زۆرە

مەهدی سابر، باوکی یەکێک لەتووشبووەکانی دیکەیە، گوتی «پێویستە ئارام بگرین، هیچ چارەی دیکەمان نییە. لەساڵی ١٩٩٩ هاوسەرگیرم کردووە، ٢منداڵمان جۆری تالاسیمای گەورەیە». سەبارەت بەوەی کەبۆچی لەگەڵ کەسێکی هەڵگر هاوسەرگیری کردووە، لەکاتێکدا خۆشی هەڵگرە گوتی، ئەوکاتە ئەو جۆرە پشکنینە نەبوو.

خەدیجە، تەمەن ٤٠ساڵ، هەردوو دەستی خستبووە سەریەک بەدیار منداڵەکەیەوە، کە لەسەر قەرەوێلەیەکی هۆڵێ نەخۆشخانەکە بۆ وەرگرتنی خوێن پاڵکەوتبوو. گوتی «شەش منداڵم مردووەو ئێستا تەنیا دوومنداڵم هەیە، کە هەردووکیان جۆری ئاڵفا تالاسیمایان هەیە». لەبارەی ئەوەی کە بۆچی منداڵ دەخاتەوە لەکاتێکدا دەزانێ کە منداڵەکانی تالاسیمادەبن، گوتی «لەبەرقسەی خزمانی مێردەکەم و دەوروبەر، هەمیشە پێماندەڵێن، بۆ منداڵتان نابێت».

هەڕێمی کوردستان پێوستی بەبیمەی تەندروستییە

وارڤین - هەولێر:

بیمەی تەندروستی یەکێکە لەپرۆژە ستراتیژییەکانی بواری تەندروستی، بەڵام لەهەڕێمی کوردستان تائێستا یاسایەک نییە بەناوی بیمەی تەندروستی. لەکاتێکدا هەبوونی وەها یاسایەک گرنگە بۆ هەموو هاوڵاتییەک تا دڵنیابێت لەوەی لەکاتی نەخۆشیدا لایەنێک هەیە، دەتوانێ لەڕێگەیەوە تێچوونی نەخۆشییەکەی دابینبکات.

سۆما عەلی، کچێکی تەمەن ٢٥ ساڵانە دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆژەی بیمەی تەندروستی دەڵێ «پێویستە خەڵکی لەناوەڕۆکی بیمەی تەندروستی و سوودەکانی تێبگەیەندرێن و من سەرەتا نەمدەزانی بیمەی تەندوستی مانای چییە، کە بەوردی لەناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە تێگەیشتم، ئێنجا زانیم زۆر جێگای داخە، کە ئێمە چەند ساڵە لەخزمەتێکی وا بێبەشکراوین و دەرچوونی ئەو یاسایە پێویستە بەتایبەت بۆ ئافرەتان چونکە زۆربەی ئافرەتان مانگانە برێکی یەکجار زۆر پارە لەنۆرینگە تایبەتییەکان خەرجدەکەن هیوادارم کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکرێت و بۆ ئەوەی سیستەمی تەندروستیش رزگاری بێت لەو سستیەیەی کە ئێستا تێکەوتووە».

پرۆژەی بیمەی تەندروستی، لەلایەن د.پەریهان قبلای محەممەد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆران پرۆژەکە پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە. د. پەریهان لەو بارەیەوە دەڵێ «لەو پرۆژەیەدا هەموو خەڵکیبەگشتی لەهەڕێمی کوردستان بەشدار دەبێت بەگوێرەی سیستەم بەبێ جیاوازی لەنێوان تاکەکان، لەڕووی تەمەن و ڕەگەزو نەتەوەوە».

گوتیشی «ئەوەش لەڕێگای سندوقێکەوە دەبێ و لەبودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم برێکی بۆ دابیندەکرێت و ئەو دەستکەوتەی لەنەخۆشخانەکان دەستدەکەوێ هەموو دەچێتەوە بۆ ئەو سندوقەو دەبێتە بودجەیەک بۆهەموان».

د.پەریهان گوتیشی «بیمە لەهەموو وڵاتانی جیهان بەچەندها شێوە هەیە، وەک بیمەی ئۆتۆمبێل، خانوو، چەندین جۆری دیکە، بیمەی تەندروستیش بەو شێوەیە ئەگەر کەسێک تووشی نەخۆشیەکی کتوپڕ بێت، یان تووشی نەخۆشییەکی گران بێت، حکوومەت تێچوونی نەخۆشییەکەی بۆ دابیندەکات، ئەمەش وادەکات جیاوازی چینایەتی نەمێنێت».

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوان زیاتر لەدووساڵە خەریکن لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و پزیشکەکان، کە رایانوایە ئەو سیستەمە هەبێت و ئەوان پارەیەکی وایان لەژێردەست بێ تا نەخۆش بتوانێ بۆ خۆی خەرجی بکات.

گوتیشی «لیژنەیەک پێکدەهێندرێت و بۆ هەرخێزانێک دەفتەرێک دروستدەکرێت ناوی هەموو تاکەکانی خێزانی تێدا دەبێت، لەسەر ئەوەوە چارەسەریان بۆ دەکرێت».

هاوژین ئەبوبەکر ٢٦ ساڵ، فەرمانبەر، گوتی «گرنگە بیمەی تەندروستیمان هەبێت، بەداخەوە کەرتی تەندروستی لەهەڕێمی کوردستان خراپترین کەرتە»، ئەو پێیوایە وەک پێویست ئاوڕ لەو لایەنە نەدراوەتەوە.

شارەزا لەبواری تەندروستی کۆمەڵ د. هێمن فازڵ، لەو بڕوایەدایە کە بیمەی تەندروستی لەهەڕێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێت، چونکە وڵاتانی جیهان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە هەموو پێداویستیەکیان دابینکردووەو هەنگاوێکی باشیان لەگەشەپێدان و سیستەمی کارکردنیان بڕیوە. ئەو پزیشکە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بیمەی تەندروستی بۆ چەند خاڵێک گەڕاندەوە. وەک ئایا خەڵک و پزیشکەکان بەو بیمەیە رازیدەبن؟ کێ بەڕێوەبردنی دەگرێتە ئەستۆ حکەومەت یان کەرتی تایبەت؟ ئایا چاودێری لەسەر ئەو بیمەیە دەبێت؟

ئەو پزیشکە ئاستی گوزەرانی خەڵکیشی بەکێشەیەکی دیکە دادەنێت بۆ سەرنەکەوتنی بیمەکە. «گەورەترین کێشەی بیمە ئەوەیە سیستەمی بانکمان نییە، خەڵک بانک بەکارناهێنن». د.هێمن گوتیشی «تەنیا ئەوکاتە بیمە لەهەڕێم بەسەرکەوتوویی جیبەجێدەکرێت، کە حکوومەت خۆی بەڕێوەی ببات و نەیخاتە ژێردەستی کەرتی تایبەت، چونکە لەزۆر وڵاتان رووبداوە کۆمپانیاکە ناپاکی لەگەڵ دکتۆرو نەخۆشەکەی کردووە، بەجۆرێک کە نەخۆشەکە پێویستی بەنەشتەرگەری هەبووە، پارەیەکی یەکجار زۆری ویستووە، کۆمپانیاکە بەردەوام نەشتەرگەرییەکەیان دواخستووە تائەوکاتەی کەسەکە گیانی لەدەستداوە».



بۆچی ددان دەڕزێت؟

ڕێناس*



لە دەمی ئەو کەسانەدا کە ددانەکانیان فڵچە ناکەن، زیادەی خواردن (بەتایبەتیش زیادەی خواردنی شیرین) لەگەڵ باکتریاکان یەکدەگرن. ئەوەش ئەسید دروستدەکات. ئەو ئەسیدەیش چینی وشکی ددان دەتوێنێتەوەو ددانەکان وردەوردە دەست بە رزاندن دەکەن. وردەکانی خواردن لەشوێنی رزینەکەدا کۆدەبنەوە. ئەوەش رزاندن و خێراتر و زیاتر دەکات. کاتێک کە تازە دەست بە رزین دەکەن لەکاتی خواردن و خواردنەوەی شتی سارد دا ئازاریان هەیە. کاتێکیش رزینەکە زۆر دەبێت، ددان لەکاتی خواردن و خواردنەوەی شتی گەرمدا دێشێ. بەوەشەوە ناوەستێ و ددانەکان هەڵدەوەرن.

چۆن دەتوانین ڕێ لە رزین بگرین؟

دەبێ ئەو کەسەی کە دانی رزیوە، دەستپێک سەردانی پزیشک بکات و لەوێ ددانەکەی دەربێنێت. ئەو شتانەی کەلە خواردەوە نووسراون ڕێگە لە رزینی ددان دەگرن. دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کە پاش ئەوەی ددان رزا، مرۆڤ ناتوانێت بۆ ڕەوشی پێشووی بگەڕێنێتەوە.

١. دەبێ بە هەویری فلۆر ددانەکانمان فڵچە بشۆین. پێویستە لانیکەم ڕۆژی ٢-٣ جار ددانەکانمان بشۆین. بەتایبەتی پاش خواردن و پێش خەوتن. بە قەد دەنکە نۆکێک مەعجون لەسەر فڵچەکەت دانێ و بە پەنجە بەسەریدا بڵاو بکەرەوە. دەبێ ددانەکانت لەخوارەوە بۆ سەرەوە فڵچە بکەی. ماوەی فڵچەلێدانەکە دەبێ لانیکەم خولەکێک بخایەنێت. هەروەها پێویستە نوکی زمانیش فڵچە بکرێت. پاش فڵچەکردن دەبێ دەممان بەئاوێکی زۆر بشۆین. بەوشێوەیە بەفڵچەکردن باکتریا و زیادەکانی خواردن لەناو دەمی مرۆڤدا کەمدەبێتەوە، بۆنی دەمی مرۆڤیش کەمدەبێتەوە. بۆنی دەم، نیشانەی پووکانەوەی ددانەکانە. دەبێ ئەوەش بزانین کە فڵچەکردنی ددان سەدا ٦٠-٧٠ رزاندنی کەمدەکاتەوە. هەروەها ئەو شوێنانەی کە فڵچەیان پێناگات، لەوانەیە بڕزن.

٢. بە دەزووی ددان دەتوانرێت ڕێ لەو رزینانە بگیرێت کە لە نێوان ددانەکاندا دروست دەبن.

٣. لەهەر ڕەوشێکدا دەبێ مرۆڤ بۆ ڕێگرتن لە رزینی ددانەکانی سالانە سەردانی پزیشک بکات و چاودێری بکات.

٤. بنێشتی بێ شەکر رزینی ددانەکان کەمدەکاتەوە.

چارەسەری بۆنی دەم

پاش رزینی ددانەکان، زۆر گلەیی لە بۆنی دەمی مرۆڤ دەکرێت. ئەوە گەلەک هۆکاری هەیە. هۆکارەکان ئەمانەن:

١. ددانی رزیو: ئەو خواردانانەی کەلە درزی نێوان ددانەکاندا دەمێنێتەوە، دەبێتە هۆی ئەو بۆنە. بۆ تێگەیشتن لەوە دەتوانی پاشماوەی خواردن بخەنەناو جامێکی ئاو و تێیدا بیتوێننەوەو سەرەکەی دابخەن و با هەفتەیەک تێیدا بمێنێتەوە. ئەوکات سەرەکەی لادەن چ بۆنێکی لێدێت؟ ٥٠٪ی بۆنی دەم بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە.

٢. هەوکردنی ددان: کاتێک مرۆڤ ددانی بەفڵچە ناشوات، ئەو پاشماوەیەی خواردن کە لەسەر ددانی دەمێنێتەوە بەتێپەڕینی کات لەگەڵ مادە



www.rotewe.com



کیمیاوییەکانی ناو ئاوی دەمدا تێکەڵ دەبێت. پاشان ئەوەش لەسەر ددان چین چین زیاد دەبێ. بەوەش لەناو باکتریيەکاندا زیاد دەبن و دەبێنە هۆی هەوکردنی ددان. ٤٠٪ی بۆنی دەمیش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە.

٣. جگەرەکێشانی زۆر، نەخۆشییەکانی قورگ و لوت. نموونە: جیوب و.. چەند نەخۆشییەکی دیکە.

٤. شەکرەو نەخۆشییە سیستەماتیکەکانی جەستە.

چارەسەر

دەبێ مرۆڤ ددان و سەر زمانی خۆی رۆژی ٣ جار بەفڵچە بشوات و بیکاتە عادەت. ئەگەر ددانی رزیو هەبن، دەبێ دەربهێنرێن. ئەگەر کیم لە ددانەکان بێت، دەبێ لەلای پزیشکی پسپۆڕ دەرمان بکرێن. ئەگەر بەو شێوانە بۆنی دەم کۆتایی نەهات، دەبێ مرۆڤ بچێتە نەخۆشخانەو تاقیکردنەوەیەکی گشتی بۆ جەستەی بکات.

بۆ ددانێکی تەندروست دەبێ ئەو شتانە بزانرێن:

١. دەبێ هەویری ددان وەک ئەوەی لە ریکلامەکاندا بەکاردێ نەبێت، بەڵکو بە قەد دەنکە نۆکێک بکرێتە سەر فڵچەکەو لەسەری بڵاو بکرێتەوە.

٢. کارخانەکانی بەرهەمهێنانی فڵچە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی زیاتر بفرۆشن، هەمیشە ریکلامی: «٣ مانگ جارێک فڵچەکانتان بگۆڕن» دەکەن، بەڵام ئەوە راست نییە. کەی مووەکانی فڵچە لێکبڕان و جیابوونەوە، دەبێ ئەوکات بیگۆڕیت. ئەوەش بەپێی کوالیتی فڵچەکان دەگۆڕدرێت. فڵچە هەندێکجار ٨ مانگ تا ١٠ مانگ دەمێنێتەوەو دەتوانی بەکاریبێنیت. بەڵام بۆ ئەوەی فڵچەی ددان خاوێنتر بێتەوە، دەبێتە مرۆڤ ١٥ رۆژ جارێک بیخاتە ناو ئاوی جلشۆر و ٣٠ خولەک تێیدا بهێڵێتەوە. دواتر بەئاوێکی زۆر بشۆردرێت و وشک بکرێتەوە.

٣. دەبێ پاش فڵچەکردن دەمی بە ئاوێکی زۆر بشوات. بەتایبەت ئەو کەسانەی کە ددانەکانیان زۆر رزیون. دەبێ کەفی هەویرەکە ٢-١ خولەک لەناو دەمیاندا بوەستێنن و پاشان ئاوێکی باش لەدەمیان وەردەن.

٤. بەتایبەت بەر لەخەوتن، دەبێ مرۆڤ ددانەکانی فڵچە بکات. پاش نابێت ددان شووشتن هیچ بخورێت.

٥. ئەو هاڕاوانەی کە بۆ بریقەدان و سپیکردنەوەی ددان دروستکراون، دەبێ بەکارنەهێنرێن. چونکە هاڕاوەکان ددان خز دەکەن و لەبەرئەوەش ددانەکان زووتر زەرد دەبن.

٦. جگەرەو چا زووتر ددان زەرد دەکەن، بۆیە دەبێ مرۆڤ پاش خواردنەوەی چا، ئاو لەددانەکانی وەربکات.

٧. ئەگەر پاش خواردن، دەرفەتی شووشتنی ددانت نەبوو، بنێشتی بێ شەکر بجوون. بۆیە هەمیشە با بنێشتی بێ شەکرت لەلا بێت.

٨. خواردنەوەی کۆلاو شتگەلی ترشی وەک لیمۆن، ددانەکان زووتر دەڕزێنن.

٩. منداڵان دەبێ بە قەد نیسکێک مەعجون بکەنە سەر فڵچەکەیان.

*** پزیشکی تایبەتی ددان، لە ئامەد.**



وارژین نهێنی ناوبانگ شەریف قەیرانەوە ئ



فۆتۆ: وارژین

وارژین:
ئەوکاتەی چووینەلای بۆ سازکردنی دیدارە تایبەتەکەی وارژین لە هوتێل چاوەڕێی دەکردین، بەڵام ئەوەندە لای جەماوەر خۆشەویستبوو وێنەگرتن لەگەڵی ١٥ خولەک دوایخستین. وەلێ دواجار دانیشتین و گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان سازکرد.

تا گۆرانی زیاتر بێ، شانسی زیاترە

لەدەستپێکی ئەو دیدارە تایبەتەدا، شەریف قەیران باسی لەدواییین ئەلبوومی خۆی کرد کە بەناوی «ڕۆژبونا تە پیرۆز بێ» بڵاوکردەوەو لە ١٦ تراک پێکهاتووە، کرد. هەروەها باسیشی لەوە کرد کە بەنیازە کۆمەڵێکی زۆر لەو بەرهەمانە کلیپ بکات دوا ئەلبوومم بەناوی «ڕۆژبونا تە پیرۆز بێ» بوو، ئەم ناوەشم بۆیە دانا تاکو ئێستا گۆرانییەکی کوردی لەسەر ڕۆژبونا تە نییە، بۆیە ئەو گۆرانییەم یەکەم بوو و تایبەتە بەهەموو کوردێک وەکو کەلتووری کوردی بمێنێ، بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی دایک و هاوڕێ و هەموو کەسەکان، ئەو گۆرانییەم گوتووەو تایبەت بۆ کەسم نەگوتووە. ئەو گۆرانییەم زیاتر بۆ خزمەتکردنی کورد گوتووە. «ئەلبوومەم لە ١٦ ستران پێکهاتووە، ڕاستە ئەوەندە زۆرە، بەڵام من گۆرانی زۆر کلیپ دەکەم، لەو ١٦ گۆرانییەدا جەماوەر ٤ یا ٥ گۆرانی بەدڵ دەبێ، ئەگەر ١٦ گۆرانی بێ، شانسی زیاتر دەبێ، ٢ گۆرانی بەشێوەزاری سۆرانییە، بۆ گۆرانییە سۆرانییەکان کاوە کاوانی، هاوکاری کردووم، گۆرانییەکی زازاکیم تۆمارکردو ئەوانی دیکەش بادینییە، سەرجەمی کرمانجیەکان هۆنراوەو ئاوازی خۆمن، هەموو کارەکانم لە چوار ستۆدیۆی ئەستەنبوڵ تۆمارکرد».

سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە

فۆلکلۆر وەک سامانێکی نەتەوەیی کورد بایەخێکی یەکجار گرنگی هەیە، لەبارەی کارکردن لە فۆلکلۆر شەریف قەیران، دێتە وەڵام و دەڵێ کە ئەو لەبواری فۆلکلۆر دا کارناکات، بەڵام سوودی لێوەردەگرێت.«زیاتر لەسەر میوزیکی خۆم کارمکردووە، هەرگیز لەسەر فۆلکلۆر کارم نەکردووە، لە بەرهەمەکانم زیاتر سوودم لە فۆلکلۆر وەرگرتووە، ڕاستە کوردانی تورکیا بەتورکی دەنووسن و دەخوێنن، بەڵام ئاوازەکانم کوردییە چونکە کوردم».

لەگەڵ چنار دوێت دەکات

ماوەیەک دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە گوایە شەریف قەیران و چناری گۆرانیبێژ بەرهەمێکی دوێت تۆماردەکەن، وەلێ ئەو بەرهەمە تائێستا بەئەنجامنەگەیشتووەو چناریش ڕایگەیاندووە کە شەریف، بەڵێنەکەی خۆی نەگەیاندۆتە جێ، لە وەڵامی ئەو قسانەدا شەریف قەیران، دەڵێ «لەگەڵ چنار ماوەمان زۆر کەمبوو، لێرەوە ڕێزو حورمەتم بۆی هەیەو هونەرمەندێکی گەورەیە، ئەو بیرۆکە لام دروستبوو ویستم بیکەین ئەویش هاوکاربوو هاتە ئەستەنبۆڵیش، بەڵام هەردووکمان سەرقاڵی کاربووین، بۆیە نەکرا، بەڵام ئەو بیرۆکەیەم هەر هەیەو هیواخوازم لەو ئەلبوومەی خۆمدا بەرهەمێکی جوانی دوێت تۆمارو بڵاوبکەینەوە. هەردووکمان دەمانەوێ گۆرانییەکی زۆر جوان تۆمار بکەین، بەو ماوە کەمەش ئەوە نەدەکرا، بەڵام هیواخوازم ببێ».

هاوکاری زەکەریای کردووە

وێڕای کارکردن لەگەڵ گۆرانیبێژان شەریف قەیران، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەلە تورکیا

www.netewe.com

لەدەرکردنی زەکەریا لەزمانی باشکرا دەکات



هاوکارییەکی زۆری هونەرمەندانی کوردی کردووە، بۆ ئەو مەبەستە زەکەریا عەبدوڵڵا، بەنموونە دێنێتەوە»مـن زۆر هـاوکاری هونەرمەندانم کردووە، گۆرانی»تـو نازە ناکەی»ی زەکەریا عەبدوڵڵا لە دیاربەکر، من خۆم تەواو هاوکاری بووم لە بەئەنجامگەیاندنی کلیپەکە لەنووسینی سیناریۆ و گۆرانییەکەش».

شـەریف، ئاماژە بە پەیوەنـدی نێوان خۆی و زەکەریـا دەکات و دەڵێ ئێمە براین، بەڵام لەبەر سەرقاڵی ناتوانم ببینم». زەکەریا برای منە، دەمێکە نەمدیوە، هەردووکمان سەرقاڵی کارکردنین، بەڵام دڵمان لای یەکە.

«کاوە کاوانی زەکەریای ناساند»

شـەریف، وەک هونەرمەندێـک کەلە تورکیا نیشـتەجێیە، پـەردە هەڵدەمالـێ لەسـەر هۆکارەکانی سەرکەوتنی زەکەریا عەبدوڵڵا لە ئەلبوومی»نەتبینم» و کاوە کاوانی، گۆرانیبێژ بەهۆکاری ئەو سەرکەوتن و ناوبانگەی زەکەریا دەزانـێ. «کاوە کاوانـی، هونەرمەندێکـی گەورەیەو لە گۆرانییەکی مندا دەنگی هەیە، لە ئەلبوومی نەتبینم کاوە کاوانی، وایکرد زەکەریا بناسـرێ، چونکـە زۆر هاوکاری کـرد، کاوە کاوانی، هاوکاری هەموو هونەرمەندانی کوردە لە تورکیا».

٣ ئەلبوومی تورکی و ٢ ئەلبوومی کوردی هەیە

ئەگەرچـی ماوەیەکی کەمە شـەریف قەیران لە باشـووری کوردستان ناسـراوە، بەڵام ئەو لە تورکیـا ٤ ئەلبوومـی بەرهەمهێناوەو دوا ئەلبوومیشـی لە کوردسـتان بڵاوکـردەوە، تایبەت بە وارقینیش رایگەیاند ئێستا سەرقاڵی کارکردنـە لە شەشـەمین ئەلبوومی خۆی بە زمانـی تورکی»لەنـاو تورکیـا ٣ ئەلبوومم بە تورکـی بڵاوکردۆتـەوە، ٢ ئەلبوومیشـم کورددییە، ئێستاش خەریکی ئەلبوومێکی دیکەم بەتورکی.

بەرهەمە کوردی و تورکییەکانی یەک ئاوازە شـەریف قەیران، پێیوایە کارکردنی بەزمانی کوردی و تورکی داهێنان نییە، بەڵام وەک خۆی دەڵـێ یەکەم هونەرمەندی کوردە کە گۆرانییە کـوردی و تورکییەکانی یەک ئـاوازن و تەنیا تێکسـتەکەی دەگۆڕێ»یەکەمین هونەرمەندم هەم بەکوردی و هەم بەتورکی گۆرانی دەڵێم، بۆ نموونە گۆرانی سۆرگول بەهەمان ئاواز بەزمانی کوردی و تورکی تۆمـارم کرد، «لێ وەرە لێ وەرە» عەلیشان بەتورکی گوتی بەهەمانئاواز، لە بەرهەمەکانیشـم پشـت بەهۆنراوەی خۆم دەبەستم، چونکە روئیای خۆم و توانای خۆمی تێدا بەکاردێنم».

لە باشوور ئەلبوومەکەی زیاتر فرۆشراوە

شـەریف، وەک خـۆی ئامـاژەی پێـدەکات دواییـن ئەلبومی لە باشـووری کوردسـتان زیاتر فرۆشـراوەو حەزیشدەکات لە شارەکانی باشووری کوردستان کۆنسێرت سازبکات»زۆر حەزدەکـەم لەهەولێـر، دهۆک، سـلێمانی و زاخۆ ئاهەنگ سـازبکەم، جەمـاوەری منیش حەزدەکەن، فرۆشی ئەلبوومەکەشم لەباشوور باشـترە، چونکە لێرە میدیای کوردی شەریف قەیرانی خستە دڵی مرۆڤ».

لە سینەماش رۆڵ دەبینێ

ئەگەر بەوردی سـەیری کلیپەکانی شـەریف قەیران، بکەین هەستدەکەین ئەو هونەرمەندێکە دەتوانێ نواندن بکات، بۆیە بەنیازە لە فیلمێکی سـینەماییدا بەشـدار بێ، کە باس لە ئێش و ئـازاری کورد دەکات. «هەسـتدەکەم توانای نواندن لەمندا هەیە، روئیام بۆ سینەما هەیە. بەبڕوای من هەموو کارێکی هونەری گرێدراوی یەکن، حەزدەکەم کارێکی زۆرگەورە بکەم سەدا سـەد کوردی بێ و بگاتە هەموو فێسـتیڤاڵە جیهانییـەکان، چونکە ئەو فیلمە ژیانی ئێمەو بەسـەرهاتی واقیعی ئێمەیە پێویستە خەڵک بیزانن».



ژیانی ئەوانی دی

ئەوکاتەی سیستەمی دیکتاتۆری ترسناکانە هەناوی مرۆڤەکان دەکۆڵێت

سیستەمی دیکتاتۆری و سەرتاسەری تا دواهەناسە بەردەوامی دەدات بەهەوڵی سەپاندن و جێگیربوون، بەشکاندنی پیرۆزییەکانی مرۆڤ. بەڵام هەمیشە ئەو هەوڵانەیش هەن خۆ بەدەستەوە نادەن و بەرانبەر بەجەنگی دیکتاتۆران چاونەترسانە لەخەباتدان.

سیروان رەحیم

ناوی فیلم: ژیانی ئەوانی دی

ناوی ئۆرژینال: Das Leben der Anderen

سیناریۆ: فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک

دەرهێنان: فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک

بەرهەمهێنەر: ماکس ڤیدەمان، کڤیرین بێرگ، فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک

وڵاتی بەرهەمهێنەر: ئەڵمانیا

شوێنی وێنەگرتن: ئەڵمانیا

ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٦

کامێرا: هاگن بۆگدانسکی

موزیک: گابرێل یارێد، شتێپان مۆشا

مۆنتاژ: پاتریسیا رۆمەل

١٣٧خولەک، ٣٥ ملیم، ڕەنگاوڕەنگ

زمان: ئەڵمانی

هەڵگری دیان خەڵات، لەناویاندا:

خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلمی بیانیزمان ساڵی ٢٠٠٧.

خەڵاتی گۆلدن گلۆب باشترین فیلمی بیانیزمان ساڵی ٢٠٠٧.

خەڵاتی فیلمی ئەڵمانی بۆ باشترین فیلم، ساڵی ٢٠٠٦.

سەبارەت بە دەرهێنەر و فیلمەکەی

کاتێک دەرهێنەر فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک فیلمی ژیانی ئەوانیتر-ی بەرهەمهێنا، تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو. ئەو دەرهێنەرە لەدایکبووی ١٩٧٣ ,٥ ,٢ یە لەشاری کۆڵن- ئەڵمانیا. ئەو لەتەمەنێکی زۆردا نەبوو، بەڵام بەکارەکەی هەموانی ڕووبەڕووی ڕاستییەک کردووە، ئەو ڕاستییەی کاتێک خۆشەویستی بۆ کار و بۆ هونەر هەبوو، تەمەن نابێتە ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانی کاری گەورەدا.

ئەو دەرهێنەرە لە ٣٣ ساڵی تەمەنی خۆیدا فیلمێکی پێشکەش کرد کە مێژووی سینەما لەئەڵمانیا نەک هەرگیز لەبیری ناکات، بەڵکو بوو بەیەکێک لەوێستگە گرنگەکانی فیلمسازی و واتەی گرنگ و مرۆڤانەی ئەو هونەرە. فیلمێک پێشانیدەدات کە سیمای ڕژێمی دیکتاتۆر و سیستەمی سەرتاپاگیر چەند دزێون، بەڵام ئەو هەر بەپێشاندانی سیمای ئەو سیستەمە دەستی لەکارەکە هەڵنەگرتووە، بەڵکو بەشێوازێکی کارامە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو هەناوی سیستەمەکەو لەکۆڵان و گۆشە تاریکەکانی ئەو سیستەمەدا بینەر دەگەڕێنێت و دیمەنی ترسناک و دەستدرێژی بێڕەوشتانەی ئەو سیستەمە دژی مرۆڤەکان پێشاندەدات. مرۆڤگەلێک هونەرمەند، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرکەلە خەمی جوانکردنی ژیاندان، کەچی دەبینین، ڕوون دەیبینین، سیستەمی سەرتاپاگیر چۆن دەکەوێتە دوایان، ژیانیان لێ تاڵدەکات و چارەنووسیان دەگەیەنێت بەکۆڵانە بنبەست و بە ڕۆژە ڕەشەکان.

دەرهێنەر فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک، دەستی خستۆتە سەر یەکێک لەقۆناغە ترسناک و تاریکەکانی ژیانی سیاسی لەئەڵمانیا و شیرۆڤەی سیستەمێک دەکات کەلە مێژووی سیاسی سەدەی بیستەمدا شایانی قسەلەسەرکردنی چڕ و هەڵسەنگاندنی فراوانە. ئەو بەزمانی سینەما باس لەو سیستەمە دەکات، بەشێوەیەکی هونەرمەندانە باس لەبەڵاکانی ئەو سیستەمە دەکات و نرخاندنێکی گشتگر پێشکەش دەکات. دەرهێنەر سیستەمەکە لەبواری هێرشکردنیەوە بۆ سەر بەهرە جوانەکانی هونەر و ڕۆژنامەنووسە بەتواناکانی وەڵاتەکە دەنرخێنێت. ئەو نرخاندنەی سیستەمەکە لەفیلمی ژیانی ئەوانیتر-دا، دەمانگەیەنێت بە بەرئەنجامی گومانهەڵنەگر کە ئەو سیستەمە سیاسییانە چەند ترسناکن، هەروەها خۆرەیەکی چەند پڕ مەترسین بۆ ژیان و بۆ ئارامی دەروونی مرۆڤەکان. سیستەمەگەلێک، بۆ ئەوەی ژیان جوانتر بێت، لەمێژە کاتی ئەوە هاتووە ئیتر هەناسەنەدەن و نەژین.

ناوەڕۆک

شتازی، کورتکراوەی ناوی وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەت بوو لەکۆماری دیمۆکراتی ئەڵمانیا-ڕۆژهەڵات. گێرد ڤیزلەر (ئولریش موهە ١٩٥٣-٢٠٠٧) لەوێ وەک پیاوێکی گرنگی ئاسایش کاربەدەستە.

www.newe.com



ناوبراو بەناوی نهێنیی کاردەکات. (HGW XX/7) گێردفیزلەر ئەرکی چاودێریکردن و سیخوڕیکردنی پێسپێردراوە بەسەر شانۆنووس گێئۆرگ درێیمانەوە (سێباستیان کۆخ ١٩٦٢). گێردفیزلەر دەیەوێ ئەو شانۆنووسە بخاتەژێر چاودێری ورد. بەپێی بۆچوونی ئەو کاربەدەستە شانۆنووسەکە شایستەی ئەوەیە چاودێری ورد بکرێت. کاتێک ئەو پیاوەی دەزگای ئاسایش و سیخوڕی ئەم دۆسیەیە پێشکەشدەکات، لەناکاو دەبینێ کە وەزیری ڕۆشنبیری بڕونۆ هێمبف (تۆماس تیمە ١٩٤٨) پالپشتی کارێکی لەو جۆرەیە. بەڵام ئایا ئامانجی وەزیر لەو کارە چییە؟ بەتەنگەوە هاتنێتی بۆ ئاسایشی دەوڵەت و مەیسەکردنی ئارامی هاوواڵتیان؟ نەخێر. وەزیری ڕۆشنبیری گەرەکیەتی بەو کارە نووسەرەکە سست بکات، لەکاری بخات و لەڕێی ئەو هەوڵەیشیەوە خۆشەویستە ژنەکەی بۆ خۆی زەوت بکات. کریستا ماریا زیلاند (مارتینا گدێک ١٩٦١) ژنە شانۆکارێکی ناسراو و بەتوانای بەرلینە. وەزیر چاوی تێبڕیوەو دەیەوێ داگیربکات، بەڵام ئەو وەزیری خۆشناوێت و عاشقی گێئۆرگ درێیمان-ی نووسەری شانۆیەو لەگەڵیدا دەژی.

ڕووداوەکان لەساڵی ١٩٨٤دا لەشاری بەرلین، بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە، واتە پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیمۆکراتی ڕووەدەن.

گێردفیزلەر وەک دەسەڵاتدار و پیاوێکی شارەزای بواری چاودێری و سیخوڕی، ڕۆژێک کە کەس لەماڵ نابێت، دەچێتە ماڵی نووسەرەکە، شارەزای تەکنیکی لەگەڵ خۆی دەبات. هەموو ماڵەکە بەشێوەیەکی خێراو بەشێوازێک تۆڕچن دەکەن کە بەدروستی بەژووری تۆمارکردن و ئەو ناوەندەوەی دەبەستنەوە کە ئیتر لەوێوە کۆنترۆڵی تەواوی ماڵ و ژیان نووسەرەکە، گێئۆرگ درێیمان و ژنە شانۆکارەکەی هاورێی، دەکەن. ناوەندی کۆنترۆڵکردنەکەیش ڕاستەوخۆ لەنهۆمی سەرەوەی ئەو باڵەخانەیەیە کە ئەوان تێیدا دەژین. دیارە ئەو ڕۆژگارە شتازی و سیخوڕەکانی بەبیانوی پاراستنی وەڵاتەوە لەکوێ مەیلیان لێبووبا نووسینگەو ژووری چاودێریان دادەنا. ئیتر ئەوان، ئەو ژن و پیاوە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵێ وردی پیاوانی دەوڵەتدان و هیچ شتێکی تایبەتیان نامێنێت پیاوانی ئاسایش پێیانەزانن. پاش ئەوەی گێردفیزلەر هەست بەوەدەکات وەزیر پەیوەندییەکی بە ژنە شانۆکارەکەوە هەیە، بەڵام دڵنیا نییە پەیوەندییەکە چۆنە، دیارە بینەردەبینێ پەیوەندییەکە، پەیوەندی زۆردەستانەیەو وەزیر بەزۆر و لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو ژنە شانۆکارە دەکات. بەڵام سەرەتا ئەفسەری بەرپرسیاری گێردفیزلەر کە لەنێوان ئەو و وەزیردایە، بە گێردفیزلەر دەڵێ: «بە هیچ شێوەیەک بۆت نییە زانیاری لەسەر وەزیر کۆبکەیتەوە». هەروەها سەرەتا بەوە چاوبەستی دەکات و هەڵیدەفریوێنێت کە پۆستی باشتر و گەورەتری بداتێ. بەڵام بەدرێژایی کارەکە گێردفیزلەر بۆی دەردەکەوێت ئەو کەوتۆتە ڕووبەڕێکی خراپەوە. ئەو کارێک ناکات وەڵات لە «نەیارانی سۆسیالیزم» بپارێزێت، بەڵکو ئەو کار بۆ ئامانجێکی قرێژی وەزیر دەکات و خراوەتەبن ئەو بارە پیسەوە. بۆیە نەک هەر لەکارەکەی سارد دەبێتەوە، بەڵکو لەئەنجامدا دەبێ بەفریادڕەسێک بۆ نووسەرەکەو ژنەشانۆکارەکە.

بەهەرحاڵ ململانێی نێوان نووسەرو پیاوانی وەزارەتی ئاسایش بەردەوامە. لەدرێژی چاودێریدا، گێردفیزلەر هەم دەکەوێتە ژێرکاریگەریی بۆچوونەکانی گێئۆرگ درێیمان-ی نووسەر و هەمیش دەیەوێ کارێکی وەها بکات کە ئەو نووسەرە زیانمەند نەبێت. ئەو ناچارە هەموو ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی ئامادە بکات و پێشکەشی بەئەفسەرە بەرپرسەکەی بکات. بەڵام ئەم هەموو ڕاستییەکان، یان ئەو ڕاستیانەی پڕەتەرسین ناداتە دەستەوە. تا ڕۆژێک ڕاپۆرتێک کەلە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە ئامادە کراوەو نێردراوە، لە گۆڤاری بەنێوبانگی دێر شپیگل*ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بڵاودەبێتەوە. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانییە سەربارەت بەرەوشی خۆکوشتن لەکۆماری دیمۆکراتی ئەڵمانیا، واتە لەئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە سەبارەت بەرەوشی خراپی دەروونی مرۆڤەکان لەسایەی ڕژێمی ڕۆژهەڵاتدا، کاربەدەستانی وەزارەتی ئاسایش شێت و هار دەکات. ئەو کاربەدەستانە دەیانەوێ بەزووترین کات بگەن بەڕیشەی ئەو ڕووداوە. نووسەری ڕاپۆرتەکەو ئەو مەکینەی چاپە بدۆزنەوە کە پێی چاپکردووە. دیارە لەو بەشەی ئەڵمانیا ئامێری چاپکردنی دەستی قەدەغە بوو. پیاوانی وەزارەت بەفیتی وەزیری ڕۆشنبیری وەڵات گەڕ لەکریستا ماریا زیلاند-ی شانۆکار دەئاڵێنن. پیاوانی ئاسایش ئەو ژنە ئەکتەرە دەخرێننە زیندان. ژنەکە چەند شەوێک لە زیندان دەباتەسەر، دیارە لەژێر گوشاری دەروونی زۆردا. زۆری لێدەکەن. لەدوا لێکۆڵینەوەدا کە گێردفیزلەر دڵپاک و خێرخواز لەگەڵی دەیکات، مەبەستییەتی کۆمەکی بکات. بەڵام لەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا ئەو ژنە چیتر ناتوانێ خۆی ڕابگرێت و دانبەوەدا دەنێ کە گومانی ئەوان بۆ هەبوونی ئامێری چاپ ڕاستەو ئامێرەکە لەژێر دەرگەی نێوان سالۆن و ژووری نووستندا لەماڵەکەیاندا شاردراوەتەوە. بێگومان گێردفیزلەر دەزانێ لێکۆڵینەوەکەیان لەژێر کۆنترۆڵدایەو دەبیندرێن و دەبیسترێن، بۆیە ناتوانێ هیچ بکات. لەپای ئەو دانپێدانانەدا پیاوانی دەوڵەت ئەو ژنە شانۆکارە ئازاد دەکەن و بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. بەڵام بێتاقەتی بەروخسارییەوە دیارەو شکستی گەورە هەناوی تەنیوە. کاتێک پیاوانی ئاسایش دێنەسەریان بۆ دۆزینەوەی ئامێری چاپەکە، کریستا ماریا زیلاند لەگەڕماوەکەیاندا خەریکی خۆشۆرینە. دەزانێ ئێستە هەموو شت کۆتایی دێت و شوێنی ئامێری چاپەکە دەزانن و دەیدۆزنەوە. بەوجۆرە ئەو دەبێت بەهۆکاری گرتنی نووسەری هاورێ و خۆشەویستی ژیانی. بۆیە بە ڕۆبی گەرماوەوە بەرەو شەقامەکە ڕادەکات و خۆی دەخاتەژێر ماشینێکەوە. واتە هەوڵی خۆکوشتن دەدات و بەشێوەیەکی سەخت بریندار دەبێت. بێهۆش دەکەوێت. شتی چاوەڕواننەکراو لەم دیمەنی کۆتاییەدا، ئەوەیە، شوێنی ئامێری چاپەکە هەیە، بەڵام ئامێرەکە خۆی نییە. ئەمە کارێکە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد. بەمکارە هەمووان سەرسام دەبن. پاشان ئەفسەری وەزارەتی ئاسایش بێئەوەی بەڵگەی بەدەستەوە بێت دەزانێ کە گێردفیزلەر ئەوکارەی کردووەو ئەو نووسەرەی لەبەڵایەکی گەورە ڕزگارکردووە.



گرتەیەک لە فیلمەکە

بەراستییش هەروەهایە ئەو پیاوە بەرلە پیاوانی ئاسایش فریای لادانی ئامێری چاپەکە دەکەوێت، بێئەوەی کەس هەستی پێبکات. بەڵام ڤیزلەر-ی خێرخواز لەسۆنگەی ئەوکارەیدا لەلایەن ئەفسەری بەرپرسییەوە لەکار دوورەدەخرێتەوەو لەکارێکی وەرسکەری پۆستەچێتیدا دایدەنێت و لەدوادیداریاندا بە ڤیزلەر دەڵێ:

«تا خانەنشین بوونت دەبێ ئەوکارە بکەیت».

بەڵام قسەی ئەو ئەفسەرە وەها دەرناچێت. ئەو ئەفسەرە دوورنەبینە چاوەڕوانی ئەوە نییە سیستەمەکەی هەڵوەرێت. کەچی پاش چەند ساڵێکی کەم لەم بەسەرهاتە سیستەمی ئەڵمانیای رۆژهەڵات هەڵوەری، رزی. ئەو سیستەمە روخا و نەما.

پاش نەمانی ئەو سیستەمە، ئێوارەیەک لە یەکێک لەشانۆکانی شاری بەرلین، گێئۆرگ درێیمان-ی نووسەر و برونۆ هێمبف-ی کۆنە وەزیری رۆشنبیری پێکەوە تەماشای شانۆگەرییەک دەکەن. شانۆگەرییەکە دەقێکی کۆنی نووسەرە. پاشان لەسالۆنی شانۆکە، کاتێک یەکتردەبینن، نووسەرەکە لە کۆنە وەزیر دەپرسێ:

«بۆ ئەوەندە چاودێری منتان دەکرد؟»

وەزیر بەنووسەرەکە دەڵێ: «بەڵێ دەمانکرد و ئاگاداری هەموو شت بووین. هەموو شت لەژێر کۆنترۆڵدابوو. تەواوی ماڵەکەتمان وایەرپێژکردبوو. جارێک تەماشایەکی ژێر کاغەزی دیوارەکانت بکە. تەنانەت دەمانزانی کە خۆشەویستە نازادارەکەیشت تێر ناکەیت.»

ئەو کارە نووسەرەکە دەهەژێنێ و یەکسەر دەچێتەوە ماڵ و دەبینێت بەڵێ وەهایە، بەڵام پاش چی؟.

لەئەنجامی هەوڵ و گەڕان لەناو ئەرشیفی کۆنی کاری سیخوڕی سیستەمی رۆژهەڵاتدا، نووسەرەکە بۆی دەردەکەوێ ئەوەی بەردەوام بەرپرسی چاودێرکردنی ئەم بووە کەسێکە بەناوی نهێنی. (HGW XX/7).

دیارە بۆ نووسەرەکە ئەوەیش ئاشکرا دەبێ رۆڵی ئەو پیاوە لەپاراستنی ژیانی ئەمدا زۆر گەورەبووە.

پاش دووساڵ گێئۆرگ درێیمان-ی نووسەر رۆمانێک بڵاودەکاتەوە. رۆمانێک بەناوی «سۆناتاکانی مرۆڤگەلی باش» و رۆمانەکە بەمجۆرە پێشکەش دەکات:

(HGW XX/7).

بەسوپاسەوە پێشکەشە بە یەکێک لەکتێبخانەکانی بەرلین گێردڤیزلەر پۆستەری کتێبەکە بەجامخانەوە دەبینێت. دیارە ئەو نووسەرە بۆ ئەم پیاوە کۆنەچاودێرە زۆر ناسراوە. دەگەڕێتەوەو دانەیەک هەڵدەگرێت. کاتێک تەماشای ناوەکەی دەکات پێشکەشکردنەکە دەبینێت. کە دەچێت پارەکەی بدات، فرۆشیارەکە لێی دەپرسێت:

«بەکاغەزی دیاری بپێچمەوە؟»

ئەو وەها وەڵام دەداتەوە:

« نەخێر بۆ منە؟ یان بۆ خۆمە.»

ئاستی هونەری

هەرچەندە بودجەی ئەمکارە، بەبەراوورد لەگەڵ گەورەیی بەرهەمەکەدا، زۆر کەمبووە و وەک پێویست بەشی کارەکانی نەکردووە، بەڵام دەرهێنەر توانی فیلمێک بەرهەمبهێنێت ناوبانگی جیهانی بۆخۆی و کارەکەی مەیسەر بکات. هەروەها جارێکی دیکە ئەو دەرهێنەرە بەژیانی ئەوانیتر-ەوە فیلمی ئەڵمانی بردە نێو رووبەری جیهانی سینەماوە. زۆرینەی رەخنەو هەڵسەنگاندنەکانیش لەسەر ئەوە کۆکبوون دەرهێنەر فلۆریان هێنکەلفۆن دۆنەرسمارک فیلمێکی نایابی بەرهەمهێنانەوە. بۆیە ئەم بەرهەمە لەئاستێکی هونەری وەهادایە بێ چەندوچوون هاوشانی کارە نایابەکانی مێژووی سینەمایە.

* دێر شپیگل:

یەکێکە لەگۆڤارە گرنگەکانی ئەڵمانیا و ئەورووپا. گۆڤاری هەواڵ و شرۆڤەیە. هەفتەییەو رۆژانی دووشەمە دەردەچێت. یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٧/١/٤دا دەرچووە. هەر ژمارەیەکی ٨٧٢, ٠١٢, ١ دانەی لێدەفرۆشرێت. ٥, ٩١ ملیۆن خوێنەری هەیە. لەلایەن رودۆلف ئاوگستاین (١٩٢٣-٢٠٠٢)ەوە دامەزراوە. لەئێستەدا گێئۆرگ ماسکۆلۆ و ماتیاس مولەرفۆن بلومەنکرۆن سەرنووسەری گۆڤارەکەن.

«لە هیچ پەشیمان نیم»

کریستاڵ: درێژەپێدەری ڕێگای دەشنێ و لۆکە نیم



وارفین تایبەت:

کچێکی خوێنشیرینی کوردەو لە سلێمانی دادەنیشێ، دەستپێک و سەرەتای کارەکانی نواندن بوو لە کۆمەڵێک دراماى جوان و دانسقەو جەماوەری. ئەو لەئێستادا نوێترین ئەلبووميی خۆی بڵاوکردۆتەوەو وەک ڕاشیدەگەیەنێ لەگۆرانیوتن و نواندن بەردەوام دەبێ، ئەو هونەرمەندە کریستاڵیگۆرانیبێژە.

وارفین: **لە کانی نواندنەوە بۆ کریستاڵی گۆرانیبێژ، بۆ؟**

– **کریستاڵ:** هەستەکەم هەردوو بەهرەکەم تێدایە، هەم توانای نواندم هەیە هەمیش گۆرانیبێژم، بۆیە هەتا پێبکرێ هەردوو بەهرەکە پەرەپێدەدەم و لەو ڕێگەیەشەوە خزمەت بە میللەتەکەم و جەماوەرەکەم دەکەم.

وارفین: **هەڵکەوت زامیر بەهرەی تۆی دۆزییەوە، یا خۆت هەستت بەو بەهرەیە کردبوو، لەگەڵ هەڵکەوت زامیر پەرەت پێدا؟**

– **کریستاڵ:** بەدڵنیاییەوە خۆم هەستم بەبەهرەکەم کردبوو، بەڵام مامۆستا هەڵکەوت بووە پاڵپشت و هاندەرم بۆ پەرەپێدانی بەهرەی گۆرانی گوتنم.

وارفین: **لەپاڵ گۆرانی گوتندا لەکاری نواندن بەردەوام دەبیت یان نا؟**

– **کریستاڵ:** بێگومان تا بتوانم لەخزمەتکردن بەهونەر بەردەوام دەبم بەنواندن بێ یاخود بەکاری گۆرانی، ماندوونەناس دەبم و درێغی ناکەم.

وارفین: **لەرابوونەوە بۆ ئارەزوو، لەوێشەوە بۆ گۆرانیگوتن ئەم وێستگە هونەرییانەی ژیانت چۆن پەرە پێدا؟**

– **کریستاڵ:** لەرابوونەوە بۆ گەردەلوول و پاشان بۆ ئارەزوو و دواتر گۆرانی، بێگومان ئەمانە هەمووی بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و بەهاوکاری کەسە نزیکەکانم بەتایبەتی دایک و خوشکەکانم پەرەمپێداوە.

وارفین: **لەپێناسی عەشق و کوڕا تۆ چیدەڵێی؟**

– **کریستاڵ:** لەئێستادا من عاشقی کەسێکی دیاریکراو نیم، چونکە عەشق تەنیا بۆ ڕەگەزی بەرامبەر نییە، من هەمیشە عەشقی نیشتیمان و هونەرەکەم لەڕوحمایە.

وارفین: **لە هونەرمەندە کوردەکان بە دەنگی کێ سەرسامی؟**

– **کریستاڵ:** هەر دەنگێک ڕامبکێشێت و کاریگەری لەسەرم هەبێت بێگومان گوێی لێدەگرم.

وارفین: **تۆ دەبیتە درێژەپێدەری لۆکەو دەشنێ و ناسلی و نلیسا، یان کریستاڵ دەبی؟**

– **کریستاڵ:** بێگومان من کریستاڵ دەبم و خاوەنی شێوازو ستایلی خۆمم.

وارفین: **چەند هەوڵتداوە کار لەتێکستەکانی کاردینا بکەی؟**

– **کریستاڵ:** ئەگەر کرا پێمخۆشە لەداهاتوودا تێکستی کاردینای خوشکیشم بەکاربهێنم.

وارفین: **کریستاڵ ئیدی خۆی بۆ هونەر تەرخانکردووە، یا زەواج لەهونەر دایدەبڕێنێ؟**

– **کریستاڵ:** جاری زووە بۆ زەواج من سەرقاڵی هونەرم.

وارفین: **گۆڵە سوورە بەردەوامەکەی دەستت پێشکەش بەکێ دەکەی؟**

– **کریستاڵ:** بەردەوام گۆڵە سوورەکەی دەستم بۆ دایکمەو پێشکەشی ئەوی دەکەم.

وارفین: **کەم بەجلی کوردییەوە دەبینرێی، حەزی لێناکەی یا هۆکاری دیکە هەیە؟**

– **کریستاڵ:** جلی کوردیم پێ جوانەو ناوبەناو لەبۆنەکاندا دەیپۆشم.

وارفین: **لە ژیانتدا لەچی پەشیمانی؟**

– **کریستاڵ:** شتێکی ئەوتۆ شک نابەم تا لێی پەشیمان بم.

وارفین: **شانازی بە چییەوە دەکەی؟**

– **کریستاڵ:** شانازی بە دایکم و هونەرەکەمەوە دەکەم.

وارفین: **لەگەڵ کاردینا چی بەیەکەوەتان دەبەستێتەوە؟**

– **کریستاڵ:** من و کاردینا جگە لەوەی خوشکین، دوو هاوڕێین و بیروڕاکانمان لەیەکەوە نزیکەو هەمیشە هاوکاری یەکترین و وەک دوو هونەرمەندیش کارمان پێکەوە کردووەو زۆر یەکترمان خۆشدەوێ.

وارفین: **لەڕووی جلوبەرگ و مکیاژەوە بایەخێکی زۆر بەخۆت دەدەی بۆ ئەی ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆت؟**

– **کریستاڵ:** لە کلیپەکاندا شێوازی ستایل و مکیاج دەگۆڕێ، بەڵام لە ژیانی ئاساییمدا زۆر سادەم و حەز بەمکیاژی زۆر ناکەم.

وارفین: **لە کلیپیشدا هەر وەک ئەکتەرێکی جوان دەبینرێی، ئەمە پێماندەڵێ کە تۆ ئەکتەر و گۆرانیبێژی؟**

– **کریستاڵ:** بەدڵنیاییەوە، من پێشتر کاری نواندنم کردووەو تێیدا سەرکەوتوو بوومە، بۆیە ئێستاش لە کلیپەکانمدا کە نواندن دەکەم دەتوانم سەرکەوتووانە بەئەنجامی بگەیەنم.

وارفین: **بڕیارتداوە تا ئەبەد لەگەڵ هەڵکەوت زامیر کاریکەی؟**

– **کریستاڵ:** مامۆستا هەڵکەوت ئاوازدانەر و هونەرمەندێکی زۆر بەتوانایە خۆشحاڵدەبم بەوەی بەردەوام بەیەکەوە کار بکەین.

www.hetawe.com

شۆڕشی یاسەمین بەبێ بەشداری کارای ژنان بەتەواوی ئامانجەکەی ناپێکێت

لەچەند ساڵی ڕابردوودا ژنانی تونس توانییان دەستکەوتی مەزن بەدەستبهێنن و ئەو ڕەوشەی لەوێ بۆ ژنان ڕەخساوە، هۆکارەکەی بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی خودی ژنان و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و شێوازی مامەڵەی تونسییەکان لەگەڵ پرسە دیموکراتییەکاندا. بەتایبەتی لەبواری یاسای باری کەسێتییەوە، هیچ ژنێکی ناوچەکە لەڕووی بەدەستهێنانی مافەکانی نەگەیشتووەتە ئاستی ژنانی تونس و بێگومان ئەمەش بەری ڕەنج و ماندووبوونی خۆیانە.

ڕێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی لەتونس لەئاستێکی هۆشیاری بەرزدان لەناو قوواڵیی تۆپژە جیاجیاکانی گەلەکەیاندان و نزیکن لەخواست وپێداویستیەکانیانەوە توانیویانە ڕێزو متمانەی گەلەکەیان بەدەست بهێنن و کاریگەرییەکی زۆریان هەبێت لەسەربەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی دیموکراتی لەوڵاتەکەیاندا.

ئەمەش لەڕاپەڕینی گەلی تونسدا بەئاشکرا دەرکەوت و خەڵکی ئەو وڵاتە ڕووە شارستانیەکەی خۆیان پیشاندا و لەمیانەی ڕاپەڕینەکەیاندا دروشمە ڕوونەکانیان کە بریتیبوون لەچاکسازی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی دیموکراتی و نان و ئاو هێمای بەرزی ئاستی هۆشیاری خەڵکی ئەو وڵاتە بوون. ئێمە لەڕێگەی شاشەکانەوە بینیمان چۆن ژنانی تونس لەڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندان بوون و دوای ڕۆیشتی بن عەلیش ژنان زۆر کارا بەشداریان لەپاککردنەوەی شەقامەکاندا کرد. لەئێستاشدا هەموو دەرگایەک بەڕووی تونسدا کراوەتەوەو هەندێک لایەن دەیانەوێ بەدروشمی سیاسی جۆراوجۆر خۆیان بخزێننە ناو ڕاپەڕینەکە، هەست بەوە دەکرێ کە هەوڵێک لەئارادایە بۆ دزینی بەرهەمەکەی، پێموایە گەلی تونس دەرکی بەو ڕاستییە کردووەو هۆشیارە.

هەندێک لەو هێزانەی، هاتوونەتەوە هێزی ئیسلامین، هەروەها ئەو حکوومەتەی پێکهێنراوە، زۆرێک لەبەرپرسانی ڕژێمی پێشووی تێدایەو ئەمانەش دڵەڕاوکێیەکیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، ئایا ئەو ئەندامانەی ڕژێمی پێشوو کە ئێستا ملیانداوە بۆ داوای خەڵک، لەداهاتوودا پاشگەز نابنەوە، ئایا ئەو هێزانەی هاتوونەتەوە لەدژی ئازادی کارناکەن، بەڵام ئەمە نامانگەیەنێتە ڕادەی ڕەشبینی و من لێرەوە گەشبینم، چونکە گەلی تونس گەلێکی شارستانین. ڕێگە بەگەڕانەوە بۆ دواوە نادەن.

لێرەوە هەمووان لەسەرئەو دروشمە کۆکن، کە دەڵێ»شۆڕشی یاسەمین بەبێ بەشداری کارای ژنان بەتەواوی ئامانجەکەی ناپێکیت». وەک یەکێک لەژنە چالاکوانەکانی تونس باسیکرد، ژنی تونس تەنیا هەڵگری گوڵی یاسەمین نییە، بەڵکو ئەو زەحمەتی کێشاوەو درکیشی لەدەستدا بووە. جێگەی تێبینییە کە دروشمەکانی ئەو ڕاپەڕینە دروشمی گشتین و دەربڕی خواستەکانی قووڵایی کومەڵگەن و بۆ بەختەوەری و خوشگوزەرانی سەرجەم کومەڵانی خەڵکن. بۆ سوودی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەن.

لەکاتی خۆیدا یەکێک لەو یاسایانەی کە ئێمە سوودمان لێبینی بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لەهەڕێمی کوردستاندا، یاسای باری کەسێتی تونس بوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار نەمانتوانی تائاستی ژنانی تونس مافەکانی ژنان لەناو یاساکەدا جێگیر بکەین.

ئێمەی ژنانیش لەهەڕێمدا وێڕای ئەوەی بەدەستێک گوڵە وەنەوشەمان بۆ ژیان پێبووە، لەهەمانکاتیشدا بەدەستەکەی دیکەمان خەباتمان کردووە بۆ پارێزگاری لەبوون و مان و بەرەوپێشبردنی ژیانی دیموکراتی لەوڵاتەکەماندا وبەدیهێنانی گوڕانکاری قووڵ بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کومەڵایەتی و بەرەوپێشبردنیکۆمەڵگەکەمان.

ئێمەی ژنانی کوردستان پێویستە سوود لەئەزمونی دیموکراسی خەڵکی دیکە وەرگرین. بەهەرەمەندبین لەتێکۆشانی ژنانی تونس و بەخستنەڕووی پڕۆژەی پێویست هەوڵی بەرەوپێشبردنی پرسەکانمان بدەین. بەشێوازێکی ژیرانەو گونجاو لەگەڵ خواستی هەڵکشانی دیموکراتی، بەبێ تووندڕەوییەک کە ببێتە مایەی پاشگەزبوونەوە لەوەش کە بەدەستهاتووە.

هەروەها پێویستە ژنانی ئێمە خۆیان نەخزێننەناو تونێلی ئایدۆلۆژی ئەوتۆ کە زیان لەپرسەکەیان دەدات و نابێ بەچەقبەستن رازیبن. لەوەشدا گەشبینم و بڕوام بەهەموو دیموکراسیخوازو چالاکوانێکی ڕاستەقینەی بواری مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی هەیە. هەروەها ئێمە دەبێ هەنگاوی گەورەتر بنێین و پاشەکشێ بەهیچ شێوەیەک قبووڵ نەکەین و هەمیشە بەرەوپێشەوە بەدەستێک گوڵی وەنەوشەو بەدەستەکەی دیکە، کار بۆئاوەدانکردنەوەی وڵات و پتەوکردنی دیموکراتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری کومەڵایەتی بکەین.



پەخشان زەنگەنە

تێبینی:
دەقی ئەم وتارە، لە بنەڕەتدا گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانییە، لەگەڵ خاتوو پەخشان زەنگەنە سازکراوە.

www.nefewe.com